# ئایینناسی

CFS

گۆڤارێکی وەرزییە گرنگی بە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

ژمارە (١) ساڵی یەکەم، کانونی دووەمی ٢٠٢٣


- مەرجەعیەتی شیعە و نەخشەی دابەشبوونیی لە نێوان نەجەف و قوم
- دەسەڵاتی ئایینی و سیاسی وەقفە ئیسلامییەکان لە عێراق
- ئەو پەڕی خواناسی، میانڕەوییە، گەڕانەوەیەکی خێرا بۆ ئیبن عەرەبی
- ئیسلامناسی کێشە گەورەکە
- د.سەباح بەرزنجی..گفتوگۆ





مێژگرد: کورد و ئایینناسی

# وەرزنامەی
# ئایینناسی

Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

ژمارە (١)، ساڵی یەکەم، کانونی دووەمی ٢٠٢٣

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
سەرنووسەر: ئیدریس سیوەیلی
بەڕێوەبەری نووسین:
ئارام مەحموود

بۆردی ڕاوێژکاران:
د.یوسف گۆران
د.عابد خالد رسول
د.ئومێد رفیق فتاح
د.هەردی مەهدی میکە
د.فاروق عبدول

نەخشەسازی: شاهۆ عەبدوڕەحمان

شوێن:
عێراق-هەرێمی کوردستان-سلێمانی
Address: Iraq - Kurdistan-Slemani
Tel: +٩٦٤ (٠) ٧٧٣ ٨٣٦ ٣٧٥٨ - +٩٦٤ (٠) ٧٥١ ٨٣٣ ٩١٣٥

ناونیشانی ئەلیکترۆنی
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Twitter: cente_rfs
Email: info@center.org

وەرزنامەی

# ئایینناسی

# ناوەڕۆك


سەروتار ■ گۆڤاری ئایینناسی بۆچی؟.......٧-٨
| د.یوسف گۆران

توێژینەوە ■ مەرجەعیەتی شیعە و نەخشەی دابەشبوونیی لە نێوان نەجەف و قوم.......١١-١٩
| یاسین تەها

■ ئیسلامناسی کێشە گەورەکە.......٢١-٣١
| ئەبوبەکر عەلی (کاروانی)

■ ئەو پەڕی خواناسی، میانڕەویە، گەڕانەوەیەکی خێرا بۆ ئیبن عەرەبی.......٣٣-٥١
| جەمال حسێن

وەرگێڕان ■ دۆسیەی ڕێکخراوی داعش لە سوریا و عێراق.......٥٥-٧١
| و: ئیدریس سیوەیلی

■ دەسەڵاتی ئایینی و سیاسیی وەقفە ئیسلامییەکان لە عێراق.......٧٣-٩٥
| ن: حارس حەسەن | و: عومەر ڕەشید

■ ڕیشە فیکرییەکانی تاڵیبان و قاعیدە.......٩٧-١٠٦
| ئەحمەد ئەلڕەمح – توێژەری ئیسلامی سیاسی
ئامادەکردن و وەرگێڕان: ئەژی ئازاد ئەبوبەکر

گفتوگۆ ■ د. سەباح بەرزنجی: ڕواڵەتگەرایی بووەتە هۆی کورتکردنەوەی پەیامی دینداریی لە وتاری تۆقێنەر و فەتوای ئامادەکراوی ئەودیوی سنوور.......١٠٩-١١٣
| گفتوگۆی: ئیدریس سیوەیلی

مێزگرد ■ کورد و ئایینناسی مێزگرد.......١١٧-١٣٦
ئامادەکردنی: وەرزنامەی ئایینناسی

ڕانانی کتێب ■ ڕانانی کتێبی سەلەفیزمی نوێ و بەجیهانی بوونی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
نووسین: ئەمیر عەباسی خوشکار | وەرگێڕان: ئارام مەحموود ئەحمەد.......١٣٩-١٤٣

زاراوەناسی ■ جێنشینایەتی، بە کافردانان.......١٤٧-١٤٩
| د. فاتیح سەنگاوی

# گۆڤاری ئایینناسی بۆچی؟



د.یوسف گۆران

گۆڤاری (ئایینناسی) بەرهەمێکی تری نوێی زنجیرە گۆڤارە تەیبەتمەندەکانی (تخصص) سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەییە. کە ماوەی نزیکەی پێنچ (٥) ساڵە (٢٠١٨-٢٠٢٢) دەیان بڵاوکراوە و سێ گۆڤاری بڵاوکردووەتەوە. ئەم گۆڤارەش (ئایینناسی)، دەبێتە چوارەم گۆڤاری ئەم سەنتەرە، کە بێگومان لە ڕووی ئەکادیمی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵگاییەوە خزمەتی ئەم بوارە گرنگە دەکات.

دیارە تەرخانکردنی گۆڤارێکی تایبەت بەم بوارە لە ئێستادا، چ لە هەرێمی کوردستان و چ لە وڵاتانی تری ناوچەکە و جیهان، جێی مشتومڕ و لێکۆڵینەوە و تەنانەت ململانێی فراوانە و ئێستای کۆمەڵگای کوردستانیش زۆرتر لە جاران پێویستی پێیەتی. بەم شێوەیە گرنگە ئەم هەنگاوە بوێرەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی پاڵپشتی و پشتیوانی لێ بکرێت و ئەو نووسەر و لێکۆڵیارانەی بایەخ بەم پرسە دەدەن و خاوەنی بۆچوون و ڕای جیاوازن لەم بوارەدا، ئەم گۆڤارە بەشوێنی خۆیان بزانن بۆ برەودان بە کولتووری گفتوگۆ لەبارەی ئایینناسی و پێگە و ڕۆڵی ئایین لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.

گۆڤاری ئایینناسی تایبەتمەند نییە بە لێکۆڵینەوە لە ئایینێك، یان ئایینزایەکی دیاریکراو، هەروەها پرسی ئیمان، باوەڕی ئایینی، خودی ئایینەکان، جێگا و بواری لێکۆڵینەوەی ئەم گۆڤارە نین. ئەم گۆڤارە هەوڵ دەدات زیاتر لەو دیاردە و کایانە بکۆڵێتەوە کە بەناوی ئایینەوە دەردەکەون، یان لەبەر هەر هۆیەك بێت بەرگی ئایینی لەخۆدەگرن، یان کاریگەی ئایینیان پێوە دیارە بە هەردوو ڕەهەندی ئەرێنی و نەرێنییەوە.

هەوەها لەلایەکی ترەوە گرنگە یەکێك لە ئەرکەکانی تری ئەم گۆڤارە ئەوە بێت کە برەو بە خوێندنەوەی فرە ڕەهەندی وردتری: کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەپستمۆلۆجی، مێژویی و سیاسی، بۆ ڕەوت و ڕێکخراو و دیاردە ئایینییەکان و کارکردنیان لە کایەی گشتی کۆمەڵگاکان بە گشتی و کۆمەڵگای کوردستانی

بە تایبەتی بدات. بەم شێوەیە سوود وەرگرتن لە سەرجەم میتۆد و زانستە سەردەمییەکان بۆ گەشەپێدان بە ئاستی تێگەیشتنمان لە دەقە ئایینییەکان و ئەو کولتوورە مەزن و دەوڵەمەندەی بواری ئایینناسی بەجێهێشتوە ئەرکێکی قورسە، کە گرنگە بەڕێوبەرانی ئەم گۆڤارە کاری جیدی لەسەر بکەن.

لە کۆتاییدا هیوادارین ئەم گۆڤارە ببێتە مینبەرێکی کراوە و میانڕە و بۆ قسەکردن و لێکۆڵینەوەی زانستی و عەقڵانیانە لەسەر ئەم کایە گرنگەی کۆمەڵگا و جێگەی سەرجەم قەڵەمە جیاواز و بوێرەکانی تێدا ببێتەوە و بەدوور بێت لە لێکۆڵینەوە و تێڕوانینی بەرتەسك و تاك ڕەهەندی فیکری سیاسی، سەرەنجام توانای ئەوەی هەبێت لە پێناو خزمەتی بوار و چاکەی گشتی و گەشەسەندنی کۆمەڵگایی و نیشتمانیی دەرگایەکی تر بەڕووی ڕۆشنبیران و نووسەران و ڕەخنەگرانی ئەم کایەیە بکاتەوە.

# توێژینەوەکان

# مەرجەعیەتی شیعە و نەخشەی دابەشبوونیی لە نێوان نەجەف و قوم

یاسین تەها

## دەستپێك:

مەرجەعیەت دامەزراوەیەکی ئایینی هەڵسوڕێنەرە لە ناو پەیڕەوانی شیعە، سروشتی پێکهاتەکەشی وەهایە تاکە کەسێکە لە شێوەی دامەزراوە، هەروەها بە جوگرافیا و وڵاتێکی دیاریکراویشەوە پەیوەست نییە، بەڵام فاکتەرە مێژویی و جیۆپۆلەتیکییەکان لە سەردەمی جیاوازدا سەنگ و قورسایی بە هەندێکیان بەسەر ئەوی تردا بەخشیوە. ئەم بابەتە هەوڵێکە بۆ هەڵوێستە لەبارەی چەمکی مەرجەعیەت و جوگرافیای دابەشبوونی لە نێوان هەردوو حەوزەی نەجەف و شاری قوم.

## بۆشایی مەهدی

بیرۆکەی مەرجەعیەت لە ئایینزای شیعەدا بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ئیمامی دوازدەیەمی کۆتا زنجیرەی ئیمامەتی شیعەیە (المهدي)، کە بەپێی بیروباوەڕی ئەم تائیفەیە لە ئێستادا پەنهان و غەیبە، تا ئەو کاتەشی سەر لەنوێ دەردەکەوێتەوە، ئەوە پەیرەوانی شیعە لەسەریان فەرزە بۆ ڕاییکردنی کاروباری ئایینی خۆیان بگەڕێنەوە بۆ ئەو شەرعزانانەی پلەی موجتەهیدیان هەیە لە هەڵهێنجانی حوکمەکانی شەریعەت، یان ئەوانەی مۆڵەتیان هەیە بۆ فەتوادان و پلەکەیان «عەللامە» و «ئایەتوڵلا» یە.

لە سەرچاوە عەقیدەییەکانی شیعەدا، ئیمام مەهدی ڕابەر و پێشەوای کۆتاییە لە زنجیرەی ئیمامەت، غەیب بوونیشی دوو قۆناغی هەیە؛ یەکێکیان کاتی و بچووك بووە (الغيبة الصغرى)، ئەوی تر درێژخایەن و تا کۆتایی دنیایە (الغيبة الكبرى)، لە غەیب بوونە بچووکەکەشدا پەیرەوانی شیعە گەڕاونەتەوە بۆ سەر چوار کەسایەتی کە بانگەشەی بریکاری و نوێنەرایەتی ئیمام مەهدی کوڕی حەسەنی عەسکەری-یان کردووە و بە «السفراء الأربعة» لە ناو شیعەدا ناسراون[١]، ئەم چوار کەسە (عثمان سعيد العمرى، محمد عثمان سعيد العمرى، الحسين روح النوبختى، وعلى محمد السمرى)، نزیك لە حەفتا ساڵ مەرجەعی شوێنکەوتەکانی ئایینزای شیعە بوون، ئەویش لە پاش مردنی ئیمام حەسەن عەسکەریی باوکی مەهدی ساڵی ٢٦٠ ك _ ٨٧٤ز لە عێراق و ئەسپەردەکردنی لە سامەڕا، کە شیعەکان باوەڕیان وایە ژەهرخوارد کراوە.[٢]

بە مەرگی کۆتا کەس لەو چوار نوێنەرەش ساڵی ٣٢٩ ك_ ٩٤١، قۆناغی باڵیۆزەکانی مەهدی کۆتایی دێت، ئەمەش بوو بە دەستپێك و سەرەتای سەرهەڵدانی مەرجەعیەت لەناو جیهانی شیعە، کە بریکار و نوێنەری ئیمامی زەمانن (المهدي)، بەڵام بەشێوەیەکی دوورتر لە نوێنەرایەتی و نامەبەریی ڕاستەوخۆ[٣]. چونکە پاش بزربوونی بچووك، بزربوونی گەورە و یەکجاریی مەهدی دەستپێدەکات و ساڵی ٣٢٩ ك_ ٩٤١ز دەستپێدەکات و تا ئەوکاتە درێژە دەکێشێت کە مەهدی دەگەڕێتەوە سەر زەوی لە کۆتایی دونیا بۆ «بەرپاکردنی دادگەری»[٤]، ئەم گەڕانەوەیەش هاوکات دەبێت لەگەڵ کۆتاییهاتنی دنیا، ئەمەش بیرۆکەی ڕزگارکەر (المخلص) و چاوەڕوانی کردنییەتی لە ئاسمانەوە.

هەرچەندە مێژووی سەرهەڵدانی مەرجەعیەت و دەزگا ئایینییەکانی شیعە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زایینی لە بەغدا،

بەڵام لە سەردەمی سەفەویەکاندا لە ئێران لە سەدەی شانزەدا زیاتر پەرەیسەندووە و گەیشتووەتە لوتکە و بەر لە سەردەمی سەفەوی مێژووی مەرجەعیەت ناڕوون و تێکەڵ و پێکەڵە و وێنەیەکی ڕوون نادات بە دەستەوە.

## سەرهەڵدانی مەرجەعیەت

مەرجەعەکان، کە جێگرەوەی نوێنەرەکانی مەهدی (السفراء)ن، بە گوێرەی ئاست و شارەزایی و پێگەکەیان، نازناوی تایبەت بەخۆیان هەیە، کە لە نێوان «ئایەتوڵڵا» و «ئایەتوڵڵای عوزما»، مێژووی بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مەغۆلەکان و بۆ یەکەمجار بۆ ڕێبەر و لێکۆڵەری شیعە «ابن المطهر الحلي» بەکارهاتووە کە لە سەدەی چواردەیەمی زایینی ژیاوە (م. ١٣٢٥ز)[٥]، بەم پێیەش سەرهەڵدانی شتێکی تازە و نوێیە لە سەردەمی ئیمامەکانی شیعەدا نەبووە. شوێنکەوتنی مەرجەع و تەقلیدکردنی فەتواکانی ئارەزوومەندانە نییە و ناچارییە، بە پێی گێڕانەوەکانی شیعە هەرکەس لاری لێی هەبێت ئەوە تانەی لە حوکمی خوا داوە[٦]، ئەم شوێنکەوتنەش نامۆ نییە بە کولتووری مەزهەبە ئیسلامییەکان کە سەردەمێکی زۆر شوێنکەوتنی سەرمەزهەبەکانیان بە واجب و پێویست زانیوە، بەو پێیەی هیچ کەس ناتوانێت ڕاستەوخۆ لە ئەحکامەکانی شەریعەت بگات بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕاڤە و هەڵهێنجانی ئەو پێشەوایانە، بەڵام لەناو شیعەدا زیاتر جەختی لێ کراوەتەوە و بەبێ ئەوە ئاینداری و خەرجکردنی زەکات و مافە شەرعییەکان جێبەجێ ناکرێت.

لە ئاینزای سوونەدا شەرعزانەکان زۆرجار لایەنگری دەسەڵاتدارن، یان لانیکەم لەگەڵیدا هەڵدەکەن و خۆیان بەدوور دەگرن لە بەریەککەوتنی، بەم جۆرەش زۆرکەم وەك ڕکابەر، یان سەربەخۆ لە دامەزراوەی حوکمڕانی دەردەکەون، بەڵام لە ناو شیعەدا مەرجەعەکان خاوەن شوناس و تایبەتمەندی و تەنانەت ئابووری سەربەخۆی خۆشیانن، چونکە ئەوان جگە لە دەسەڵاتی ڕۆحی، پارەی خومس و مافە شەرعییەکان (کەفارەتی سوێند و خێر و نەزر) لە خەڵکی باوەڕداری شیعە کۆدەکەنەوە، لەوانیشەوە جارێکی تر بەسەر هەندێك لەو چین و توێژانەدا دابەش دەبێتەوە کە شایستەن، یان هەژارن، بەم هۆیەشەوە باکیان بە دەوڵەت نییە و سەربەخۆ و دەستکراوەن لە هەڵوێست و مامەڵەکردن[٧]

سروشتی مەرجەعیەتیش وەهایە کە یەکگرتوو نییە، بەو مانایەی دەکرێت لەیەك کاتدا چەند مەرجەعێك

لە گۆڕەپانی شیعیدا هەبن، ئەم حاڵەتەش ئەگەرچی لە ڕووی تیۆرییەوە زۆر پەسەندکراو نییە، بەڵام بەو پێیەی بووەتە واقیع، سەدان ساڵە بە ناچاری مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، هەندێك لە شەرعزانە شیعەکانیش هەوڵیان داوە لایەنە ئەرێنییەکانی ئەم فرە مەرجەعییە زەق بکەنەوە، وەك ڕێگری لە پیرۆزکردنی تاکە کەس و بە مەعسوم زانینی مەرجەعێك، کەڵك وەرگرتن لە جیاوازی دیدگا و بیرکردنەوە جیاوازەکان بۆ گەیشتن بە بڕیاری دروست، بەهەڵەدا نەچوون لە بڕیار و حوکمە گرنگەکان و هەر ئەم فرەییەشیان بە هۆکاری زیندوو مانەوەی فیقهی ئیمامی داوەتە قەڵەم [٨]، بەڵام ئەمە زیاتر وەك پاساو هێنانەوەیە، ئەگەرنا گوتاری یەکدەنگی و یەك ڕەگی سیمایەکی زاڵتر لە هەردوو ئەدەبیاتی شیعە و سوونەدا بەرمەبنای ئەو دەقی ئایەت و فەرموودانەی کە باس لە یەکێتی و یەکڕیزی و دوورکەوتنەوە لە پەرتەوازەیی دەکەن.

## مەرجەکانی مەرجەعیەت

ئەوانەی سیفەتی مەرجەعیان پێدەدرێت و خەڵك شوێنیان دەکەون، پێویستە چەند مەرجێکیان تێدا بێت، لەوانەش شیعەی ئیمامی بوون، نێر بوون بەو مانایەی ژن نابێت، عەدالەت، ئیجتیهاد کە کۆشش کردنە بۆ هەڵهێنجانی حوکمی شەرع، لەگەڵ مەرجی زانایی لە ئەحکامی دین و لە کاتی زۆریی ژمارەی مەرجەعەکانیشدا زاناترینیان دەبێتە سەر مەشق و ڕێبەر و باڵا [٩]، بەڵام بەهۆی ئەوەی دیاریکردنی زاناترین و پێوەرەکانی ئەو دیاریکردنە شتێکی کۆنکرێتی نییە و ڕاجیایی زۆر هەڵدەگرێت، بەتایبەت کە لقەکانی شەرعزانی و عەقیدە زۆرن، هەمیشە جیاوازی لەنێوان پەیڕەوانی شیعەدا هەیە بۆ دیاریکردنی زاناترین و هەر ئەمەش هۆکاری پەرتەوازە بوونیانە بە سەر چەند مەرجەعیەتێکی جیاوازدا، کە هەریەکە لەوانە بانگەشەی زاناترین دەکەن و هەر کۆمەڵە کەسێکیش شوێن یەکێك لە مەرجەعە دڵخوازەکانی خۆیان دەکەون و ئەوانەیان پێ زاناترینە.
مەرجەعەکان لە ئایینزای شیعەدا وەك ئیمامەکان، مەعسوم نین و دەشێت بکەونە هەڵەوە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ڕەخنە لێگرتن و هێرشکردنە سەریان کارێکی ڕەوا و ڕێگە پێدراو نییە، مەگەر ڕەخنەکان کۆمەڵێك مەرجیان تێدا بێت، کە بریتین لە: بابەتی بوون، شەرعی بوون، شایستەیی و لێوەشاوەیی کەسی ڕەخنەگرە، بە جۆرێك ئاستێکی هەبێت لە مەسەلە شەرعییەکانی پەیوەست بە ئایینزای شیعە، لە کۆتاییشدا دەبێت ڕەخنەکە لە ئەدای مەرجەعەکە

بگیرێت، نەك فەتواکەی، چونکە بەپێی سەرچاوە شیعییەکان فەتوا و هەڵسەنگاندنی کاری شەرعزانەکانە، نەك ڕخنەگران و چاودێران[١٠] بە کورتییەکەی مەرجەعەکان جۆرێك لە پارێزبەندیان هەیە و ڕەخنەلێگرتنیان هەروا کارێکی سانا نییە و لەبەردەم زۆرینەی خەڵکدا کراوە نییە.

**بەر لە سەردەمی سەفەوی مێژووی مەرجەعیەت ناڕوون و تێکەڵ و پێکەڵە و وێنەیەکی ڕوون نادات بە دەستەوە**

## دەسەڵاتەکانی مەرجەع

سەرجەم سەرچاوە و ئاراستە شیعییەکان کۆك و یەکدەنگن لەسەر کارایی دەسەڵاتی شەرعزانە مەرجەعەکان، بەڵام لەسەر سنوری ئەو دەسەڵاتانە ناکۆکی و جیاوازیان هەیە. هەندێکیان لایەنگری ویلایەتی تایبەت و سنوردارن و پەیوەستن بە هەندێك بواری تەقلیدی ئایینییەوە (الولاية المقيدة)، هەندێکی تریان لەگەڵ ویلایەتی ڕەها و گشتگیردان (الولاية المطلقة)، ئەمەش لە ئێراندا پەیڕەو دەکرێت و مەرجەعی باڵای وڵات خاوەن دوا قسەی کاروباری سیاسی و حکومی و ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامییە[١١] ئەم پرەنسیپەش لە دەستووری ئێرانیدا جێگیر کراوە و جگە لە عەقیدە هێزی یاسایی هەیە.

سنورەکانی دەسەڵاتی مەرجەع و شەرعزان لە فیقهی شیعیدا جێگەی مشتومڕن لە نێوان هەر دوو تێزی ویلایەتی فیقهی ڕەها و ویلایەتی سنوردار، بەڵام سەرچاوە شیعییەکان بە گشتی سێ ئەرکی سەرەکیان بۆ شەرعزانی هەڵگری مەرجەکانی مەرجەعیەت دیاریکردووە، ئەوانیش بریتین لە: فەتوادان، قەزاوەت کردن و چارەسەری ناکۆکییەکانی خەڵك، ویلایەت کە کاروباری کارگێڕی و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەگرێتەوە[١٢]. هەر ئەمەش زەمینەی کار و سنوری جموجۆڵی مەرجەعە شیعەکانی ئێستایە و سەرجەمیان بەپێی دەسەڵات و ژمارەی لایەنگرانیان مومارەسەی ئەو ئەرکانە دەکەن کە زۆرجار لەگەڵ سنورەکانی دەوڵەتدا تێکەڵ دەبن.

**شوێنکەوتنی مەرجەع و تەقلیدکردنی فەتواکانی ئارەزوومەندانە نییە و ناچارییە، بە پێی گێڕانەوەکانی شیعە هەرکەس لاری لێی هەبێت ئەوە تانەی لە حوکمی خوا داوە**

## مەرجەعیەتی نەجەف

مێژووی دروستبوونی حەوزەی ئایینی نەجەف و مەرجەعەکەی وابەستەی مێژووی مەزهەبی شیعەیە، چونکە جگە لەوەی شارەکە پایتەختی دەسەڵاتی ئیمام عەلی بووە (٣٥_٤٠ك/ ٦٥٦_٦٦١ز)، نزیکە لە پیرۆزترین پێگەکانی شیعەشەوە، وەك ئارامگای ئیمام عەلی و ئیمام حوسێن و ئیمام عەباسی کوڕی، هەروەها لە نزیك مەڵبەندی غەیببوون و دووبارە دەرکەوتنەوەی ئیمام مەهدی دایە لە ژێر زەمینێکی شاری سامەڕا کە پایەیەکی بنەڕەتی عەقیدەی شیعەگەرییە[١٣]، بەشی زۆری ئەو رووداوە مێژوییانەشی تان و پۆی مەزهەبی شیعە پێکدەهێنن هەر لە عێراق روویانداوە لە شەڕەکانی ئیمام عەلی لەگەڵ نەیارانی و پاشان کوژرانی حسێن و تۆڵەکردنەوەی، هەروەها مەرگی گوماناوی ئیمام موسای کازم لە بەغدا و چیرۆکی مەرگی باوکی مەهدی، کە حەسەنی عەسکەرییە.[١٤]

مێژووی حەوزەی ئایینی نەجەف دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زایینی، لەم کاتەدا بەشی زۆری مەلا و رێبەرە شیعەکان بە هۆی باڵادەست بوونی تورکە سەلجوقییە سوننەکانەوە لە بەغدای پایتەخت بارگە و بنەی خۆیان پێچایەوە بۆ شاری نەجەف. ئەم کۆمەڵە مەلایەی شیعە کە شێخی تائیفەکە (أبو جعفر الطوسي) گەورەیان بوو،ە پەنا و سایەی گڵکۆی ئیمام عەلیان کردووەتە پایتەختی رێبەرایەتی ئایینی خۆیان و لەوێ دەستیان کردووە بە وانە خوێندن و پیادەکردنی سرووتەکانی شیعەگەری[١٥]، ئەمەش بەرەنجامێکی ئاسایی تێڕوانینی شیعەکانە بۆ شارەکە، چونکە بەپێی گێڕانەوەکانیان، نەجەف پێگەیەکی زۆر گرنگی هەیە و پێیانوایە پیرۆزترین خاکە بە لای خوداوە، هەر لەبەر ئەمەش نازناوی «الأشرف»ی پێ بەخشراوە، تەنانەت گێڕانەوە شیعییەکان باس لەوە دەکەن ناشتن و بەخاك سپاردن لە گۆڕستانی ئەم شارە، مردووەکە دەپارێزێت لە سزای ناو گۆڕ، هەر لەبەر ئەمەشە گەورەترین گۆڕستانی لێیە کە ناوی «وادی السلام»ە و موسڵمانی شیعە لە هەرکوێی دنیادا بمرن ئاوات بەوە دەخوازن لە نەجەف ئەسپەردە بکرێن.[١٦]

**مەرجەعەکان جۆرێك لە پارێزبەندیان هەیە و رەخنەلێگرتنیان هەروا کارێکی سانا نییە و لەبەردەم زۆرینەی خەڵکدا کراوە نییە**

پێگە ئایینی و مێژوویەکەی نەجەف بە درێژایی چەندین سەدە کردویەتی

بە مەڵبەندێکی گرنگی شیعەگەری و قوتابخانەیەك بۆ پێگەیاندن و دروستکردنی مەرجەع، لە مێژووی نوێ و هاوچەرخیشدا دوو لە گەورەترین مەرجەعەکانی شیعەی دنیا کە موحسین ئەلحەکیم (١٩٧٠ مردووە) لەگەڵ ئەبوقاسم ئەلخوئی (١٩٩٢ مردووە)ن، هەر لە شاری نەجەف بوون، لەسەر دەستی ئەوانیش کۆمەڵێك مەرجەع و پیاوی ئایینی شیعە دەرچوون، کە تا هەنووکە کاریگەریان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان هەیە، دیارترین ئەوانەش سیستانی خوێندکاری نزیکی خوئییە.

## پێگەی قوم

ئەم حەوزەیە لە پەنا ئارامگای فاتیمەی کچی ئیمام موسای کازمی حەوتەم ئیمامی شیعەکان و خوشکی ئیمامی هەشتەمی شیعە عەلی کوڕی موسا (الرضا) دامەزراوە، ریشەی خوێندنگا ئایینییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆچی عەشیرەتی ئەشعەری کوفی عێراقی بۆ قوم (سەدەی ١ك/٧ز) و دامەزراندنی شارەکە، بەم شێوەیە قوم شانبەشانی کوفە و بەغدا یەکێکە لە سێ کۆنترین مەدرەسە ئایینییەکانی شیعە لە مێژوودا. بەڵام قۆناغی درەوشانەوەی مەدرەسەی قوم لە سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زایینی، لەسەر دەستی شێخ «محمد بن علي البابويه» بووە کە بە «الشيخ الصدوق»یش دەناسرێت و یەکێکە لە گەورە شەرعزان و لێکۆڵەرەکانی شیعە. لە مێژووی نوێشدا شێخ عەبدولکەریم حائیری دەرچووی حەوزەی نەجەف لە ساڵی ١٩١٩ز ڕووی کردە قوم و لەوە بەدوا شارەکە بە تەواوی بووەتە ناوەندێکی سەرکردایەتی مەزهەبی شیعە.[١٧]

## پێگە ئایینی و مێژووییەکەی نەجەف بە درێژایی چەندین سەدە کردویەتی بە مەڵبەندێکی گرنگی شیعەگەری

جگە لە باکگراوندە ڕۆحییەکەشی، بەهۆی دەسەڵاتی سەفەوییەکانەوە گرنگی زۆر بە شاری قوم دراوە، هەر لەم میانەیەدا کاتێك سەفەوییەکان لەسەرەتای سەدەی ١٦ زاینی کۆنترۆڵی ئێرانیان کرد و شیعەگەریان کردە مەزهەبی سەرەکیی دەوڵەتەکەیان، مەلا و بانگخواز و شەرعزانی زۆری شیعەیان لە باشووری لوبنانەوە برد بۆ قوم بە مەبەستی زیاتر پەرەپێدانی[١٨]، لە سەردەمی پەهلەویشدا بە هۆی

ئەوەی لە عێراق دەسەڵات بە دەست زۆرینەی سوننەوە بووە، حەوزەی نەجەف دەرفەتی ئەوەی نەبووە وەك قوم گەشە بکات و لەم میانەشدا جاری وەها هەبووە ڕێبەرایەتی شیعەی جیهان بە عێراقیشەوە کەوتووەتە شاری قوم لە نموونەی سەید حسێن بروجردی، کە تا کۆتایی ژیانی لە ١٩٦١ بۆ ماوەی ١٥ ساڵ مەرجەعی بێ رکابەری شیعەی دنیا بووە.[١٩]

لەپاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و زاڵبوونی تەواوەتی خومەینی بەسەر شۆڕشەکەدا (١٩٧٩)، دەرفەتی زیاتر ڕەخسا بۆ بووژانەوەی قوم، لە کاتێکدا لە بەری عێراق رژێمی بەعس سەرقاڵی سەرکوت و داپڵۆسینی شیعە و قوتابخانەی نەجەف بوو، لەم میانەیەشدا دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت ژمارەی ئەندامانی حەوزەی نەجەف ساڵی ١٩٦٧ نزیکەی ١٦ هەزار فەقێ و مامۆستای ئایینی بوون، ئەم ژمارەیەش تا ساڵی ١٩٩١ کەم بووەتەوە بۆ تەنها ٥٠٠ کەس، واتە ڕژێمی بەعس زیاتر لە ٩٠٪ی حەوزەی نەجەفی لە ماوەی ٢٤ ساڵدا پووکاندووەتەوە، ئەگەر ئەوە نەبوایە ڕەنگە لە ئێستادا کارمەندانی حەوزەی نەجەف لە سەروو ٥٠ هەزار کەس بوونایە[٢٠] ئەم سیاسەتی بچووککردنەوەیەش حەوزەی نەجەفی دارنی لە یەکێك لە سەرووەرییەکانی، کە فێرخوازە بیانییەکانن، پاکتاوە هاوشێوەکانی تری شارەکەش لە ڕاپەینی ١٩٩١ و ساڵانی دواتر وایکرد ڕێگا بۆ حەوزەی قوم خۆش ببێت، کە ببێتە جێگرەوە و بەدیلی گونجاو بۆ حەوزەی نەجەف. تا ئەو کاتەشی سەدام ڕووخا (٢٠٠٣) ژمارەیەکی زۆری مەرجەع و کەسایەتییە ڕاوەدونراوەکانی شیعە لە شاری قوم گیرسانەوە و تا ئێستاش هەر لەوێ نیشتەجێن لە چەشنی شیرازییەکان و کەمال حەیدەری و ئایەتوڵڵا حائیری، کە سەرجەمیان بە ڕەچەڵەك عێراقین و لایەنگر و شوێنکەوتەی زۆریشیان لە وڵاتی دایکی خۆیاندا هەیە.

جیاواز لە باکگراوندی مێژوویی و پێگەی رۆحی، بە هۆی کارتێکەرە نەتەوەیی و سیاسییەکانەوە، دەکرێت بوترێت کێبڕکێیەکی سیاسی بێدەنگ لە نێوان هەردوو حەوزە و مەرجەعیەتی نەجەف و قومدا هەیە، هۆکاری ئەم ڕکابەرییەش بۆ چەند شتێك دەگەڕێنەوە، وەك: تێزی ویلایەتی فەقیه کە لە قوم زاڵە و لە نەجەفدا دەسەڵاتی شەرعزان لەوان بەرتەسکترە لە ڕووی تیۆرییەوە، هەروەها لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پانتاییانەی دەکرێت ببنە مەیدانی جموجوڵ ڕا جیاییان هەیە، بە تایبەتی کاتێک هەندێک لە قەیرانەکان لەو وڵاتانەدا سەرهەڵدەدەن کە موسڵمانانی شیعە لەخۆدەگرن و دید

و تێڕوانینی جیاواز دەهێننە کایەوە بۆ چۆنێتی مامەڵە کردن لەگەڵیاندا، هەروەها مەرجەعیەتی نەجەف لە کێشمەکێش و هەوڵی بەردەوامدایە بۆ ئەوەی ڕۆڵی مێژوویی ڕۆحی خۆی بپارێزێت و سەربەخۆیی خۆی بە کردەیی پیادە بکات، بەڵام مەرجەعیەتی قوم بەهۆی دەوڵەتی ئێران و ئاوێتە بوونی لەگەڵ ویلایەتی فەقیهـ ئامادەیی زیاتری لە کایەی سیاسیدا هەیە و دەرفەتی زیاترە بۆ دروستکردنی کاریگەریی.[٢١]

## پەراوێز و سەرچاوەکان


(١)عامر العيدي: السفراء الأربعة، موسوعة أهل البيت، ٢٠٠٤، ص ص ٢_٥.

(٢)سيد مهدى ايت الهى: الامام حسن العسكرى، ترجمه كمال السيد، مؤسسة أنصاريان، قم، ص ٢٢

(٣) فاضل المالكى: الغيبة الصغرى والسفراء الأربعة، مركز الأبحاث العقائدية، قم، ١٤٢٠ ه، ص ٤٥.

(٤) صالح الكرباسى: ما هى مراحل غيبه الامام المهدى؟ مركز الاشعاع الإسلامى للدراسات والبحوث، https://bit.ly/٣WA٦٧wj .

(٥) جودت القزوينى: المرجعية الدينية العليا عند الشيعة الإمامية، دراسة فى التطور السياسي والديني، دار الرافدين، ٢٠٠٥، ص ٣٥٤.

(٦) الحر العاملي: وسائل الشيعة إلى تحصيل مسائل الشريعة، تحقيق ونشر: مؤسسة أهل البيت لإحياء التراث، قم، ط٢، ١٤٠٢، ج ٢٧، ص ١٣٦ _ ١٣٧

(٧) جودت القزوينى: المرجعيه الدينيه العليا، ص ٣٦٦

(٨) محمد سعيد الحكيم: المرجعية الدينية وقضايا اخرى، نشر: دار الهلال، ٢٠١٠، ج١» ص ص ٤٦_٤٧.

(٩) محمد تقي بهجت، توضيح المسائل، انتشارات شفق، بيروت، ص ٨.

(١٠) ضياء الخباز (٩/ ٥/ ٢٠١٨)، هل يصح للناس نقد المراجع، https://aldiaa.net/qa٧٨/

(١١) صالح الكرباسي: ما الفرق بين ولاية الفقيه الخاصة و ولاية الفقيه العامة، https://bit.ly/٣T٨lU٢G .

(١٢) معهد الخوئي، الكلام في ولاية الفقيه، https://bit.ly/٣ThsmEM

(١٣) العتبة العسكرية، السرداب المقدس، http://www.askarian.iq/pages?id=١١

(١٤) ديوان الوقف الشيعي، دليل المزارات، https://bit.ly/٣DZhQwj

(١٥) الذهبى: سير أعلام النبلاء، مؤسسه الرسالة، ٢٠٠١، ج ١٨، ص ٣٣٥.

(١٦) مركز الرصد العقائدي، الدّفنُ فِي النّجفِ يُنجِي مِن حسابِ البرزخِ، https://bit.ly/٣NFijlj

(١٧) علي المؤمن، الحوزة العلمية الشيعية بين النجف وقم، https://bit.ly/٣t٢XYDq

(١٨) فراس حمية، هل أصبح شيعة لبنان تابعين لإيران، https://bit.ly/٣fDmBDr

(١٩) المعرفة: حسين البروجردي، https://bit.ly/٣zJPaGg

(٢٠) على المؤمن، سەرچاوەی پێشوو.

(٢١) علاء حميد، الصراع الصامت بين مرجعية النجف وقم، https://bit.ly/٣UwmSae

# ئیسلامناسی کێشە گەورەکە

ئەبوبەکر عەلی (کاروانی)

## پێشەکی

وتراوە حوکمدان بەسەر شتێکدا لەڕووی لۆژیکییەوە لقێکە لە وێناکردنی، یاخود ڕەنگدانەوەی ئەوە. ئەمەش هەستیاری و ترسناکی تێگەیشتن و وێناکردنە عەقڵییەکانمان بۆ دیاردە و مانا و دەرکەوتەکان دەردەبڕێت.

(ئیسلام)یش گەرچی (ئایین)ە، بەڵام بۆ مرۆڤ هاتووە، مرۆڤیش وەك وتراوە بوونەوەرێکی کولتوورییە. خاوەن عەقڵ و حەز و تاسە و زۆر شتی ترە. هەر بۆیە بەو ئەندازەی (ئیسلام) ویستویەتی و دەیەوێت دووبارە مرۆڤ دابڕێژێتەوە، لانی کەم لەسەر ئاستی جیهانی و تێڕوانینی بۆ ژیان و دنیا و خودا و خۆی و پێگەی لە گەردوون و ڕۆڵی لە جیهاندا، مرۆڤیش وەك تاك و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و شارستانییەتەکان، کارلێك لەگەڵ ئیسلام دەکات، بەمەش زیاد لە مۆدێلێکی تێگەیشتن و پیادەکردنی ئیسلام، هیچ نەبێ لە هەندێ ڕووەوە دێتە کایەوە، بە واتایەکی تر. (ئیسلام) لە ئەنجامدا بە کەناڵی عەقڵدا دەڕوا و لە ڕێی عەقڵیشەوە گوزارشت لە خۆی دەکات، بەوەش ئیسلامێك کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ژیان و ئەخلاق و ململانێکانەوە هەیە، ئیسلامی ناو ژیانی ڕۆژانەی خەڵکە، نەك ئیسلامی (معیار)ی ناو قورئان. بە حوکمی ئەوەی (ئیسلام)ی معیاری لە هەندێ ئاستیدا ئاسۆ دوورەکانی کامڵ بوونی ڕۆح و مرۆڤ دەخەنەڕوو، لە نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگە و ئاسۆیاندا زۆر ئاست و قۆناغ و پلەمان هەیە. هەموو ئەمەش پێمان دەڵێت کە: ئیسلامناسی بایەخێکی گەورەی هەیە، دەبێت بە لێپرسراوێتی و هەستیارییەوە سەیری بکەین.

ئەوەی لەم بابەتەدا هاتووە ئاماژەکردنێکی کورتە بەم پرسە و جدی بوون و مەسەلە بوونی هەر لە سەرەتای ئیسلام تاکو ئێستا، سەرنجیشمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە شەڕەکانمان لە (ئیسلام)ەوە بگوازینەوە بۆ ئیسلامناسی، چونکە ئەوە جۆری تێگەیشتن و فۆڕمەکانی ئیسلامناسییە، کاریگەری ڕاستەوخۆ بە سەر مەنزومەی ماف و ئەخلاق و پێناسەکردنەکان و دیاریکردنی پەیوەندییەکان دادەنێت.

## جۆری ناسین، مەیدانی شەڕی ئیسلام وەك ئایین

کاتێك ئایین لە ڕێی پەیامبەرەوە (د.خ) خۆی ڕادەگەیەنێت و داوای لە مرۆڤەکان هەیە، بۆ ئەوەی دەستکاری جیهانبینی و تێگەیشتن و شێوازی ژیانیان بکەن، لەگەڵ عەقڵ، کولتوور، بونیادەکان و پەیوەندییەکانی هێزەوە دەکەوێتە بێنە و بەردە.
چونکە ئایین، بە تایبەتیش ئیسلام وەك دوا پەیامی ئاسمانی و جاڕدانی کۆتایهاتنی پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان زەوی و ئاسمان و ڕاسپاردنی عەقڵ بە درێژەپێدانی ڕێگاکە، دانابەزێنە سەر عەقڵێکی خاو و چۆڵ و کۆمەڵگەیەکی بێ کولتوور و دابونەریت و تێگەیشتن بۆ جۆری ژیان کردن و دابەشکردنی ڕۆڵەکان و پێوەرگەلێك بۆ داوەری کردن و جیاکردنەوەی چاکە و خراپەی ئەخلاق.

هەر ئەمەشە وای کردووە ئایین لە سەرەتاوە دووچاری کێشمەکێش بێت، زیاد لە دووژمن و نەیارێکی بۆ پەیدا ببێت، ڕێگرییەکان کاتیان بوێت تا لە ڕێی تێگەیشتن لە ڕاستی دۆخە نوێکە، یاخود لەژێر فشاردا دەپووکێنەوە، یاخود لاواز دەبن و توانای بەرگری کردنیان نامێنێت (گەرچی هەندێ لەوان لە ئایندەدا دەتوانن لە بەرگی نوێدا، بێنەوە کایە).
هەموو ئەمەش وادەکات ناسین (معریفە) هەر لە سەرەتاوە بایەخی گەورە پەیدا بکات. بەڵکو شەڕە گەورەکە لەسەر ئەو و فۆڕمەکانی بێت، واتە بە یەکدادانی ناسینە جیاوازەکان دەربارەی بابەتە هاوبەشەکان کە ئایین لەسەر ئاستی (ئیمان) و (وێناکردن) و (بەها)دا دەیانخاتەڕوو.

ئەگەر ئیسلام بە نموونە وەربگرین، کە بە پوختە و تەواوکاری ئایینە ئاسمانییەکانی پێش خۆی لە قەڵەم دەدرێت، شەڕی گەورەی ئیسلام بە پلەی یەکەم لەگەڵ (شرك) واتە هاوبەشی پەیداکردن بۆ خودا بووە. واتە شەڕەکە لەسەر ئاستی وجودی نەبووە، لەسەر ئاستی بوون و نەبوونی خودا نەبووە، بەڵکو پەیوەست بووە بە وێنا و سیفات و دەرکەوتنی خودا لە بوون و ژیان و پەیوەندی ئەو بە بەدیهێنراوەکانی و بە تایبەتیش مرۆڤەوە. ئەم شەڕە لە دووتوێی مشتومڕێکی گەورەی قورئانی لەگەڵ خاوەن پەیامەکانیش (جولەکە

و مەسیحییەکان) بە شێوازێك بەڕێوەبراوە و تاکو ئێستاش لە هەندێ ئاستدا درێژەی هەیە.

واتە شەڕەکە لەسەر (زانین) نەبووە، بەڵکو لەسەر (ناسین) بووە. چونکە سەرەنجام خودا ئەوەیە کە لە مەبەستێك و دڵی باوەڕداراندا دەچەسپێت، جۆری ناسینی خودا و ئایینەکەی، جۆری کارلێکە دەرونی و ڕۆحییەکان و چاوەڕوانییەکان و کاردانەوەکان بەرامبەر وروژێنەر و دیاردە و ئەوانی دی دەوروبەر و ڕوانینە ژیان و دنیا دیاری دەکات.

لێرەشەوە نەك لەسەر ئاستی ئایینە جیاوازەکان، بەڵکو لەسەر ئاستی ڕێچکە و قوتابخانە کەلامییەکانی یەك ئایینیش، وێنای جیاواز، لانی کەم لە هەندێ ڕووەوە بۆ خەڵك بەرهەم دێن. واتە هەمان خودا، چاوەڕوانی و داواکاری و هەستی جیاواز بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بە حوکمی ئەوەی سەرەنجام مرۆڤ چۆن بیربکاتەوە بەوجۆرە ڕەفتار و هەڵسوکەوت دەکات، وێناکردنی خوداش، واتە جۆری ناسینی، بەشدارییەکی گرنگ لە خەملاندنی ئەو بیرکردنەوە دەکات.

خودا کێ یە؟

داوای چیمان لێدەکات؟

بەچی ڕازی دەبێت؟

سنورەکانی ئیمان چین؟

بە کێ وتراوە باوەڕدار و چ کۆمەڵگەیەك بە موسڵمان و خوداپەرست دادەنرێت؟ و .... هتد.

زۆر شتی تر لەم بارەیەوە، ڕۆڵی ژیانیان لە دیاریکردنی ڕوگەی باوەڕدار و چۆنێتی بەڕێوەبردنی هەست و نەست و تواناکانی و دارشتنی پەیوەندییەکانی بە دەوروبەرییەوە هەیە.

شەڕی گەورەی ئیسلام لە سەرەتاوە دەربارەی ئەوە بوو، خودا وەك ئەوەی هەیە و خۆی خۆی دەناسێنێت بناسین، نابێت وێنای خودا لە دەرەوەی وەحی و پێناسەی خۆی بۆ خۆی وەربگرین. خودا تاك و تەنهایە، بەدیهێنەرە، جڵەوی فەرمانڕەوای ئاسمانەکان و زەوی لە دەستدایە، لەگەڵ مرۆڤدایە و ئاگای لە ترپەی لێدانی دڵیەتی، لەگەڵ چاکە و حەق و دادپەروەریدایە، پەیوەندی هەر تاکێکی باوەڕدار بە خوداوە، ڕاستەوخۆیە و کەس مافی ئەوەی نییە بێتە ئەم نێوانەوە، لێرەوە بەرەنجامی ترسناك لەسەر ئەم وێناکردنەی خودا بۆ خۆی دەکەوێتەوە.

چونکە ئەم وێنایە یەکسانە بە جاڕدانی کۆتایی (پیاوی ئایینی) و (کاهن) ئەو چینەی بە درێژایی مێژوو ڕۆڵیان ئەوە بووە، خودا ڕاستەوخۆ بۆ باوەڕدار دەرنەکەوێت، نوێنەری خودا بن و بە ناوی ئەوەوە مەرام و داوای ئەو لە بەندەکانی و پێوەرەکانی ڕازی بوون و تووڕە بوونی بخەنەڕوو. لافی ئەوە لێبدەن کە کەسانێکی تایبەتن و دەلاقەیان بە ڕووی جیهانی

نەبینراو و خودا بەڕوودا کراوەیە، ئەوان مافی لێکدانەوەی دەقی پیرۆز و ئایینیان هەیە، خودا، یاخود، خوداکان بە خەڵکی دەناسێنن، تەنها لەڕێی ئەوانەوە دەستڕاگەیشتن بە خودا، یاخود بە خوداوەندەکان (لە دۆخی فرە خوداوەندی و هاوبەشی پەیداکردندا) مەیسەر دەبێت.
لە سۆنگەی تێکەڵبوونی ئایین و دەسەڵاتی سیاسیش، بە حوکمی ئەوەی ئەرکێکی ئایین و پیاوانی ئایینی لە زۆر کاتدا دابینکردنی ڕەوایەتی بووە بۆ پادشا، یاخود دەسەڵاتدار هەر ناوێکی هەبووبێت، وێنای خودا و ناوەرۆکی ئایین دووچاری شێواندنی گەورە بووەتەوە.
چونکە کاتێك پادشا بەناوی ئایینەوە ڕەوایەتی پێدەدرێت، پیرۆز دەکرێت، تا گەیشتە ئەوەی لە مێژوودا ببێتە شایەتی سەرهەڵدان و هاتنە کایەی پادشا خوداوەندەکان! ئەوانەی خۆیان بە خوداوەند، یاخود کوڕی خوداوەند دەزانی و بەو ناوەوە داوای گوێڕایەڵی و ئەستۆ کەچیان لە ڕەعیەتەکەیان دەکرد.
دیارە شەڕی ناسینی (خودا) و( پەیامی خودا) وەك خۆی، هەندێ جار (پێغەمبەری خوداش) بۆ نموونە لە پرسی عیسادا، لە سەرەتاوە یەکلاکەرەوەتر و ساناترە. بە حوکمی پەیوەندی ڕاستەوخۆی ئاسمان بە زەوی، مەرجەعیەتی دینی و ئەخلاقی پێغەمبەر و دابەشکردنەکان لەسەر بنەمای باوەڕدار و بێ باوەڕ بە ئایینێکی دیاریکراو و ڕاستکردنەوە پێویستەکان.
لە ئەزموونی ئیسلامدا لە سەرەتاوە وێنای خودا، تا ڕادەیەکی زۆر یەکلا ببوەوە، بە وتەی د. سروش ئەوە ڕوون بووەوە (جگە لە خودا کەس خودا نییە) پەیامەکەشی (قورئان) کە وێنای ئەبەدی ئەوی تێدایە، بە پارێزگاریکراوی دەمێنێتەوە.
وێنای خودای تاکانە و میهرەبان و دادپەروەر و بەدەسەڵات و ... هتد سەرکەوت، هاوبەشی پەیداکردن تێکشکا و پایەکانی ڕەوایەتی ئەو کۆمەڵگە و ئیمتیازاتانەی لەسەر پشتی بینا کرابوون ڕووخان.. ئیسلام درێژەی بە سەرکەوتنەکانی دا تا ئاستی تێکشکاندنی گرنگترین ئیمپراتۆریەتە گەورەکانی ئەو سەردەمە.

**شەڕی گەورەی ئیسلام لە سەرەتاوە دەربارەی ئەوە بوو، خودا وەك ئەوەی هەیە و خۆی خۆی دەناسێنێت بناسین**

بەڵام بەمە شەڕی ناسینی ئیسلام کۆتایی نەهات، بەڵکو هەر لە سەردەمی خودی پێغەمبەردا (د.خ) هەروەك قورئان و ژیاننامەی ئەو بۆمان دەگێڕێتەوە، فرە بۆچوون لە

بازنە فراوانەکەدا هەبووە، بەڵام مەرجەعیەتی پێغەمبەر، هەموو شتێکی یەکلایی دەکردەوە، دەنا، دادپەروەری لە چیدایە، فڵان ڕەفتار لای خودا پەسەندە، یاخود نا و زۆر شتی تر، بەشێ بوون لە ڕەنگدانەوەکانی چالاك بوونی عەقڵی بە ئیمان گۆشکراوی نوێ.

بۆ نموونە لە هەندێ شوێن هاوار دەکرا، ئەم جۆرە دابەشکردنە دادپەروەرانە نییە، ئەم جۆرە مامەڵە لەگەڵ دیلەکانی بەدر خوداپەسەندانە نییە و هەروەها دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر (د.خ)، لەگەڵ چرکەساتی کۆچی دوایی پێغەمبەر و ئەو بۆشاییە ڕۆحی و ئەخلاقی و سیاسییەی دروستی کرد، مشتومڕەکان دەستیانپێکرد.

مشتومڕ دەربارەی چۆنێتی پێناسەکردنی قۆناغی دوای ئەو و مامەڵە لەگەڵ کردنی و پڕکردنەوەی بۆشاییەکەی و پێوەرەکانی ڕەوابوون و پێسپاردنی دەسەڵات و دابەشکردنی ڕۆڵ و پێویستییەکانی درێژەدان بە ئوممەت بە یەکگرتوویی، ئیدی مەرجەعە یەکلاکەرەوەکەی جاران نەمابوو، مەسەلەکان بە لادا بخات و فۆڕمی خوداپەسەندی ڕەفتار و بژاردەکان دیاری بکات، ئەوەی مابووەوە ڕووناکی و ژیاننامە و پەیامی ئەو بوو، کە قسەی یەکلاکەرەوەی دەربارەی دۆخێکی لەو جۆرە تێدا نەبوو، بە حوکمی عەقڵی بوون و مێژوو بوونی پرسەکە و (احراج) نەکردنی ئوممەت و ڕێبەرانی لە دیاریکردنی ڕێگەکانی گەیشتن بە درێژە بەخۆدان و ڕێکخستنی کۆمەڵگە و بەرەوڕوو بوونەوەی مەترسییەکان.

ئەوەی پەیام بۆیانی هەبوو (وأمرهم شوری بینهم) بوو، دەبێت دانیشتن و قسە لەگەڵ یەکدا بکەن. پێکبێن و بگەنە ڕێککەوتن. خۆیان ڕەوایەتی بۆ دەسەڵاتدار و خەلیفەی نوێ دابین بکەن. چونکە ئیتر کەس مافی ئەوەی نییە پێغەمبەر بێت و لافی ڕەوایەتی ئاسمان و خودایی لێبدات. ئیتر ڕەزامەندی خودا لە جوان بیرکردنەوە و بڕیارداندا دەشارێتەوە. لێرەوە کۆبوونەوەی (سەقیفە) بۆ دیاریکردنی جێنشینی پێغەمبەر دێتە کایەوە.

لێرەدا (ناسین) ئاراستەی خودی ئیسلام نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە قسەکردنە دەربارەی ئەو ئوممەت و کۆمەڵەی لەسەر بناغەی ئیسلام لە مێژوودا ڕۆنراوە و دەبێت درێژەی پێ بدرێت. چونکە ئەرکی جیهانی لەسەر شانە، بەڵام بەو ئەندازەش هەر دەچێتە بازنەی (ئیسلامناسی)یەوە، کە باس باسی وێناکردنێکی ئیسلامیانەی قۆناغی دوای کۆچی دوایی موژدەپێدەر و دامەزێنەرەکەیەتی.

سەرکەوتوویی ئەوانیش لەوەدا بوو دەرکیان بەوە کردبوو، ئەمە بواری سیاسەتە، سیاسەتیش بواری عەقڵە بە پشت بەستن بەو ڕێنمایی و بەرچاو ڕوونییەی وەریگرتووە، بۆیە مەسەلەکەیان نەکرد بە کێشەیەکی

کەلامی و ناوماڵی ئایین وەك دواتر بوو، بەڵکو بە لۆژیك و سیاسەت و پێویستییەکانی بیرکردنەوە لە دوارۆژی ئوممەت بەرژەوەندیان کردبوو بە پێوەر بۆیەکلاکردنەوەی مشتومڕ و دیدە جیاوازەکان.

ئەمە سەرەتایەکی گرنگ بوو، کە نابێت شەڕی سیاسەت بکرێت بە شەڕ لەناو دەق و ئیسلام وەك ئایین. بۆ ئەوەی هەموان قاچیان لەسەر زەمینەیەکی هاوبەش و ئامانجی هاوبەش بمێنێتەوە. جیاوازییەکان لەسەر میکانیزم و دابەشکردنی ڕۆڵەکان و چۆنێتی ئیدارەدان بێت.

**چارەنووسی مەرگەساتباری خەلیفەی سێیەم دەرگای ئاژاوەیەکی گەورەی لەناو ڕیزەکانی ئوممەتدا کردەوە، کە دو اتر ڕەنگدانەوەی لەسەر چۆنێتی گەڕانەوە بۆ دەق و شرۆڤە کردنی هەبوو**

## قۆناغی شەڕکردن لەسەر تەئویل

ئەم سەرەتایە بە دەستپێشخەری لێزانانەی خەلیفەی یەکەم، دواییش خەلیفەی دووەم لە چۆنێتی پاراستنی بنکە مێژووییەکەی پەیام و ئوممەت، تا سەردەمی خەلیفەی سێیەم بڕی کرد. لەوێ جارێکی تر قەیران دروستبوو، قەیران لەسەر پێوەر و بەهاکانی حوکمڕانی کردن و بەکارهێنانی تواناکان.

تایبەتمەندی ڕۆحی و دەروونی و ئیداری خەلیفەی سێیەم دوای چەند ساتێك لە دەستبەکاربوونی وای کرد، پرسیار بکەوێتە سەر جۆری حوکمڕانییەکەی، بەهۆی ئەو ڕۆڵە نائاساییەی بنەماڵەکەی (ئەمەوییەکان) لە پشتی خەلیفەوە دەیانگێڕا. ئەم ڕۆڵە گومان و بێزاری دروستکرد و سەرەنجام بە کارەسات کۆتایی هات.
ئەم چارەنووسە مەرگەساتبارەی خەلیفەی سێیەم دەرگای ئاژاوەیەکی گەورەی لەناو ڕیزەکانی ئوممەتدا کردەوە، کە دواتر ئەم ئاژاوەیە ڕەنگدانەوەی لەسەر چۆنێتی گەڕانەوە بۆ دەق و شرۆڤە کردنی هەبوو. بە جۆرێك کەرتبوونە سیاسییەکان، کەرتبوونیان لەناو عەقڵی ئیسلامی و ماڵی ئایین خۆیدا بەدوای خۆیاندا دەهێنا. لێرەوە لە میانەی جەنگی ناوخۆی موسڵمانان، لە نێوان سەربازگەی خەلیفەی چوارەم و موعاویەدا، دروشمی (حوکم هەر بۆ خوایە) بەرز کرایەوە.
سەرەتاکانی تەکفیر لە نێوماڵی ئیسلامیدا سەریانهەڵدا، سەرەتای ئیسلامناسییەکی نوێ لە نێو

موسڵماناندا، یاخود بەشێک لەوان هاتە کایەوە. کە بەرەنجامی خوێناوی درێژخایەنی بوو. ئیسلامناسییە نوێکە حوکمدانی بەدوای خۆیدا دەهێنا، چونکە وێناکردنێکی نوێ بوو بۆ ئەوەی ئیسلام دەیەوێت و نایەوێت لەسەر ئاستی کەس و تەرح و دروشم و ئیدارەی ئەندامەکاندا.

لە ڕوانگەی هەڵگرانی ئەم دروشمەوە (خەوارجەکان) ئیدی (پێشەوا عەلی و معاویە) سیفەتی موسڵمان بوونیان لەدەست داوە، چونکە هەریەکە و بە جۆرێك تاوانی گەورەیان کردووە، دەبێت بکوژرێن و ڕێگە چۆڵ ببێت بۆ ئەوەی ئەهلی خۆی بە گوێرەی ئیسلامی دەستلێنەدراو ئوممەت بەڕێوە بەرێت!

شەڕ لەسەر ئیسلامناسی، کە لە بناغەی سیاسییەوە سەرچاوەی گرتبوو، بە حوکمی ئەوەی لەو قۆناغەدا سیاسەت لە چوارچێوەی دیندا مومارەسە دەکران، ئەوەش بووبووە هۆی ئەوەی ڕەگەزە ناسیاسی و هەندێك پۆخڵەواتی ئەو بوارەش تێکەڵ بە مەعریفەی دینی و بواری ئیسلامناسی بکرێت. لەم قۆناغەدا (ئیمان) ملکەچی دووبارە پێناسەکردنەوە کرا. (خەوارج) ڕەفتاری مرۆڤیان کرد بە بەشێکی جیانەکراوەی خودی ئیمان. لێرەشەوە لادانی ئەخلاقی بە پێوەرەکانی خۆیان سەری لە کۆتایی ئیمان و تەکفیرەوە دەردەهێنا.

ئەمەوییەکانیش بۆ چەسپاندنی پایەکانی دەسەڵاتی خۆیان کەوتنە خستنەڕووی ئیسلامناسییەکی نوێ، لادانی ئەم لە هەندێک ڕووەوە، چونکە دەیانزانی ئیسلامناسی سەردەمی ڕاشیدین و شورا بە کەڵکی ئەوە نایەت بناغەی ئایدۆلۆژی دەسەڵاتەکەی ئەمان پێکبێنێت، بە حوکمی ئەو لادانە قوڵەی لەسەر هەردوو ئاستی بیناکردنی دەسەڵات و چۆنێتی پیادەکردنی بەسەر فۆڕمی حوکمڕانیدا هاتبوو، ئەوان سڵیان لەوە نەدەکردەوە بڵێن دۆخێکی نوێ دەستیپێکردووە، پێوەر و ئەخلاقیاتی تایبەت بە خۆی هەیە، لە ڕووی ئیسلامناسیشەوە کە برەودان بە بیروباوەڕی (جەبر) بەو واتایەی ئیرادەی خودا لە پشتی هاتنی ئەوانەوەیە. ئەوەی ئەوان کردیان و دەیکەن هەڵقوڵاوی خواست و ویستی خۆیان نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ویستی خودایە، بە حوکمی ئەوەی مرۆڤ ئازادی خۆی لە دەستی خۆیدا نییە و خودا ڕەفتارەکانی ئاڕاستە دەکات.

## ئەمەوییەکان بۆ چەسپاندنی پایەکانی دەسەڵاتی خۆیان کەوتنە خستنەڕووی ئیسلامناسییەکی نوێ

هەر لەم کەش و هەوایەدا (موعتەزیلە) و (مورجیئە) و ( شیعە) سەریان هەڵدا.

لە سەردەمی پرسە سیاسییەکانیشدا، ئەوەی دەسەڵاتدارێتی فارسی و دنیابینی ئەوان بۆ پێکهاتەی کۆمەڵگە، سروشتی دەسەڵات و پەیوەندی ئەو بە ئایین و کۆمەڵگە و چۆنێتی بەڕێوەبردنیان تێکەڵ بە مەعریفەتناسی موسڵمانان بوو، وەرگێڕانی فەلسەفەی (گریك) یش لەڕێی خۆیەوە، کاریگەرییەکی بەرچاوی کردە سەر دەرکەوتنی نوێی پرشنگدانەوەی عەقڵی ئیسلامی و فۆڕمی نوێی ئیسلامناسی، کە جۆرەها ڕەنگدانەوەی مەیدانیشی هەبوو.

## ئیسلامناسی و دنیای نوێ

دوای چەندین سەدە لە زاڵبوونی لاسایی کردنەوە و وەستانی عەقڵی ئیسلامی لە جوڵەی گەورە و دنیای ئیسلام لەگەڵ چەخماخەی ژیاری نوێی خۆرئاوا و سوپا کۆلۆنیالیستەکانی بە شپرزی و شڵەژاوییەوە خەبەری بووەوە و دووچاری سەراسیمە بوو لە بەرامبەر دنیایەکی نوێی جیاواز، لەوەی تاکو ئێستا ئەو لە ناویدا ژیاوە و خەوتووە. تەحەدای ئەمجارە جیاواز بوو لە تەحەدا کۆنەکان، مەسەلەکە لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ فەلسەفەی گریك و سوڵتانناسی ئێرانی تێپەڕی بوو، چونکە لەلایەکەوە وەك جاران بەهێز نەمابوو، بۆ یەکەم جار خودی ئیسلام بە شێوەیەکی بەرچاو خرایە بەردەم پرسیارەوە. پۆلێن کردنی جیهان پێوەرە کۆنەکانی بەجێهێشتبوو، دۆخەکە دووبارە خۆپێناسەکردنەوەیەکی هەمەلایەنەی ئیسلام و دنیای موسڵمانانی دەخواست. ئەو ئەرکەی بە داخەوە تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، پرۆژەیەکی تەواونەکراوی پڕ لە ئیشکالیەتە، مۆدێرنە شۆکێکی گەورەی بۆ عەقڵی ئیسلامی دروستکرد و زیاد لە کاردانەوەیەکی لە بواری ئیسلامناسیدا بە دوای خۆیدا هێنا. کە لێرەدا وەك ناونیشان و سەرەقەڵەم ئاماژەیان پێدەکەین:

١. ناوەندە تەقلیدییەکە کە گوێی بەو شۆکە نەدەدا و تێنەگەیشت و سور بوو لەسەر تێگەیشتنە مێژووییەکە و ئیسلامناسییە کۆنەکە کە بەشێکی ڕەنگدانەوەی دنیاناسی کۆن بوو.

٢. ریفۆرمخوازە ئیسلامییە گەورەکان لە وێنەی تەهتاوی و ئەفغانی و عەبدە و کەواکبی و نامق کەمال و نورەسی، کە لەو کەلێن و مەودایە گەیشتبوون ژیاری نوێ بۆ دنیای ئیسلامی دروستکردبوو، بۆیە لە چوارچێوەی خەباتیان بۆ گێڕانەوەی سەرچاوەکانی هێز و هەڵسانەوە بۆ دنیای ئیسلام دژ بە هەژموونی چاولێکەری چەقبەستوویی وەستانەوە و بانگەشەیان بۆ ئیسلامناسییەکی نوێی جیاواز دەکرد، توانای هەڵگرتنی ئەرکە ژیارییە نوێکان و هەڵکردنی لەگەڵ هەلومەرج و ئاڵنگارییەکانی دنیای نوێدا هەبێت.

٣.ناوەندە عەلمانییەکە کە بازنەی

ئیسلامی بەجێهێشتوو لە ڕوانگەی ئەزموونی خۆرئاوا و پەیوەندی (دین) و (زانست) و دەسەڵات لەوێ هەوڵی دووبارە خوێندنەوەی ئیسلامی دەدا. کە لە بەرگە توندڕەوە عەلمانییەکەیدا ئیسلامی وەك ڕێگر بۆ هەڵسانەوە و گەیشتنەوە بە کاروانی شارستانێتی نوێ دەخستەڕوو، لە تایپە میانڕەوەکەشدا، دەیویست وەك ناسنامەیەکی مێژوویی و وزەیەکی شارستانی و بناغەیەك بۆ کۆمەڵگەی سیاسی و هێزێکی مێژوویی پشت گوێی بخات، بە هۆی کاریگەر بوون بەو ڕیزبەندە خۆرئاواییانەی بە هەڵهاتنی خۆری زانست خۆری (ئایین)ی بەرەو ئاوابوونێکی هەتا هەتایی دەبرد.
دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و ڕووخانی سەڵتەنەتی عوسمانی، ئەم ململانێیە لەسەر ئیسلام و فۆڕمەکانی ئیسلامناسی و ئامانجە لۆژیکییەکانی پشتیان پێینایە قۆناغێکی ترەوە. داگیرکاری ڕاستەوخۆی کۆلۆنیالیزم بۆ زۆربەی دنیای ئیسلام و وردە وردە هەڵتەکانی بوونیادە سوننەتییەکان و ململانێی دامەزراوە و پێوەرە تازەکان بۆ جێگرتنەوەیان دۆخەکەی بەرەو ئایدۆلۆژی و توندی زیاتر برد. چونکە ئیسلام لە ڕوویەکەوە ئەرکی سازدانی بەرەنگاری دژ بە داگیرکاری پێ سپێردرا، لە ڕوویەکی ترەوە دەبوا لە سەنگەری ناسنامە و پارێزگاری لە ڕەسەنایەتی و کەشتی مەعنەوی گەلانی موسڵماندا بجەنگێ. لە فۆڕمێکیشدا ئەرکێکی ئایدۆلۆژی قورسی خرایە ئەستۆ، کە ئەویش هەوڵدان بوو بۆ گێڕانەوەی قەوارە نێودەوڵەتییە ئیسلامییە ڕوخاوەکە.
ئیسلامناسی لە چوارچێوەی دەوڵەتی نوێی ناکامڵ و داسەپاو، کۆمەڵگەیەکی کەرت و دنیایەکی دابەشکراوی نوێی ئیسلامی و سەرهەڵدانی عەلمانییەت و دیموکراسی و زۆر چەمکی تر، ئیسلامناسی بردە قۆناغێکی ترەوە.
بزاڤی ئیسلامی نوێ کە لە ئیخوانەوە دەستیپێکرد، تایپێکی لە ئیسلامناسی پەرەپێدا کە ئیسلامی دەکرد بە ئایدۆلۆژیایەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی خۆرئاوا و شاڵاوی فەرهەنگی و قەیرانی ناسنامە، ئەم جۆرە ئیسلامناسییەش بەراورد بە ئیسلامناسی ڕیفۆرمخوازەکانی سەدەی نۆزدە گرەویان لەسەر بونیادنانی دەوڵەتی ئازادی و دادپەروەری و مەشروتەخوازی و دژایەتی ئیستبداد دەکرد، بە پاشەکشەیەکی گەورە لە قەڵەم دەدرا. چونکە ئیسلامناسی بە حوکمی مێژوویی بوونی و پەیوەست بوونی بە ئەرکی مەیدانی و کێشە و پرسیارە هەبووەکان، ئەرکی تەواو نوێی پێسپێردرابوو. بەڵام ئەم فۆڕمە لە ئیسلامناسی لەگەڵ هەموو هەوڵ و کاریگەرییەکانی هەرگیز نەبوو بە فۆڕم و خوێندنەوەی زاڵ.
لە پاڵ ئەودا خوێندنەوەی سوننەتی و ناسیاسی، یاخود تێکەڵ بە سیاسەت لەبەر تیشکی پەیوەندییە مێژووییەکانی

نێوان دین و دەوڵەتی سوڵتانی لە مێژووی ناوچەکەدا بەردەوام بوو، لە ئێستاشدا بزاڤی ئیسلامی لە بەرەنجامی ئەستەمبوونی هاتنەدی ئامانجەکانی لێشێوانی پرۆژە و مەبەستە باڵاکانی، سەرلەنوێ جۆرێ لە ئیسلامی نوێی پەرەپێداوە، کە جێگەی دیموکراسی و ناسیونالیزم و هاووڵاتێتی دەوڵەتی نوێی تێدا دەبێتەوە. بەڵام لە پاڵ ئەمدا و لە دڵی قەیرانە قووڵەکانی دەوڵەت و مۆدێرنەی تێکشکاوی ناوچەکەوە، فۆڕمی ئیسلامناسی وەك (القاعدة) و (داعش) و هاووێنەکانیشیان سەرهەڵدەدەن.

کە ئایدۆلۆژی بوونی شێلدراو بە هەناسەی تەقلید و فیقهی سوڵتانی تا ترۆپکی خۆی و تەقاندنەوەی مەنزومە مەعریفییە تەقلیدییەکە لەناو خۆیدا دەبەن، بەم جۆرەش لە ئایندەشدا شایەتی فۆڕمی تری ئیسلامناسی دەبین. بە حوکمی کراوەبوونی ئیسلامناسی بەڕووی ئایندە و مێژوویەکی بە قیامەت کۆتایی هاتوو.

**مۆدێرنە شۆکێکی گەورەی بۆ عەقڵی ئیسلامی دروستکرد و زیاد لە کاردانەوەیەکی لە بواری ئیسلامناسیدا بە دوای خۆیدا هێنا**

## بەرەنجام

لەم کورتە نووسینەدا کە زیاتر وەك ناونیشان دەردەکەوێت، لە سۆنگەی فراوانی بابەتەکەوە. گەیشتینە ئەو بەرەنجامەی کە ئیسلامناسی پرس و شەڕە گەورەکەیە. بەو ئەندازەی ئەرکی ئیسلامیش لە سۆنگەی تەمبەڵی عەقڵی و دواکەوتوویی شارستانی و ئەخلاقی و دواکەوتوویی میتۆدەکانی بیرکردنەوە گەورەتر بکرێت، ئەم شەڕە فرەلایەن و گەورەتر دەبێت، باجەکەشی قورستر دەبێت.

تێشیدەگەین بە گوتەی هەندێ بیرمەند ئێمە ئەگەر کۆتا پەیامی خوامان هەبێت، بە پێچەوانەی دیدێکی سەلەفی مێژوویی تەقلیدی و داخراو بە سەرخۆیی و ڕویەکی مێژووی ئیسلامیدا، شرۆڤە و ئیسلامناسی کۆتاییمان نییە.

جۆری تێگەیشتنی دەستەبژێرەکانیش لە ئیسلام و ئەو ئیسلامناسییەی دەیخەینەڕوو، ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە دیاریکردنی سروشتی هەر قۆناغێك و جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوی دی شارستانی و ئایینی و فکری و سیاسی و چوونە نێو ئەزموونی هاوبەش، یاخود تەقاندنەوەی ئەو پردانەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەیەك بە یەکەوە دەبەستنەوە، ئیسلامناسیش بە توندی پەیوەندی بە ڕێبازی مامەڵەکردن لەگەڵ دەق و پێش گریمانە و پاشخانی فیکری و ئاڵنگارییەکانەوە هەیە.

ئەرکی نوخبە و بیرمەندی ئیسلامیشە کار بۆ ئیسلامناسییەکی ڕەسەن، کراوە، مەنهەجی و شارستانی و ئەخلاقی بکەن. بۆ ئەوەی ئیسلام وەك دوا پەیامی خوا بۆ مرۆڤ لەگەڵ ڕۆح و ناوەرۆکی خۆی و ئەرکە ئەخلاقی و ڕۆحی و سیاسییەکانی لە دنیای نوێ و واقیعە تازەکاندا سازگارتر بێت.

# ئەو پەڕی خواناسی، میانڕەوییە گەڕانەوەیەکی خێرا بۆ ئیبن عەرەبی

جەمال حسێن

هەموو ئەوانەی بەدوای میانڕەوی ئایینی و دیدی یەکتر قبوڵکردندا دەگەڕێن لەناو ئایینەکاندا، بە ناچاری بۆ سۆفییە گەورەکان دەگەڕێنەوە. لەناو کولتووری ئیسلامیشدا ئیبن عەرەبی (٥٥٨ – ٦٣٨ک بەرامبەر بە (١١٦٤ – ١٢٤٠ز)، سەرمەشقی ئەو عاریفانەیە کە دوای دەرکەوتنی لە سەدەی حەوتی کۆچی، فیکر و فەلسەفەی پەرت و بڵاوی پشتی میانڕەوی سۆفیانە دادەڕێژێتەوە و دەیخاتەوە بەردەست. پێش ئیبن عەرەبی و لای گەورە سۆفییەکانی ئیسلامی چەندین هەڵوێست و بۆچوونی میانڕەو و مرۆڤدۆستانە دەبینین و دەبیستین، بەڵام تەنها لای ئیبن عەرەبی و لە دوای ئەمەوە ئەو فەلسەفە و دنیابینییە ئایینییە بە تەواوەتی ئاشکرا دەبێ، کە لە پشتی ئەم هەڵوێستەیە.

لە دوای ئەمەوە بە تەواوەتی تێدەگەین کە میانڕەوی سۆفییەکان لە مێژوودا و هەڵوێستە پلۆرانسەکانیان و وتە و قسە مرۆڤدۆستانەکانیان، پێش ئەوەی هەڵوێستی فیقهی و ئەخلاقی ویژدانیان بێ، ڕەنگدانەوەی هەڵوێستە فیکری و جۆری دنیابینیان بووە. بۆیە ئەو ژێرخانەی ئەوان لێیەوە نەرمیان نواندووە بەرامبەر بوون و بوونەوەرەکان، میهرەبانی و بەخشندەیی و دووریان لە زبری و توندڕەوی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە تێڕوانینی ئەوانەوە هەبووە بۆ ئەوی تری جیاواز و ناکۆك. ئەم بۆچوونەی ئەوان کە بینینی خوایەتی خوایە لە هەموو بووندا و تەجەلابوونی ناوەکانی خوا لە بووندا و سەرەنجام وێناکردنی بوون وەك ڕەنگدانەوەی هەموو ناوەکانی خوا، سەرچاوەی یەکەمی ئەوەشە کە ئەوان لە هەموو ناکۆکی و جیاوازییەکدا جۆرێك لە ڕاستی و ڕەنگدانەوەی ناوێکی خواییان بینیوەتەوە. بە جۆرێك کە بێ هیچ دوودڵییەك سۆفییەکان میانڕەوترین و کراوەترین ئاراستە و فۆڕمی خواناسی بوون لە مێژووی کولتووری ئیسلامیدا. زۆری وێنەکان لە عالەم، زۆری دەرکەوتنەکانیەتی لە بیروباوەڕەکان، بۆیە بڕواهێنان بە تەنها یەك وێنە، وەک کافربوون بەوێنەیەکی تری خوا، بڕوایەکی ناتەواوە، نەبینینی وێنەکەیە بە گشتی. بگرە خودی وشەی کافر لای ئەوان و ئیبن عەرەبی بە تایبەتی، مانا زمانەوانییەکەی هەیە، کە داپۆشین و نەبینینە. بە پێچەوانەوە وەکو چۆن کۆی وێنە جیاوازەکانی بوون، گوزارشتن لە یەك بوونی حەقیقی خوا، سێبەرە هەمەجۆرەکانیش نیشانەن بۆ یەك بوونی ڕاستەقینە، بە هەمان شێوە وێناکردنی خواش لە خەیاڵەکان هەر هەموویان دەچنەوە سەر یەك ئەسڵ، کە خوای تاك و تەنهایە. تێڕوانینی ئیبن عەرەبیانە لەم بارەیەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە خوا و تەجەلای ناوەکانی ئەمەوە هەیە لەبووندا. باوەڕی ئایینیانەی ئیبن عەرەبی بە بەخشندەیی خوایی و سەرەنجام میانڕەوی و فیکری یەکتری قبوڵکردن، بە چەندین شێوە و بەڵگەی قورئانی خستووەتەڕوو، کە بە هۆی فراوانی و زۆری لێرەدا ناچارین تەنها ئاوڕ لەیەك بەڵگە و لایەنی ئەو فیکرە بدەینەوە، ئەویش ئەوەیە ئەم لە چوارچێوەی تیۆرەیەکی قورئانی و خواییدا پێشکەشی دەکات، کە ناونراوە تیۆری فراوانی خوایی (الاتساع الالهی). وشەی (الواسع) یەکێکە لەناوەکانی خوا و نۆ جار لە قورئاندا بەکارهاتووە، حەوتیان لە شێوەی (واسع علیم) بەم شێوەیە ( البقرة، ئایەتەکانی: ١١٥، ٢٤٧، ٢٦١، ٢٦٨، ئال عمران، ٧٣، المائدة، ٥٤، النور) هەشتەمیش (وکان الله واسعا علیما: النساء، ئایەتی، ١٣٠) نۆیەمیش (واسع المغفرة: النجم، ٣٢). بەمجۆرە هەشتیان لە وەسفی

زانستی خواییدایە و نۆیەمیش لە وەسفی لێبوردەیی خوادایە. بە هەمان شێوە وشەی (وسعت)یش دووجار لە قورئاندا بۆ وەسفی خوا بەکارهاتووە، کە ئەویش سەرچاوەکەی هەر وشەی (الواسع)ە. یەکەمیان لەسورەتی (الاعراف) ئایەتی ١٥٦ (و رحمتی وسعت کل شی) و دووەمیش ئایەتی (٧) سورەتی (الغافر) (ربنا وسعت کل شئ رحمة). هەر بە هەمان جۆر (وسع)یش چوار جار بەکارهاتووە، جارێك بۆ وەسفی عەرش (وسع کرسیە السماوات و الارض) (البقرة، ٢٥٥) و سێ جارەکەی تریش لەباسی خوادا (وسع ربی کل شئ علما: الانعام، ئایەتی ٨٠) (وسع ربنا کل شئ علما: الاعراف، ئایەتی ٨٩) (وسع کل شئ علما: طه، ئایەتی ٩٨). بەو پێیەی هەموو ناوێکی خوایی هەڵگری سیفەتێك و واتایەکە، یان نیسبە و پەیوەندییەکی واتاییە بە بوونەوە بە زمانی ئیبن عەرەبی، پرسیارەکە ئەوەیە ئەم سیفەت و ناوە، چ پەیوەندییەکی بە بوونەوە هەیە و واتای چییە؟! پێش ئیبن عەرەبی لەلایەن ئەهلی کەلام و لاهوتی ئیسلامییەوە چەندین واتای بۆکراوە. کە لە کۆی گشتیاندا بە واتای بێ کۆتایی و بێ سنوری توانا و بەخشندەیی و زانست و حیکمەت و باقی سیفەتەکانی تری خوایی واتاکراوە. تا ئەوەی غەزالی لە کتێبە تایبەتەکەی بەناو و سیفەتە خواییەکان کە چەند هەنگاوێك دوورکەوتنەوەیە لە میتۆدی نەقڵانی و ئەقڵانی پێش خۆی لە شیکردنەوەی ناوەخواییەکان و چەند هەنگاوێکیش دەکەوێتە خوار شیکردنەوەکانی ئیبن عەرەبی، غەزالی لەم کتێبەیدا کە تایبەتە بە ناوەکانی خوا، لەبارەی ناوی (الواسع) دوو واتای لێ وەردەگرێ: یەکیان بێ سنوری زانیاری و زانستی خواییە، ئەوی تریشیان بێ سنوری چاکە و نیعمەتی خواییە. بە هاتنی ئیبن عەرەبی و میتۆدە ئەنتۆلۆژییەکەی بۆ بەستنەوەی واتای ناوەکانی خوا بە بوونەوە و شیکردنەوەی بوونیش بەپێی ناوە خواییەکان، بۆ واتاکردنی ئەم ناوە لەبوونەوە بەدوای (وسع)ی خواییدا دەگەڕێ.[1] چونکە بەگشتی بەپێی میتۆدی ئیبن عەرەبی بوون ڕەنگدانەوە و تەجەلای ناوەکانی خوایە، پرسیارەکە ئەوەیە چ شتێك و کام بەش و سیفەتی بوونە ڕەنگدانەوەی ئەم ناوەیە؟![2]

١- المقصد الاسني في شرح اسماء الله الحسنى، ابي حامد الغزالي، تحقيق: محمد عثمان الخشب، مكتبة القران، القاهرة، ل 106.

٢-ناوی (الواسع) لەزمانی عەرەبی و بەو شێوەی لەچەندین دەقی پیرۆزیشدا بەکارهاتوە، بەواتای (فراوانی، توانای لەخۆگرتن، بەرینی) و هاوشێوەکانی دێت، پێچەوانەکەی ئەم وشەیەش لەزمانی عەرەبیدا (ضیقە)ە، واتە تەنگەبەر و تەسک و بچوک و هاوشێوەکانیان. وەک لەوتە بەناوبانگەکەی ئیمامی نفەریدا هاتوە (کلما اتسعت الرؤیا، ضاقت العبارة)، واتە (تا بینین فراوانتر بێت، دەربڕین تەنگەبەرتردەبێ). بەگەڕانەوەش بۆخودی قورئان جارێکی تر ئەم واتا زمانەوانییە دەبینینەوە، وەکو لە ئایەتی کورسیدا لەباسکردنی سیفەت و قەبارەی کورسیدا هاتوە (وسع کرسیە السماوات والارض)، واتە فراوانی کورسییەکەی بە ئەندازەی زەوی و ئاسمانەکانە. یان (واسع علیم) کە چەندین جار لە وەسفی زانستی خوادا بەکارهاتووە، کە بە واتای بێ سنوری و بێ سەرەتا و بێ کۆتایی زانستی خوایی دێت.

واتای گشتی (الواسع) وەکو ناوێکی خوایی ئەوەیە کە ئەو ڕەحمەت و بەخشندەیی و میهرەبانی لەوە فراوانترە کە مرۆڤەکان وێنای دەکەن، لە هەمان کاتدا خوا نەك هەرلە توانایدایە هەموو ناکۆکی و دژیەکی و فرەیی و هەمەجۆرییەی هەیە لە خۆی بگرێ، بەڵکو خوا ئەگەر ئەمانە لەخۆنەگرێ لەخوایەتی دەکەوێ، وەکو دواتر ڕوون دەبێتەوە. ئیبن عەرەبی لەو کتێبەی کە تایبەتی کردووە بە ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی واتای ناوەکانی خوا، لە بەرامبەر ئەم ناوەدا وتویەتی (الواسع) «لەڕاستیدا ئەوەیە هەمو شتێك لەخۆی دەگرێ و هیچ شتێکیش لەخۆی ناگرێ.»[3] هەروەها بەلای ئەمەوە فراوانی خوایی (الاتساع الالهی) ئەوە دەخوازێ خوا لەیەك بیروباوەڕ و یەك ئایین و مەزهەبدا قەتیس نەکرێ، چونکە ئەو زاتێکە بۆ خۆی فراوان و بەربڵاوە و لە هەموو شتێك و هەمو شوێنێك و دواجار لە هەموو بیروباوەڕێکیشدایە. بە لای ئەمەوە «خواش لەوە فراوانتر (واسیعتر) و مەزنتر و گەورەترە لەوەی لە سیفەتێکدا کورت بکرێتەوە، کە کۆتی بکات، (بەهۆی ئەمەوە) لای بەندەیەك لە بەندەکانی بێت و لای یەکێکی تر نەبێ، فراوانی خوایی (الاتساع الالهی) ئەمە قبوڵ ناکات. چونکە ئەو وتویەتی (وهو معکم اینما کنتم) و (اینما تولوا فثم وجه اللّه)، ڕووی هەر شتێکیش ڕاستی و خودی شتەکەیە.»[4] ئەم فراوانییە خواییە ئەوە دەخوازێ کە کەسی بڕوادار هەمیشە پاساو بۆ بیروباوەڕە ناکۆك و جیاوازەکان بە خۆیەوە بدۆزێتەوە، بەو پێیەی (خوای بیروباوەڕەکان) خوایەکە دروستکراو بەپێی ئامادەباشی و توانای کەسی بڕوادار. بۆیە لە فتوحاتدا دوای ئەوەی باسی بۆچوونی بەشێك لە گرووپەکانی ئەهلی کەلام دەکات لەبارەی ناو و سیفەتەکانی خوا و

سەرباری ئەوەش دەشێ (الواسع) هەمیشە بە واتای فراوانی نەیەت و پڕاوپڕی وشەکە نەبێ بەزمانی عەرەبی، بۆ نموونە لەو فەرمودەیەی کە زۆرجار سۆفییەکان و ئیبن عەرەبیش بەکاریدێنن کە گوایە پێغەمبەر وتویەتی (ما وسعنی لا سمائی و لا ارضی، و لکن وسعنی قلب المؤمن)، کە بە واتای ئەوەدێ خوا وتویەتی زەوی و ئاسمانەکانم نەیانتوانی من لەخۆیان بگرن، بەڵام من لەدڵی بڕواداردا جێگام دەبێتەوە. بۆ واتاکردنی ناوی (الواسع) و بەکوردی کردنی، جگەلەوەی پێشتر وتمان، دەکرێ بۆ گەڕانەوە بۆ فەرمودەیەکی بەناوبانگ نزیکتر بینەوە لە دۆزینەوەی هاو واتای ئەم ناوە لە زمانی کوردیدا. لە فەرمودەیەکدا کە زۆربەی سەرچاوەکانی فەرمودە گێڕاویانەتەوە هاتووە، کە جارێکیان عەرەبێکی دەشتەکی لەکاتی نوێژدا لەنزیک پێغەمبەر بوو، لەو کاتە ئەم عەرەبە لە دوعاکەیدا وتی (خوایە من و پێغەمبەر ببەخشە و کەسی ترمان لەگەڵ مەبەخشە. دوای تەوابوونی نوێژ پێغەمبەر ڕوویکردە کابرای دەشتەکی و پێی وت فراوانیێکت کورت و بچوک کردەوە) واتە بەخشندەیی و میهرەبانی خوا. بەم جۆرە دەکرێ لە بەرامبەر (اتساع)، فراوانی بەکاربێنین بێ ئەوەی ئەمە هاوواتایی تەواوەتی و بەردەوام بێ.

٣ . کشف المعنی عن سر اسماء الله الحسنی، محي الدین ابي عبدالله محمد المعروف ب(ابن عربي)، تقدیم، آیة الله الشیخ حسین الممدوحي، تحقیق، الدکتور، بابلو بینیتو، نوید اسلام، منشورات، بخشایش، ایران، قم، الطبعة الاولی، ١٤١٩، ل ١١٠.

٤- الفتوحات، بەرگی شەش، ل ١٦٢/١٦٣.

بۆچوونە ناکۆك و جیاوازەکان لەبارەی ئەم پرسە لاهوتییە، کە زۆرجار گرووپە ئایینییەکانی ناو فەزای فیکری ئیسلامی یەکتریان لەسەر تەکفیر کردووە و کوشتووە، هەروەها دوای ئەوەی دەڵێ ڕێبازی ئێمە لەسەر بنەمای وەڵام و ڕەتکردنەوەی بۆچوونی ئەوانی تر دانەمەزراوە، ئەوجار دەڵێ «خۆمان سەرقاڵ ناکەین بەوەڵامدانەوەی کەس لە خەلقی خوا، بگرە ڕەنگە پاساویان بۆ بێنینەوە (لە هەڵەکانیان)، بە هۆی (فراوانی خوایی).»[٥] چونکە بە بڕوای ئەو، هەموو کەسێك موسڵمان بێت، یان نا، سەرەنجام بڕوادارە و بەشێك لە ڕاستی خوایی لەلایە. کەسێك ئەو ڕاستییە دەزانێ کە لەم ناوەی خوا ورد بووبێتەوە و بەرجەستەی کردبێ، چونکە لەم ناوەوە «تەحەمولی ئازار و جەفا دەکرێ و بە هۆشیەوە لە هەموو شتێکدا ڕوویەك بۆ لای حەق دەبینێ.»[٦] ئەم میانڕەوییەی ئەم و نەرمی نواندنەی تەنها تایبەت نییە بە گرووپە ئیسلامییە جیاواز و ناکۆکەکان، ئەوە وەك یاسایەکی گشتی و لێکەوتەیەکی جێگیری ناوی (الواسع)ی خواییە لە بووندا. بۆیە لەهەمان فتوحات و لەهەمان بەرگ و بەڵام دوای نزیکەی سەد لاپەڕەیەك دوای ئەوەی باسی شەریعەت و ڕێبازی پیغەمبەران دەکا، کە هەموویان دەچنەوە سەریەك و هەریەکەیان بە ڕوویەك لە ڕووەکان ڕاستن بەپێی ڕێبازی سۆفیانە، ئەوجار دەڵێ «لە بۆچوونی ئێمەدا لە جیهاندا شتێك بوونی نییە، ئیلا خودی خوای تێدا نەبینین، (بۆیە) تەعزیمی دەکەین و هیچ شتێك لە دنیای هەبوو پەلامار نادەین.»[٧] ئەم دوایین دەربڕینەش بە ڕوونی دەمانباتەوە سەر باوەڕی سۆفییە کۆنەکانی وەکو حەلاج، کە بە بڕوای ئەو (ئیبلیس) کە نوێنەرایەتی ئەو پەڕی خراپە دەکات لە بووندا بەشێکە لە وێنە خواییە گشتییەکە و لەبری ئەوەی فاسق بێ، ئاشقە.

لەبری ئەوەی بەشێك بێ لە تێکدانی مەملەکەتی خوایی و ڕێگر بێ لە خواپەرستی، سەرچاوەی ڕاستەقینەی جیاکردنەوەی چاکە و خراپەیە و دەرکەوتەیەکی تری خواییە لە بووندا. بەڵام ئەوەی ئیبن عەرەبی جیادەکاتەوە لەوانەی پێش خۆی ئەوەیە، کە ئەم لە چوارچێوەی فیکرێکی هارمۆنی و میتۆدێکی عیرفانی گشتگیر و فراواندا ئەم بیرۆکەیە دەخاتەوەڕوو. وەك بەشێك لە بیروباوەڕی یەکێتی بوون و هەمیش وەك بەشێك لە هەرەمی فیکرێکی خواناسی فراوانتر. بۆ نموونە ئەو لە شوێنێکی تر لە فتوحاتدا و لە چوارچێوەی باسکردنی سیفەتی (الواسع)ی خوایی دەڵێ، ئەم سیفەتە ئەوە دەخوازێ بڕواداران هەموویان بە برای خۆت بزانی و چیشت بۆ خۆت پێخۆشە بۆ ئەوانیشت پێخۆش بێ. ئەوەش بەپێی مەنتیقی ئەو

٥- هەمان سەرچاوە، بەرگی سێ ، ل ٢٧٠.
٦- كشف المعنى عن سر اسماء الله الحسنى، ابن عربي، ل ١١١.
٧- الفتوحات، بەرگی شەش، ل ٢٦٣.

فەرموودەیەی کە پێغەمبەر وتویەتی (ئیمانی کەستان تەواو نابێ تا ئەوەی بۆ خۆتان پێخۆشە بۆ براکەشتان پێتان خۆش نەبێ). ئەوجار دەڵێ بەو پێیەی خوا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی دروستکردووە (وەکو لە فەرموودەی راستدا هاتووە) و هەرچی هەیە تەسبیحاتی خوا دەکا و هەرچی هەیە رەحمەتی خوایی دەیگرێتەوە وەکو قورئان وتویەتی، کەواتە «برایەتی بە وێنە و بە ئیمان سەلمێنراوە، چونکە هەرچی هەیە بڕوای پێیەتی.»[٨] بەم پێیە مرۆڤی عاریف کە خاوەنی ئەو بڕوا فراوانەیە بۆ خوا و بوون، بە چاوی بەخشندەیی و میهرەبانی لە هەموو بوون و بوونەوەرەکان دەڕوانێ و کەسێکە ئەنانییەت و خۆپەرستی و خۆپەسەندی لە دڵدا نییە. بەپێی ئەم تێگەیشتنە لە واتای (اتساع)ی خوایی، خواناسی راستەقینە کە عاریفە «ئەو کەسەیە کە خوا لە هەموو شتێکدا دەبینێ، بەڵکو بە خودی هەموو شتەکان دەیبنێ.»[٩] بۆیە ئامۆژگاری ئەو بۆ شوێنکەوتوانی ئەوە بووە کە وتویەتی «نەکەی خۆت ببەستیەوە بە یەك بیروباوەڕی تایبەت و کافر بیت بە ئەوانی تر، چونکە بەم کارە چاکەیەکی زۆر لەدەست خۆت دەدەی، بگرە بەم رێگایە زانستی ئەوە لە دەست دەدەی وێنەکە بەو شێوەیە ببینی کە هەیە. لە ناخی خۆتدا هیولی (واتە بێ وێنە) بە بەرامبەر وێنەی بیروباوەڕەکان هەمووی، چونکە خوا لەوە فراوانترە (اوسع) کە لە بیروباوەڕێکدا قەتیس بکرێ و لە دانەیەکی تر دەربکرێ، خۆی وتویەتی (اینما تولوا فثم وجه الله).[١٠] نەی وتووە لەلایەك دەردەکەوم و لەلایەکی تر ونم، وتویەتی ڕووی خوا، کە مەبەستی حەقیقەتی زاتی خوایە لە هەموو لایەك و لە هەموو شوێنێکیشە. واتای ئایەتەکە بە کورتی ئەوەیە: راستی خوا لە هەموو شوێنێکە. بۆیە «ئەگەر عاریف بە راستی عاریف بێ، وابەستەی بیروباوەڕێك نابێ و دانەیەکی تر ڕەتبکاتەوە.»[١١] لەم باوەڕەوە ئیبن عەرەبی کاتێك باسی قەومی نوح و پەرستنی بتەکان دەکات لایان، دەڵێ قەومی نوح لە رێی بتەکانیانەوە خوایان پەرستووە، چونکە هەموو بتێك ڕوویەك و بەشێك لە خوایەتی خوایی هەڵگرتووە.

## سۆفییەکان میانڕەوترین و کراوەترین ئاراستە و فۆڕمی خو اناسی بوون لە مێژووی کولتووری ئیسلامیدا

زاتی خواش «لە هەموو پەرستراوێکدا ڕوویەکی هەیە، دەیزانێ ئەوەی دەیزانێ و نایزانێ ئەوەش کە

٨- الفتوحات، دار الصادر، بەرگی چوار، ل ٢٥٦.
٩ - فصوص الحکم، ل ١٩٢
١٠- هەمان سەرچاوە، ل ١١٣.
١١ – الفتوحات، بەرگی چوار، ل ٥٦١/ ٦٦١.

نایزانێ.»[١٢] تاجەدینی خوارزمی (وەکو شارحێك) لە لێکدانەوەی ئەم باوەڕەی ئیبن عەرەبی وتویەتی «جیاوازی نێوان خوای دروستکراو بەپێی بیروباوەڕەکان و بتەکان، کە بت پەرستەکان دەیانپەرستن ئەوەیە کە بتەکان دروستکراون لە دەرەوە و خوای بیروباوەڕەکانیش دروستکراون لەناوەوە.»[١٣] ئەوەش دەمانباتەوە سەر یەکێکی تر زاراوەکانی ئیبن عەرەبی، ئەویش خوای بیروباوەڕ (اله المعتقدات)ە، کە ئەویش ئەو خوایەیە «بەکردەی (جعل) دروستکراوە.»[١٤] واتە بوونەوەرێکی فیکری مێژوییە و دەرەنجامی باوەڕ و گەڕانی مرۆڤە بە دوای خوادا و وێنەیەکی خوایە کە دەستکردی مرۆڤ خۆیەتی. «خوای بیروباوەڕەکان وێنە، یان بیرۆکەی خوایە کە ئەقڵی مرۆڤ دروستی دەکات، یان شوێنی دەکەوێ و لەدڵیدا جێگیر دەبێ، وێنەیەکی سیفاتی خوایە هەموو مرڤێك بەپێی توانا پێی دەگات.»[١٥] بەم جۆرە دوو خوا بوونیان هەیە. یەکیان زاتی خوایە کە (الله)یە و نەزانراوی نەزانراوەکانە و ئیمکانی نییە مرۆڤ بتوانێ بە تەواوەتی بیناسێ و بیزانێ، فراوانە بە زانست و بەخودی خۆی و لە دنیای نادیاری نەزانیدا دەمێنێتەوە بۆ مرۆڤەکان. لە بەرامبەردا ئەوەی دەستی مرۆڤ دەکەوێ و دەشێ لەم دنیایەدا پێی بگات لەبارەی خواوە، وێنە و وێناکردنی خوایە لە خەیاڵ و هۆشی خۆیدا، خوایەك کە خاوەنی یەك وێناکردنی تەنگەبەرە، کە ئەویش خوای ناو بیروباوەڕەکانە. زاتی خواش بەخۆی و ناو و سیفەتەکانییەوە ئەوەندە فراوان و گەورە و مەزنە، کە وەك دەریایەکی بێ کەنار و بێ کۆتا وایە، قەترەی ئەو خوایەتییە و دڵۆپەکانی بەسەر هەموو بیروباوەڕەکاندا دابەش بووە. کەسێك پێی وابێ دڵۆپەکەی ئەو هەموو دەریاکەیە، بە هەڵەدا چووە. راستە ئەو بەشێك لە خوایەتی خوای بەرکەوتووە، بەڵام هەمووی نییە. مرۆڤ بە ئەندازەی ئامادەباشی بۆ کۆکردنەوەی دڵۆپەکان لە دڵیدا و بە ڕادەی بینینی هەموویان زۆرترین بەشی دەریاکەی بەردەکەوێ. بەم هۆیەوە هەموو کەسێك خاوەنی وێنەیەکی تایبەتە بە خوا، کە لە هی ئەوی تر ناچێ و جیاشە لە خودی خوا خۆی. ئەوەش ئیبن عەرەبی ناوی دەنێ بە (خوای بیروباوەڕەکان). یەکێك لە بەڵگە ئایینییەکان کە ئیبن عەرەبی زۆر دووبارەی دەکاتەوە بۆ ئەم چەمکە ئەو فەرموودەیەیە کە لە چەندین سەرچاوەی راستی فەموودەدا هاتووە، کە ڕۆژی دوایی خوا لەسەر وێنەیەکی نەناسراو تەجەلا دەکا و دەردەکەوێ

---

١٢ – فصوص الحكم، ل ٢٧.

١٣ – شرح فصوص الحكم، تاج الدين حسين الخوارزمي، ٨٣٨ مردوه، تحقيق، اية الله حسين املي، ناشر، مركز انتشارات دفتر تبليغات اسلامي، چاپ دوم، ١٣٧٩، ل ٦٠٨.

١٤- فصوص الحكم، ل١١٣.

١٥- المعجم الصوفي (الحكمة في حدود الكلمة)، الدكتورة سعاد الحكيم ، ل ٨٧.

بۆ مرۆڤەکان، ئەوجار دەڵێ: من خوای گەورەتانم. ئەوانیش دەڵێن: پەنا بەخوا لە تۆ. ئەوجار خوا لەسەر وێنەی بیروباوەڕکانی ئەوان دەردەکەوێ، ئەوانیش سوجدەی بۆ دەبەن. بە لای ئیبن عەرەبیەوە هۆی نەناسینەوەی خوا لای بەندەکانی خوا لەو دنیا کە دنیای ئاشکرا بوونی نهێنییەکان و دەرکەوتنی ڕاستییەکانە، ئەوەیە کە ئەمان لەم دنیایە وێنەیەکیان لە خوا پەرستووە، نەك خودی خوا خۆی. ئەم دنیایەش دنیای پەردە و شاردنەوە و دیارنەبوونی ڕاستییەکانە! ئەمانە لەم دنیایە بەندەی ئەو وێنانە بوون کە هەر خۆیان لەبارەی خواوە دروستیان کردووە، هۆی ئەوەش ئەوەیە کە خوا لە هیچ وێنەیەك ناچێ و لە هیچ وێنەیەکدا جێی نابێتەوە و وێنە لەخۆی ناگرێ. بۆیە کاتێك خۆی ئاشکرا دەکات، نایناسن و لێی دەترسن و پەنا بەخوا دەگرن (کە هەر خودی خوا دەرکەوتووەکەیە) لەو خوایەی خۆی دەرخستووە. بەڵام کاتێك خوا وێنەی خۆی دەگۆڕێ بۆ ئەو وێنەی خوایەتیەی ئەوان بڕوایان پێی کردووە و پەرستویانە لە دنیا، ئەو کاتە هەموویان کڕنۆشی بۆ دەبەن و دەیپەرستن. بۆیە «بە گشتی پێویستە هەر کەسێك باوەڕێکی هەبێ لەبارەی خواکەیەوە، کە بۆی دەگەڕێتەوە و داوای دەکا تێیدا.»[١٦] ئەو کەسەش بەپێی ئەم وێنەیەی بۆ خوا هەیەتی باوەڕ بە خوا دەکا و هەر بەپێی ئەم وێنەیەش داوەری لە نێوان باوەڕی ڕاستەقینە و ناڕاستەقینە دەکات لە دنیا. لە دوارۆژیش ئەو بەدوای خوایەك دەکەوێ کە هاوشێوەی خوای ناو بیروباوەڕەکەی خۆی بێ، لە کاتێکدا خوا لەوە فراوانترە کە لە وێنەیەکدا جێی بێتەوە و بەیەك وێنەی چەسپاو ببەسترێتەوە. لە یەکێکی تر لە نامەکانیشی بە ناونیشانی (کتاب المعرفة) لەبارەی پرسی بینین بەپێی بیروباوەڕ، جارێکی تر ئەوە دەڵێتەوە کە پێشتر وتبووی، بەڵام ئەمجارەیان زیاتر ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێ «بزانە پێویستە هەر کەسێك بیروباوەڕێکی هەبێ لە بارەی خواکەیەوە، کەپێی دەگەڕێتەوە و لەناویدا داوای دەکا (واتە لەو دنیا بەو بیروباوەڕە دەگەڕێتەوە لای خوا و لەم دنیاش نزا و دوعا لەم خوایە دەکات). بۆیە ئەگەر خوای گەورە لە بیروباوەڕێکدا تەجەلای کرد لە وێنەی بیروباوەڕەکەی دەیناسێ و دانی پێدادەنێ. ئەگەر لە غەیری (ئەو وێنەیەش) تەجەلای کرد ئینکاری دەکا و خۆی لێ دەپارێزێ و بەم هۆیە بێ ئەدەبی بەرامبەر دەکات (واتە بڕوای پێناکا و بە کوفری دەزانێ و قسەی پێ دەڵێ). لەلای خۆشی ئەو ئەدەبی بەرامبەر نواندووە (چونکە بەرگری لە خوای بیروباوەڕی خۆی کردووە).» بۆیە بڕوایەك لە خاوەن بیروباوەڕێك دروست (جعل) نابێ، ئیلا بەوە نەبێ کە لە خۆیدا دەرکەوتووە و

١٦- فصوص الحكم ، ل ١١٣.

بڕوای پێکردووە. «خوا لە بیروباوەڕدا بە دروستکردن (جعل)ە، بۆیە ئەمانە تەنها خۆیان بینیوە (لە بیروباوەڕەکانیان و ئەوەش کە دروستیان کردووە، پلەی کەسەکان لە زانست بە خوای گەورە لە دنیا هەمان پلەکانی بینینیانە لە قیامەت، پێشم وتی هۆی ئەوە چییە. (واتە هۆی ئەوەی سەرەتا وتی، خوا لەناو بیروباوەڕ، خوایە لە قیامەت.) بۆیە وریابە نەکەی خۆت ببەستیەوە بە بیروباوەڕێکی دیاریکراو و ئەوانی تر تەکفیر بکەی، (بەم هۆیەش) لە دەستت بچێ کارەکە بەو شێوەی کە هەیە. (واتە حەقیقەتی ناسینی خوایی). لە خۆتدا هیولی بە بۆ وێنەی هەموو بیروباوەڕەکان. چونکە خواوەند فراوانتر و مەزنترە کە بیروباوەڕێك لە خۆی کورت بکاتەوە لە بیروباوەڕێکی تر. خوای گەورە وتویەتی (فاینما تولوا فثم وجه الله)، ڕووی شتەکەش ڕاستییەکەیەتی.»[١٧] بەم شێوەیە خوای بیروباوەڕەکان، خوایەکە دروستکراوی مێژوو و وشیاری مرۆڤە. گەرچی ئەم باوەڕانە بەشێك لە ڕاستیان تێدایە، بەڵام کێشەی سەرەکی باوەڕ کردنە بە تەنها باوەڕی خۆت و کافر بوونە بە ئەوانی تر. پابەند بوونی خواپەرستان بە وێنەیەکی چەسپاوی خوا، هۆی ئەوەیە ئەمانە پشت بە عەقڵ دەبەستن. چونکە سروشتی عەقڵ وایە کەشتەکان دەبەستێتەوە و چوارچێوەیان بۆ دیاریدەکات و پێناسەیان دەکات. لە کاتێك خوا خۆی دەکەوێتە سەروو پێناسە و کۆتکردن و ناسینی تەواوەتیەوە. هەرچی عاریفی ڕاستەقینەیە ئەو کەسە کە لە بری عەقڵ، دڵی دەکاتە سەرچاوەی خواناسی و بەوجۆرە توانای لەخۆگرتنی زیاد لە وێنەیەکی خوای هەیە و بە پێچەوانەشەوە دەتوانێ وێنە ناکۆکەکانیش کۆبکاتەوە. لەم حاڵەتە لەبری هێزی فیکر، هێزی خەیاڵ دەبێتە سەرچاوەی خواناسی و ئەویش بە سروشت توانای کۆکردنەوەی هەموو ناکۆکی و وێنەجیاجیاکانی هەیە. «هێزی خەیاڵ لەبنچینەدا سنوری نییە و نایناسێ.»[١٨] بەم هۆیەوە تەنها خەیاڵ دەتوانێ وێنای خوا و مەحاڵیش بکات، خاوەن خەیاڵەکان ئەوانەن کە بە هیچ وێنەیەکی خوا نائاشنا نین و ئەو لە هەموو شتێکدا دەبینن. بەلای عاریفەکانەوە فرە باوەڕی خوا، یاخود هەمەجۆری دەرکەوتنی خوا لە بیروباوەڕەکان سروشتی سەرەکی خوایەتییە. بەم جۆرە هەموو بیروباوەڕەکانی خوا و هەموو خوا پەرستنەکانی بیروباوەڕەکان، خواپەرستی ڕاستەقینە بوون لە ناوەڕۆکدا. «خوا لای بیروباوەڕی هەموو خاوەن بیروباوەڕێکە دوای

١٧- كتاب المعرفة، رسائل ابن عربي، تحقيق و تقديم، سعيد عبدالفتاح، المجلد الرابع، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت، لبنان، الطبعة الاولى، ٢٠٠٤، ل ١٩٢.

١٨- الفتوحات، بەرگی چوار، ل ١١٢.

هەوڵدان(ئیجتیهاد)ی.»[١٩] بەڵام خواپەرستی حەقیقی بێ پەردە بۆ ئەوانەیە کە ئەو راستیانەیان زانیوە. ئەم ئیجتیهاد و هەوڵەی کەسی بڕواداریش کە سەردەکێشێ بۆ گەیشتن بە وێنەیەکی خوا، شتێك نییە لەسەر بنەمای ئایینەکان دروست بێ و تەنها بە ئەندازەی ئایینەکان ئەم وێنانەش بگۆڕێن. بەڵکو راستییەکە بۆ ناو لاهوتی یەك ئایین خۆشی، بۆ نموونە لە ئیسلامدا وێنەی خوا لای جەهمی، موعتەزیلە، حەنبەلی، ئەشعەری، ماتوریدی، ئەهلی فەلسەفە و باقی گرووپەکانی تریش دەگۆڕێ. هەریەکە و بە جۆرێك تەفسیر و تەئویلی ناو و سیفەتەکانی خوای کردووە، کە سەرەنجام ببێتە هۆی فرە وێنەیی بۆ خوا. بەڵام تەنها سۆفی و عاریفەکانن کە دەتوانن هەموو ئەو وێنانە کۆبکەنەوە. بەو پێیەی بە بڕوای ئەوان هەر گرووپە و بەشێك لە راستیان لایە و بەشێك لە خوایەتی خوایان بۆ کەشف بووە. تا ئێرە سروشتی و ئاساییە، بەڵام کێشەی ئەوان ئەوەیە کە لەسەر ئەم باوەڕانەی خۆیان لەبارەی خواوە، ئەوانی تریان تەکفیر کردووە. بۆیە لەلای ئیبن عەرەبییەوە ئەم گرووپە ئیسلامیانە چەند ناکۆك و ناتەباش ببوون، هەردەچنەوە سەر یەك و لە بازنەی ئیجتیهاد دەرنەچوون و هەموویان چەند لەم دنیا لەچاوی یەکتریشدا هەڵە و دژ بن، ئەوا لەو دنیا هەر لەلایەن خواوە پاداشت دەکرێن. لە فەرموودەشدا هاتووە کە هەموو موجتەهیدێك پاداشتی هەیە، ئەوەی ئیجتیهادەکەی راستە، دوو پاداشت وەردەگرێ، یەکیان بۆ هەوڵەکەی و ئەوی تریشیان چونکە راستی کردووە. بەڵام ئەو موجتەهیدەی هەڵەی کردووە، ئەوا پاداشتێکی هەر هەیە، چونکە هەوڵی داوە. بە لای ئیبن عەرەبیشەوە ئەم فەرموودەیە تایبەت نییە بە حوکمە فیقهییەکان بە تەنها، بەڵکو دەقێکی کراوەیە و هەموو ئیجتیهاد و هەوڵێکی موسڵمانان دەگرێتەوە بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان. «هەموو موجتەهیدێك لە سیفەت و ناوەکانی خوا، پاداشتی هەیە، ئەگەر بە هەڵەشدا چووبێت، مادام لە نیەتی باشەوەیە.»[٢٠]

## بەگشتی بەپێی میتۆدی ئیبن عەرەبی بوون ڕەنگدانەوە و تەجەلای ناوەکانی خو ایە

کەواتە ئەم بیروباوەڕانەی هەن لە جەوهەردا هەوڵی مرۆڤن بۆ دۆزینەوەی خوا، ڕوو کردنە ئەون، ئەویش خۆی وتویەتی بەرامبەر هەموو ڕوویەك وەستاوە، بۆیە «هەموویان ڕاستن.»[٢١] ئەمەش نەك هەر ناکۆك

١٩- هەمان سەرچاوە، بەرگی شەش، ل ٢٦١.

٢٠- هەمان سەرچاوە، بەرگی سیانزە، ل ٢٩.

٢١- فصوص الحکم، ل١١٤.

نییە بە یەکتایی (توحید) و خواناسی ڕاستەقینە، بەڵکو فرە باوەڕی خوا، یاخود هەمەجۆری دەرکەوتنی خوا لە بیروباوەڕەکان، سروشتی سەرەکی خوایەتییە. بگرە ئەگەر خوا توانای لەخۆگرتنی فرە وێنەیی و فرە دەرکەوتنی نەبا، ئەوا سەرەکیترین سیفەتی خوایەتی خۆی لەدەست دەدا، کە ناکۆتایی و نا سنوری و ڕەهاییە. «بەم هۆیەوە شیرك لە جیهاندا بوونی هەبووە، چونکە ئەو قابیلیەتی لەخۆگرتنی هەموو وێنەیەکی هەیە، ئەگەر وانەبا، خواوەند نەدەبو، خواش لەلای هەموو وێناکردن (بۆچوون و بیروباوەڕ)ێك بوونی هەیە، هەروەکو چۆن لە وێناکردنی پێچەوانەی ئەو وێناکردنەش بوونی هەیە. (فما آمن اکثرهم الا وهم مشرکون).»[٢٢] بەپێی دەقی ئەم ئایەتە مرۆڤە باوەڕدارەکان بەزۆری موشریکن، چونکە بڕوایان وایە کە خوا لای ئەوانە و لای ئەوانی تر نییە، وێنەیەکیان بۆ خوا دروستکردووە. بەم جۆرە هەموو بیروباوەڕەکانی خوا و هەموو خواپەرستنەکانی بیروباوەڕەکان لە ناوەرۆکدا خواپەرستی بوون، بەڵام بە تێکەڵ کردنی بە شیرکەوە، کە وێنەکردنەکانە. بەڵام خواپەرستی حەقیقی بێ پەردە بۆ ئەوانەیە کە ئەو ڕاستیانەیان زانیوە، وەکو ئەوەی خواناسی ڕاستەقینە ئەوە بێ کە هەموو وێنەکە دەبینێ، نەك بەشێك، یان پارچەیەك. بەم شێوەیە خواپەرستەکان دوو جۆرن، جۆرێك ئەوانەن وێنەیەکی چەسپاوی خوایان لای خۆیان دروستکردووە و بڕوایان بەیەك وێنەی خوا هەیە، ئەوانە خواپەرستە گشتییەکانن. دووەمیش ئەوانەن کە باوەڕیان بە هەموو وێنەکانی خوا هەیە، ئەوانەن کە پێیان وایە خوایەتی خوا ئەوە دەخوازێ لە هیچ وێنەیەکدا بەند نەکرێ و ڕاستی خوا لای ئەمان لە یەك کاتدا لە هەموو باوەڕەکاندایە و لە هیچیشیاندا نییە بە تەنیا. بۆیە ئەمانە خاوەنی بیروباوەڕێکی هیولا نین، ئەمانەش خواپەرستە تایبەتەکانن. هیولانیش زاراوەیەکی فەلسەفی یۆنانییە، بە واتای بنچینە و مادەیەك کە هێشتا شێوە و فۆڕمی وەرنەگرتووە. بۆیە عەقڵی هیولانی لە فەلسەفەی ئەرستۆییدا بە واتای عەقڵ بەهێز دێت (العقل بالقوة). ئەو عەقڵەیە کە ئامادەیی ڕوتە بۆ وەرگرتنی مەعقولات و خاڵییە لە هەموو کردە و باوەڕێك، ڕێك وەکو ئەو تەختەیەی هێشتا هیچی لەسەر نەنوسراوە. بەم واتایە باوەڕی هیولی عاریفەکان ئەو باوەڕەیە کە خاڵییە لە هەموو وێنە و چوارچێوە و بیروباوەڕێکی دیاریکراو. شوێنی ئەم باوەڕەش کە جۆرێکیشە لە زانین و مەعریفە، دڵە و شوێنی خواش لای مرۆڤ دڵە، نەك عەقڵ. چونکە دڵ دەتوانێ لەڕێی خەیاڵ و هەست و سۆزەکانییەوە هەموو وێنەکان لە خۆیدا کۆبکاتەوە، بە پێچەوانەی

٢٢- الفتوحات، بەرگی چوار، ل ١٣٣.

عەقڵەوە کە ناتوانێ دوو وێنەی ناکۆك بگرێتەخۆی. خواش لەبارەی قورئانەوە لە سورەتی (ق) ئایەتی سی و حەوت وتویەتی (ان في ذالك لذكرى لمن كان له قلب) واتە: لەم قورئانەدا چیرۆك و یادگاری و وانە بۆ کەسانێك هەیە کە دڵیان هەیە و بەدڵ ئامادەی فێربوونن. ئەوەش بۆیە چونکە «هەڵگەڕانەوە (تقلب)ی لەجۆرەها وێنە و سیفەت، بۆیە (ئایەتەکە) نەیوتووە کەسانێك کە عەقڵیان هەیە. چونکە عەقڵ کۆت و بەندە کارەکە کورت دەکاتەوە (يحصر) لەیەك سیفەت (پێناسە) دا و خواش لە خودی خۆیدا کۆت کردن، ڕەتدەکاتەوە. بۆیە قورئان وانە نییە بۆ ئەوانەی عەقڵیان هەیە، کە ئەوانیش خاوەنی بیروباوەڕەکانن ئەوانەی یەکتری تەکفیر دەکەن و یەکتری بە نەفرەت دەکەن.»[٢٣] لەم جەنگی تەکفیر و ڕووبەڕووبوونەوە و بەریەککەوتنەشدا، تا دانە بە دانە بە دوای سەرکەوتندا بگەڕێن، هەر بە دۆڕاوی دەمێننەوە، ئەگەر بیانەوێ ئەم جەنگە ببەنەوە، جەنگی گەیشتن بە ڕاستی و حەقیقەتی خوا، ئەوا دەبێ کۆببنەوە «براوە هەموویەتی و ئەوەی سەریشیان دەخا هەموویەتی.»[٢٤] بە واتایەکی تر مرۆڤە خاوەن باوەڕەکان لە ڕێی کۆکردنەوەی هەموو باوەڕەکان کە وێنەی هەمەجۆری خوان دەبنە خاوەنی ڕاستییە گەورەکە، خوای گەورەش ئەو کاتە پشتیوانیان دەکا کە هەموویان باوەڕەکان کۆدەکەنەوە، نەك هەر مەزهەب و ئایینە بە باوەڕی داخراوی خۆیەوە جەنگی ئەوی تر بکا. ئەوانەش بە ناوی خوا و بەرگری لە بیروباوەڕی یەکتایی خوا جەنگی ئەوانی تر دەکەن، دووجار بە هەڵەدا چوون: جارێك بەهۆی ئەوەی خۆیان واتای ڕاستەقینەی خوایەتیان ون کردووە، جارێکی تریش بە هۆی ئەوەی ئەمانە جەنگی بیروباوەڕێکی خوایەتی دەکەن، کە ڕەنگە لە هی خۆیان زیاتر خوایی بێ. لە هەمووشی زیاتر ئەوەیە، ئەمانە ئەرکی پاسەوانی خوایان بە خۆیان ڕەوا بینیوە، لە کاتێکدا «خوا لەوە فراوانترە کە ئاخوندی لە بوونەوەرەکانییەوە بەسەرەوە بێ، بە تایبەتی لە کەسانێکەوە کە لەسەر ئیرەیی و خۆشەویستی دەسەڵات و خۆدەرخستن راهاتوون».[٢٥]

بۆیە هەموو پەرستراوێك لەهەر شێوە و فۆڕمێکدا بێت، هەرخوایە و هەرئەویش وتویەتی (وقضى ربك ان لاتعبدوا الا اياه)، واتە خوا قەزای کردووە کە تەنها ئەو بپەرستن. هۆی شیرك تەنها ئەوەیە کە مرۆڤەکان بەپێی شەریعەت و بیروبۆچوونی خۆیان، خوایان پەرستووە. ئیبن عەرەبیش لەبارەی (قەزا) لەم ئایەتەدا وتویەتی «لای ئێمە بە واتەی بڕیاری داوە دێت، لای ئەوانەش کەزانستیان نییە بە ڕاستیەکان، لە زانایانی رسوم

٢٣- فصوص الحكم، ل ١٢٢.
٢٤- هەمان سەرچاوە، ل ١٢٢.
٢٥- الفتوحات، بەرگی دە، ل ٣٢٩.

(شەریعەت)ن (قەزا) بە واتای فەرمانی کردووە دێت.»[٢٦] بە هەمان شێوە لە کتێبێکی تریشدا وتویەتی «لەتوانای هیچ بوونەوەرێکدا نییە قەزای خوایی ڕەتبکاتەوە، ئەو (واتە قەزای خوا) بەردەوامە و کاریگەرە. هەموو بەندەیەك غەیری خوای گەورەی نەپەرستوە.»[٢٧] لە کتێبێکی تریشیدا وتویەتی «قەزای ئەویش لە توانای هیچ مەخلوقێکدا نییە ڕەتیبکاتەوە (ئەو فەرمانە) کاردەکا و بەردەوامە، هیچ بەندەیەك بەندایەتی نەکردووە بۆ جگە لە خواوەندی گەورە.»[٢٨] لەبەر ئەوە هەموو ئەو خواوەندانەی دەپەرسترێن، چ لە دەرەوە وەکو بتەکان و چ لەناوەوە وەکو خوای بیروباوەڕەکان، وێنەی زاتی خواوەند خۆین. مەبەستیش بە پەرستنی هەر پەرستراوێك، تەنها خودی خوا بووە. هیچ شتێك لەبەرخودی خۆی نەپەرستراوە، تەنها خوا نەبێ، هەرچی موشریکە لەوەدا هەڵەی کردووە کە پەرستنێکی بۆ خۆی داناوە بە شێوەیەکی تایبەت، کە لەلایەن خواوە بۆی دیارینەکراوە. بەمەش تووشی ماڵوێرانی بووە. ئەوان لەبارەی شەریکەکانیانەوە (وەکو لە قورئاندا هاتووە) وتویانە (مانعبدهم الا لیقربونا من الله زلفا)، واتە ئێمە بۆیە ئەوانە دەپەرستین تا لە حەقیقەتی خوامان نزیك بکاتەوە. ئەمەش لە ناوەڕۆکدا ئیعتراف کردنە بەخوایەتی خوا بە تەنیا. بگرە ئەوان بتەکانیان بۆ ئەوە دەپەرست تەنها بۆ ئەوەی لە خوایان نزیك بکاتەوە، کەواتە موشریکەکان لەڕاستیدا بەدوای خوادا گەڕاون، هەرچەندە بە ڕێگایەکی هەڵەشدا ڕۆیشتبن. وەکو ئەو موجتەهیدانەی هەوڵیان داوە حەقیقەتی خوا بدۆزنەوە. بۆیە بەلای ئیبن عەرەبییەوە گێڕانەوەی پاساوی موشریکەکان بۆ شیرکەکەیان لە قورئاندا، تەنها گێڕانەوەی پاساو نییە، بەڵکو ڕاستیەکیشە و قورئان بە ڕوونی دەیگێڕێتەوە، کە بتەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕێگایەکی تری نزیکبوونەوە بوون لە خوا، بڕێك خوایەتیان تێدا بووە، ڕێگایەکی خواپەرستی و یەکتایی بووە، بەڵام بە شێوەی هەڵە. لەوەش زیاتر لای ئیبن عەرەبی موشریك و کردەی شیرك شتێکە دەکەوێتە قۆناغی بەر لە هاتنی ئیسلام، بەر لە هاتنی

---

٢٦- هەمان سەرچاوە، بەرگی پێنجەم، ل ٣٨٢. یان بەرگی شەش، ل ١٦٣.

٢٧- کتاب الباء، من کلام الشیخ ابي عبدالله محمد بن علي بن العربي، الطائي الحاتمي الاندلسي، مکتبة القاهرة، المطبعة المنيرية بالازهر، الطبعة الاولی، ١٩٥٤: ل ٤١ کتاب الالف، وهو کتاب الاحدية. یان کتاب المعربفة، رسائل ابن عربي، تحقيق و تقديم، سعيد عبدالفتاح، المجلد الرابع، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت، لبنان، الطبعة الاولی، ٢٠٠٤، ل ١٧٨. بە هەمان شێوە کتاب المسائل، هەمان سەرچاوە، ل ٣٠٩. و دەیان جاریش لە الفتوحات و فصوص.

٢٨- کتاب الجلالة، وهو کلمة الله، رسائل ابن عربي، الشيخ الاکبر محي الدين محمد بن علي بن محمد بن احمد ابن عربي الحاتمي الطائي، وضع حواشيه، محمد عبدالکريم النمري، دار الکتب العلمية، بيروت ، لبنان، الطبعة الاولی، ٢٠٠١، ل ٣٨ .

پێغەمبەر و ئاشکرابوونی یەکتایی لەلایەن خوا خۆیەوە. بۆیە لە ڕۆژی دواییش خوا لەو موشریکانە خۆش نابێ کە «پێغەمبەریان بۆ نێردراوە، یان ئەوانەی باش بیریان نەکردووەتەوە و ئیجتیهادیان نەکردووە.» واتە خۆیان ماندوو نەکردووە بۆ دۆزینەوەی خوا. ئەوانەشی هەوڵی خۆیان داوە و بە دوای خوادا گەڕاون، بەڵام بەهەڵە تووشی شیرك بوون، ئەوانە لێخۆشبوونی خوا دەیانگرێتەوە. پێغەمبەریش وتویەتی ئەگەر موجتەهید هەڵەش بکات هەر پاداشت دەکرێ «فەرع و ئەسڵی جیانەکردووەتەوە.» دوای ئەوە دەڵێ خواش وتویەتی (رحمتي وسعت كل شئ) و (سبقت رحمتي غضبي).[٢٩] بۆیە سەرەنجام «خوا بە نیەتیان لەگەڵ موشریکەکان دەکات، چونکە ئەمان خوایان پەرستووە، نەك بتەکانیان، بۆیە لە کۆتاییدا دەیانخاتە بەر ڕەحمەتی فراوانی خۆی، پاش سەندنەوەی مافی خەڵك لێیان.»[٣٠] یەکێك لەو کەسایەتییە هەرە گرنگانەی تەسەوف، کە دوای ئیبن عەرەبی بە گەورەترین سۆفی فەلسەفەکار دادەنرێ، (عبدالكريم الجيلى)یە لە سەدەی نۆی کۆچی، ئەویش وەکو شوێنکەوتوی هەرە دیاری ئیبن عەرەبی لەژێر کاریگەری بیروباوەڕی یەکێتی بوون و تیۆری فراوانی خوایی، بەهەمان شێوەی ئیبن

٢٩- الفتوحات، بەرگی یانزە، ل ١٦١.

٣٠- هەمان سەرچاوە، بەرگی یانزە، ل ١٦١.

عەرەبی بڕوای وایە کە شوێنکەوتوی هەموو ئایینەکان، یەك خواوەند دەپەرستن، بەڵام بە شێوە و ڕێگای جیاواز. لە کتێبی (الانسان الكامل) کە بەناوبانگترین کتێبیشیەتی، لەبەشی شەست و سێ کە تایبەتە بە قسەکردن لەسەر ئایین و ئایینزاکان، وتویەتی کاتێك قورئان بۆمان دەگێڕێتەوە (ائتيا طوعا او كرها، قالتا اتينا طائعين)، واتە خوا ڕووی لە زەوی و ئاسمانەکان کرد و پێی وتن بە ئیرادە و ویستی خۆتان وەرن، یان بەناچاری، ئەوانیش وتیان بەگوێڕایەڵییەوە هاتین. مەبەستی بە زەوی و ئاسمانەکان تەنها دانیشتوانەکانییەتی، وەکو ئەو دەڵێ. ئەمانیش هەموویان بە ویستی خۆیان خواپەرستیان هەڵبژاردووە. یان خوا لە قورئاندا وتویەتی (وماخلقت الانس والجن الا ليعبدون)، کەواتە پەرستن کردەوەیەکی ناچاری، یان بە ئیرادەی هەموو مرۆڤەکانە، بەڵام «پەرستنەکان جیادەبنەوە بە هۆی جیاوازی پێویستی ناو و سیفەتەکانەوە، چونکە خواوەند بەناوی گومڕاکەر (مضل) دەردەکەوێ وەکو چۆن بەناوی (الهادى) دەرکەوتووە، وەکو چۆن لێکەوتەی ناوی (المنعم) دەبێ دەربکەوێ، بەهەمان شێوە لێکەوتەی ناوی (منتقيم)یش.»[٣١] لە سەرەتاشدا

٣١- الانسان الكامل في معرفة الأواخرء الأوائل، عبدالكريم بن ابراهيم الجيلي المنوفي ٨٠٥، تحقيق، ابو عبدالرحمان صلاح بن محمد بن عويضة، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، الطبعة الاولى، ١٩٩٧، ل ٢٥٣.

خەڵکی لەسەر یەك ئایین و یەك ئایینزا بوون (کان الناس امه واحده)، بەڵام خواوەند پێغەمبەرانی ناردووە تا خەڵکی بە هەردووك سیفەتی هادی و گومڕاکەر خوا بپەرستن، هەریەکە و بەپێی گەیشتنی بە ڕاستی خوایی، بۆیە «هەرچی هەیە لەبووندا خوا دەپەرستێ.»[٣٢] ئەوەش ڕاستییەکە هەموو کەس نایزانێ، چونکە لە پەرستنی نەیارانی ناگات. وەکو چۆن مرۆڤ لە پەرستنی بوونەوەرە بێ گیانەکان ناگات، مەگەر بگات بە پلەی وەلیەکانی خوا، لەو کاتەی کە بیستنی دەبێتە بیستنی خوا (بەپێی فەرموودەکە) ئەو کاتە تێدەگات کە هەموو دەنگێك لە بووندا، تەسبیحاتی خواییە و پەرستنی زاتی خوایە، بە هەمان شێوەش وەلیەکان نەبێ کەس لە نهێنی خواپەرستی ناگەن لەناو پەرستنی بتەکاندا، خواش وتویەتی (وان من شئ الایسبح بحمده، ولکن لاتفقهون تسبیحهم). هەر لە هەمان ئەو بەرهەمەیدا جیلی لە بارەی پەرستنی بتەکانەوە بڕوای وابوو کە خوا لە هەموو ئەو بتانەدایە کە دەپەرسترێن، لە هەموو پەرستراوێکدا بوونی هەیە، هەر بۆیە خواوەند ناوی لەو بتانە ناوە خوا (الهه). ئەوەش ناونانێکی مەجازی نییە وەکو ئەهلی شەریعەت دەڵێن، بەڵکو ناونانێکی ڕاستەقینەیە. خواش هەموانی بۆ ئەوە دروستکردووە تا بیپەرستن، شتێکیش نییە تەسبیحی ئەو نەکات و بە شێوەی خۆی نەیپەرستێ.[٣٣] لەم بڕوایەوە ئیبن عەرەبی لە یەکێك لە شیعرە هەرە بەناوبانگەکانیدا وتویەتی:[٣٤]

مرۆڤەکان لەبارەی خواوە چەندین بیروباوەڕیان هەڵبەستووە، منیش بڕوام بە هەموو ئەو بڕوایانە کردوە

چونکە خوا لەوە گەورەتر و فراوانترە یەك مەزهەب، یان تەنها یەك ئایینیش بتوانێ قۆرخی بکات و لەوانی تری قەدەغە بکات. ئەو وەکو چۆن لە هەموو شوێنێکە، لە هەموو بیروباوەڕێکیشدایە، وەکو چۆن هەرخۆی خالقی کوفر و ئیمانە، بە هەمان شێوە ئاوێتەی دڵی کەسی کافر و ئیمانداریشە. ئیبن عەرەبی لە گێڕانەوەی فەرموودەکەی تەجەلای خوا لە ڕۆژی قیامەت بۆ بڕواداران و نەناسینەوەی لای زۆرینەیان، جارێکی تر مەقامی ئیحسان دادەڕێژێتەوە و واتا و تێگەیشتنی خۆی تێکەڵ بە فەرموودەکە دەکات، کە ڕێك بەڵگاندنی ئەو قسانەی پێشوومانە. ئەو دەڵێ هۆی نەناسینەوەی خوا ئەوەیە کە ئەمان ئەو وێنە و وێناکردنە دەپەرستن و بڕوایان پێیەتی کە لایانە، بە پێچەوانەشەوە کافرن بە هەموو وێنە و بۆچوونێکی تر. بۆیە ئەوەی دەڵێ خوایان پەرستووە، بەڵام وێنەی خوای بەستووەتەوە بە یەك وێنەوە، ئەو کەسە «گومانی کردووە کە منی

٣٢- هەمان سەرچاوە، ل ٣٥٢.

٣٣- هەمان سەرچاوە، ل ١٠٣ بۆ ١٠٤.

٣٤-الفتوحات، دار الصادر،بەرگی سێ،ل ١٣٢.

پەرستووە، لە راستیشدا ئینکاری کردووم.»[٣٥] چونکە وێنەی خوای بەستووەتەوە بە یەك وێنەوە. بە واتایەکی تر مرۆڤەکان بە ئەندازەی توانای خۆیان وێنەی جیاجیان بۆ خوا دروستکردووە، کە ئەو ناوی ناوە بە (خوای بیروباوەڕەکان)، کێشەکە ئەو کاتە دەستپێدەکا کە کەسی بڕوادار پێی وایە ئەم وێنەیەی ئەو بڕوای پێیەتی و بەپێی ئامادەباشی و ئەزموونی خۆی پێی گەیشتووە دوا وێنە و تاکە وێنەی راستیشە. بۆیە بە هۆی ئەوەی کە کەس ناتوانێ بگاتە بەردەرگای رەهای ناسینی خوا، وێنەیەکی بۆ دروست دەکەن و دواتریش دەبنەوە بەندەی خودی ئەو وێنانەی هەرخۆیان دروستیان کردووە. «کەواتە هەموو وێنە و پەرستراوی بەندەیەك، دەرکەوتەیەکە لە دەرکەوتە خواییەکان، بەندە ئەوە بزانێ، یان نەزانێ، بۆیە هیچ شتێك لە بازنەی ئەو دەرناچێ: چونکە هیچ نییە جگە لە زاتی خوا و تەجەلیاتەکانی. هەرچی دارێك، یان ئەستێرەیەك یان بتێك دەپەرستێ، ئەوا لەراستیدا جگە لە خوای نەپەرستووە لە یەکێك لە دەرکەوتنەکانیدا.»[٣٦] لای ئیبن عەرەبی خوا لەو شتەیە کە تۆ دەیپەرستی و پێوەی پابەندی و خۆشتدەوێ، خوا لە هەموو شتەکاندایە و لە هەموو شوێنێکە، ئەوەی بتێك دەپەرستێ خوای لەودا بینیوە، ئەوەی عاشقی

٣٥- الفتوحات، بەرگی یەک، ل ٢٢٣.

٣٦- المعجم الصوفي، ل ٨٨.

رەگەزەکەی ترە، جوانی خوای لەودا بینیوە. «کەس جگە لەخالقەکەی خۆش نەویستووە، بەڵام پەردەدار بووە لێی (بە پەردە لێی شاردراوەتەوە) بە خۆشەویستی زەینەب و سوعاد و هیند و لەیلا و دنیا و درهەم و جاهو هەموو خۆشەویستێك لەدنیا.»[٣٧] جامی لە شوێنێکدا، لە سیاقی روونکردنەوەی زیاتری بیروباوەڕی یەکێتی بوون (وحدة الوجود) کە ژێرخانی فیکری ئەم باوەڕەیە، جارێکی تر ئەو راستییە دەڵێتەوە کە هەرچی هەیە وێنەی خوایە لە بووندا، بوونیش هەر شێوەیەکی هەبێ لە جەوهەردا خواییە. جامی دەڵێ «ئەگەر یەك وێنە کەوتە سەر چەندین ئاوێنەی زۆری جیاواز لە گەورەیی، بچووکی و درێژی و کورتی رێکی و قۆقزی و چاڵی، لەگەڵ چەندین جیاوازی تریش (لە ئاوێنەکان). ئەوا گومانی تێدا نییە ئەوا (وێنەکە) زۆربووە بە زۆری ئاوێنەکان، جیاوازیش دەرکەوتووە بەپێی جیاوازییەکان.»[٣٨] خاوەن وێنەکە یەکە و دەرکەوتن و وێنەکانی زۆرە. ئەم باوەڕە بە هۆی ئەوەی سەرچاوەکەی

٣٧- فتوحات، بەرگی دوو، ل ٣٢٦.

٣٨- الدرة الفاخرة، عبدالرحمان الجامي، تحقیق، د. احمد عبدالرحیم السایح، د. احمد عبدة عوض، مکتبة الثقافة الدینیة:القاهرة، الطبعة الاولی، ٢٠٠٢، ل ١٧. هەمان لێکدانەوەو شیکردنەوە بەجیاوازیەکی یەکجارکەم جارێکی تر دووبارەدەکاتەوە لەکتێبی لوائح الحق ولوامع العشق، نورالدین عبدالرحمان الجامي، ترجمة، محمد علاء الدین منصور، المجلس الاعلی للثقافة، ٢٠٠٣، الطبعة الأولی، ل ١٠٨/ ١٠٩.

دڵە و پشت بە هێزی خەیاڵ دەبەستێ، بێگومان لە کاتی داوەری کردنی عەقڵانی و نووسینەوەیدا تووشی گرفتی زۆر دەبێتەوە. بەم هۆیە عاریفەکان بەردەوام لە ڕێی وێنە و نموونە و وێناکردنەوە هەوڵیان داوە فیکر و دنیابینی خۆیان باشتر بگەیەنن. نموونەی ئاوێنەش کە دیار نییە سەرەتاکەی بۆ کەی دەگەڕێتەوە لەناو فیکری عیرفانیدا، هەروەها پێدەچێ مێژووەکەی کۆنتریش بێ لە خودی ئیسلام خۆی جارێکی تر لەناو ئەدەبیاتی عیرفانی رۆڵی خۆی بینیوەتەوە بۆ گەیاندنی ئەم بیرۆکەی فرە راستی و وێنەی خوایی لەناو بووندا. لەم چوارچێوەیە قسە بەناوبانگەکەی جونەید «ڕەنگی ئاو ڕەنگی پەرداخەکەیە.» هەمان مەبەستی ئیبن عەرەبی هەبووە، کە ئەویش فرەیی، هەمەجۆری، زۆری چوارچێوە، وێنە، دەرکەوتنەکان، یەکێتی ناوەرۆك و ناواخنەکانن. بۆیە ئیبن عەرەبی لەبارەی ئەم قسەیەوە وتویەتی «ئەو کەسەی بڕوای بە بیروباوەڕێکی تایبەت هەیە، گومانکەرە (ظان) (واتە پشتی بە گومان کردن بەستووە) و زانا نییە. ئەگەر زانایەکی عاریف بووبا خوای گەورەی لە هەموو وێنە و بیروباوەڕەکان دەناسی. بۆیە خوا وتویەتی (انا عند ظن عبدی بی).»[٣٩] واتە من لە شێوەی گومانی بەندەکەمم. لە شوێنێکی تری هەمان نامە وتویەتی «خوای گەورە وێنەی هەموو بیروباوەڕێك وەردەگرێ، ئەگەر وانەبا ئەوا خواوەند نەدەبو.»[٤٠] واتە هەموو وێنەیەك لەبارەی خوا لە هەموو بیروباوەڕێك خوای راستەقینەی تێدایە. «خوای گەورەش لە هەموو وێناکردنێکدا بوونی هەیە، وەکو چۆن دژی ئەو وێناکردنەشدا بوونی هەیە.»[٤١] ئەوەش بەپێی ئایەتی (ومایؤمن اکثرهم باللّٰه الا و هم مشرکون). «ڕووناکی خۆر بە یەك شێوەیە، لە شوشەیەکی ڕەنگاوڕەنگ دەدات پەرچ دەبێتەوە و ڕەنگەکان تێیدا دەردەکەون، بە شێوەی ڕەنگەکانی ئاوێنەکە. ڕوناکییەکە لە خودی خۆیدا نەگۆڕاوە، لە نموونەکە بگە، چونکە ڕوونە. ... شوشەکە دڵەکانە و ڕەنگەکانیش بیروباوەڕەکانە، خوای گەورەش ناگۆڕێ، بەڵام ئاوا دەیبینین.»[٤٢] زۆرجار ئیبن عەرەبی لە ڕێی شیکردنەوەی ماتماتیکیانەی ژمارە یەك، هەم بیروباوەڕی یەکێتی بوون و هەمیش ئەو لێکەوتە پلورالیزمەی روونکردووەتەوە.

## لای ئیبن عەرەبی موشریك و کردەی شیرك شتێکە دەکەوێتە قۆناغی بەرلە هاتنی ئیسلام

بۆ نموونە ئەو لە کتێبی فتوحاتدا

٣٩- کتاب المعرفة، رسائل ابن عربي،تحقیق و تقدیم، سعید عبدالفتاح، المجلد الرابع، مؤسسة الانتشار العربي، بیروت، لبنان، الطبعة الاولی، ٢٠٠٤، ل ٢٣٥.

٤٠- هەمان سەرچاوە ل، ١٨٧.

٤١- هەمان سەرچاوە، ل ١٧٨.

٤٢- هەمان سەرچاوە، ل ٢٨٨.

وتویەتی «دەرکەوتنی خوا بە تەجەلی لە وێنەی هەمووی جگە لە خۆی (کا ما سواه)، ئەگەر تەجەلی ئەو نەبا بۆ هەموو شتێك، شتیەتی ئەو شتە دەرنەدەکەوت....[43] « خوا وتویەتی (انما قولنا لشئ اذا اردناه ان نقول له کن)، وتەی (اردناه) ئەوە تەوەجوهی ئیلاهییە بۆ دەرکەوتنی ئەو شتە. بوونی ئەو شتەش وەڵامدانەوە و ئەنجامی ئەو تەجەلیەیە. «ئەوەش وەکو سریانی یەك وایە لە مەنازلی ژمارە، ژمارەکان بێ کۆتا دەردەکەون بە بوونی ئەو یەك لەو مەنازلانە. بە دەرکردنی ژمارە یەك لە هەر ژمارەیەك ئەویش بوونی نامێنێ، بەبێ بوونی ژمارەیەکیش هیچ ژمارەیەك بوونی نابێ، بێ بوونی ژمارەکانیش یەك بۆ خۆی دەرناکەوێ. بەهەمان شێوەش وتویەتی «پەرستراو بە هەموو زمان و حاڵ و کاتێك، ئەوا تەنها (تاکە)، ... هەرچی هەیە تەنها (تاکە الواحد)، دووش هەریەکە، هەروەها سێ و چوار و دە و سەد و هەزار هەتا ناکۆتایی. جگە لە تاك (واحد) نابینی، نەك زیاتر، یەك (تاك) بە دوو پلەی مەعقول دەردەکەوێ، ناونراوە بە دوو، بەم شێوەیە (١١) بۆ نموونە، ناونراوە بەسێ بەم شێوەیە (١١١) بۆ نموونە، ئەوجار یەکمان بۆ زیاد کرد بوو بە چوار، یەکی ترمان بۆ چوارەکە زیاد کرد بوو بە پێنج...، بەمەش پێنج بوونی دەبێ، ئەگەر یەك لەپێنج لابدرێ پێنجەکە دەبێتە عەدەم، ئەگەر یەکەکە دەرکەوت ئەویش دەردەکەوێ، لەهەموو شتەکانی تریش هەرئاوایە. ئەوەش یەکایەتی (وحدانییە)ی خوایە، بە یەکانەیی خوا ئێمە دەرکەوتوین، ئەگەر نەبا ئێمەش نەدەبوین.»[44] هەروەها وتویەتی «هەرچۆنێك سەیری بوون بکەی بە گشتی، یان بە وردی، دەبینی یەکتایی هاورێیەتی دەکا و هەرگیز لێی جیانابێتەوە. (وەکو) هاورێیەتی یەك بۆ ژمارەکان.... هەر کاتێکیش یەك لە ژمارەیەکدا نەمێنێ، نامێنێ (واتە ژمارەکە). هەرکاتێکیش هەبوو ئەو شتەش بوونی دەبێ، یەکتایی ئاوایە ئەگەر تەحقیقی بکەی».[45]

## سەرچاوەکان:

١ – الفتوحات المكية، تحقيق وتقديم، د. عثمان يحيى، المجلس الاعلى للثقافة بالتعاون مع معهد الدراسات العليا بالسوربون، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٥.

٢ – الفتوحات المكية، محي الدين ابن العربي، دار الصادر للطباعة و النشر، الطبعة الاولى، ١٩٠٠.

٣ - فصوص الحكم، محي الدين ابن عربي، تحقيق، ابو علاء عفيفي، دار الكتاب العربي، بيروت، لبنان، ١٩٤٧.

٤ - كشف المعنى عن سر اسماء الله الحسنى، محي

٤٣- الفتوحات، بەرگی سێ، ل ٤٩١.

٤٤- كتاب الالف، وهو كتاب الاحدية كتاب الباء، من كلام الشيخ ابي عبدالله محمد بن علي بن العربي، الطائي الحاتمي الاندلسي، مكتبة القاهرة، المطبعة المنيرية بالازهر، الطبعة الاولى، ١٩٥٤، ل ٤٢.

٤٥- الفتوحات، بەرگی یەک، ل ٦٣.

الدين ابي عبدالله محمد المعروف ب(ابن عربي)، تقيديم، آية الله الشيخ حسين الممدوحي، تحقيق، الدكتور، بابلو بينيتو، نويد اسلام، منشورات، بخشايش، ايران، قم، الطبعة الاولى، ١٤١٩.

٥ - رسائل ابن عربي، تحقيق و تقديم، سعيد عبدالفتاح، المجلد الرابع، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت، لبنان، الطبعة الاولى، ٢٠٠٤.

٦ - كتاب الباء، من كلام الشيخ ابي عبدالله محمد

بن علي بن العربي، الطائي الحاتمي الاندلسي، مكتبة القاهرة، المطبعة المنيرية بالازهر، الطبعة الاولى، ١٩٥٤.

٧ - رسائل ابن عربي، الشيخ الاكبر محي الدين محمد بن علي بن محمد بن احمد ابن عربي الحاتمي الطائي، وضع حواشيه، محمد عبدالكريم النمري، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، الطبعة الاولى، ٢٠٠١.

٨ - شرح فصوص الحكم، تاج الدين حسين الخوارزمي، ٨٣٨ مردوة، تحقيق، اية الله حسين املي، ناشر، مركز انتشارات دفتر تبليغات اسلامي، ضاث دوم، ١٣٧٩، ل ٦٠٨.

٩ - المقصد الاسني في شرح اسماء الله الحسنى، ابي حامد الغزالي، تحقيق: محمد عثمان الخشب، مكتبة القران، القاهرة.

١٠ – المعجم الصوفي (الحكمة في حدود الكلمة)، الدكتورة سعاد الحكيم، دندرة للطباعة والنشر، بيروت لبنان، الطبعة الاولى، ١٩٨١.

١١ الانسان الكامل في معرفة الأواخر والأوائل، عبدالكريم بن ابراهيم الجيلي المنوفي ٨٠٥، تحقيق، ابو عبدالرحمان صلاح بن محمد بن عويضة، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، الطبعة الاولى، ١٩٩٧.

٢١ - الدرة الفاخرة، عبدالرحمان الجامي، تحقيق، د. احمد عبدالرحيم السايح، د. احمد عبدة عوض، مكتبة الثقافة الدينية:القاهرة، الطبعة الاولى، ٢٠٠٢.

٣١ - لوائح الحق ولوامع العشق، نورالدين عبدالرحمان الجامي، ترجمة، محمد علاء الدين منصور، المجلس الاعلى للثقافة، الطبعة الأولى، ٢٠٠٣.

# وەرگێڕان

# دۆسیەی رێکخراوی داعش له‌ سوریا و عێراق

و: ئیدریس سیوەیلی

## داعش له‌ عێراق و سوریا، ئایا ئه‌گه‌ری گه‌ڕانه‌وه‌ی هه‌یه‌؟

هێرشی رێکخراوی داعش بۆسەر بەندیخانەیەکی حەسەکە لە سوریا، جارێکی تر ئەو پرسیارەی هێنایەوە بەرباس ئایا جارێکی تر رێکخراوی داعش دەگەڕێتەوە؟ کاریگەری ئەو رووداوە لەسەر گۆڕەپانی هەرێمی و نێودەوڵەتی چییە؟ هەرچەندە رێکخراوەکە لەو هێرشەدا زیانی زۆری بەرکەوت، بەڵام وەك هەڕەشەیەکی ستراتیجی هەرێمی و نێودەوڵەتی دەبینرێت، ئەمەش لە کاتێکدایە دەستی تۆمەت بۆ چەندین لایەن درێژ دەکرێت کە دەخوازن رێکخراوی داعش بۆ بەدیهێنانی ئەجێندای خۆیان بقۆزنەوە.

## جوگر افیای بڵاوبوونەوەی ڕێکخراوی داعش، دیارترین کردەوە تیرۆریستییەکان لە سوریا

ڕێکخراوی داعش لە قوڵایی بیابانی سوریا و ناوچەکانی دەوروبەری ریفی حەما و ناوچەی ڕەسافە و هەردوو بیابانی ڕەقە و حەما و شاخی بوشرا لە ریفی دێرەزور بڵاوبووەتەوە، بیابانی سوریا بە ناوەندی سەرەکی خۆڕێکخستنەوە و هێرشەکانی داعش ئەژماردەکرێت، ساڵی ٢٠٢١ داعش ٣٠٠ هێرشی تیرۆریستی لە سوریا ئەنجامداوە، دیارترین ئەو هێرشانەش کە لەم دواییانە ئەنجامیداوە:

-لە ٢٠ کانونی دووەمی ٢٠٢٢ هێرشی کردە سەر بەندیخانەی غوێران لە پارێزگای حەسەکە، بەهۆیەوە ژمارەیەك زیندانی هەڵاتن.

-لە ١٣ کانونی دووەمی ٢٠٢٢ لە کەمپی هۆل بە ناسنامەی ساختە چوونە ناو بنکەیەکی تەندروستی و کارمەندی بنکەکەیان کوشت.

-لە ١٨ تشرینی دووەمی ٢٠٢١ شانەکانی داعش بە چەکی سوك و ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو هێرشیان کردە سەر چەند بەندیخانەیەك لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا.

-١٨ئەیلولی ٢٠٢١ داعش بەرپرسیارێتی خۆی لە تەقاندنەوەی بۆری گازی وێستگەی کارەبای دێرعەلی راگەیاند، بە هۆیەوە کارەبای دیمەشق و دەوروبەری برا.

-لە ٧ ئاب ٢٠٢١ داعش لە ئیدلب هێرشی کردە سەر هێزەکانی سوپای سوریا و بەلای کەمەوە (٦) سەرباز کوژران.

-لە ٢٨ حوزەیرانی ٢٠٢١ لە دێرەزوور داعش هێرشیکردە سەر هێزەکای سوپای سوریا و (٧) سەرباز کوژران.

-لە ١٣حوزەیرانی ٢٠٢١ لە بیابانی ڕەسافە داعش هێرشی کردە سەر هێزەکانی سوپای سوریا و (٣) سەرباز کوژران و (٥) سەربازیش بریندار بوون.

## پرچەککردن و پارەدارکردنی داعش

داعش لە ئێستادا بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی قاچاخچێتییەوە پارەی دەستدەکەوێت، لەو ناوچانەی باکووری سوریا کە تورکیا تێیدا باڵادەستە، داعش تۆڕی قاچاخچێتی هەیە، فەسیلی (ئەبو قەعقاع) پاڵپشتی چالاکییەکانی داعش دەکات، فەسیلەکە لە بەرامبەر بڕێك پارە خەڵك بە قاچاخ دەبەنە تورکیا، ئەمە سەرەڕای بە قاچاخ بردنی مادەی هۆشبەر و رفاندن و فرۆشتنی پاشماوەی شوێنەوارە دزراوەکانی

سوریا سەرچاوەی تری پارەدارکردنی داعشە.

## قەبارەی ڕێکخراوەکە و ڕێگای پەڕینەوەیان لە نێوان سوریا و عێراق

ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ٢٥ کانونی دووەمی ٢٠٢٢ بڵاوکرایەوە، ژمارەی ئەندامە چالاکەکانی ڕێکخراوی داعش لە سوریا و عێراق بە نزیکەی (١٠) هەزار کەس دەخەمڵێنێت، هێزەکانی سوریای دیموکراتیش ڕایگەیاندووە لەناو بەندیخانەکانی ژێردەسەڵاتیدا نزیکەی (١٢) هەزار جیهادی بوونیان هەیە.

هەندێك بابەتی مەترسیداریش هەیە کە پەیوەستە بە هەڵاتنی گیراوانی داعش، هەندێك بەرپرسی خۆبەڕێوەبەری لە ئاسانکاری بۆ هەڵاتنی گیراوانی داعش تێوەگلاون، لە ڕێگەی دەڵاڵەکانەوە و وەرگرتنی بڕێك پارە کە هەندێکجار دەگاتە (٢٠) هەزار دۆلاری ئەمەریکی، لەو بڕە (١٥) هەزاری دەچێتە گیرفانی بەرپرسەکە و (٥) هەزاریش بۆ دەڵاڵەکەیە، بەوهۆیەوە زیاتر لە (١٩) گیراوی داعش بۆ بیابانی سوریا هەڵاتوون و لەوێشەوە براون بۆ سنووری تورکیا.

ئەندامانی داعش دوای هەڵاتنیان لە بەندیخانە دەگەیەنرێنە ناوچەیەك کە پێیدەوترێت (عەوندادات) لە باکووری مەنبەج، دواتر لە ڕێگەی قاچاخچییەکانەوە دەبرێنە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی سوپای ئازاد، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان لە ٣١ کانوونی دووەمی ٢٠٢٢ دەریخست کە تۆڕێکی قاچاخچێتی هەیە و کەسێکی بە ڕەگەز ئۆزبەکی لە تورکیا سەرپەرشتی دەکات، پاسپۆرتی ساختە دەفرۆشێت کە هەندێکجار بەهاکەی دەگاتە (١٥) هەزار دۆلار، بەلای کەمەوە زیاتر لە (١٠) حاڵەت تۆمارکراوە کە ئەو کەسانەی لە سوریاوە پەڕیونەتەوە بۆ تورکیا لە فڕۆکەخانەی ئەستەنبوڵ پاسپۆرتی ساختەیان بەکارهێناوە بۆ تێپەڕبوون.

لەلایەکی ترەوە هێزەکانی عێراق ڕێوشوێنەکانی تێپەڕ بوون لە نێوان سنووری سوریا و عێراقیان توند کردووە، لە ٢٠ کانونی دووەمی ٢٠٢١ بە دواوە چەند یەکەیەکی سوپا و هەندێکجار فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی هەواڵگری سەربازی بەکاردێن بۆ چاودێری کردنی سنوور، لە ٢٢ تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ حکومەتی عێراق ڕایگەیاند، دیوارێکی لە نێوان سنووری عێراق و سوریا بە درێژایی ٦٥٠ کم دروستکردووە، ئەمە وێڕای چەندین بورجی چاودێری و کامێرا و تەلی دڕکاوی تا ڕێگری لە پەڕینەوەی چەکدارانی داعش بکرێت.

## هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە سوریا و عێراق

هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، بە تایبەت هێزەکانی ئەمەریکا لە چەندین ناوچەی سوریا بڵاوبوونەتەوە، دیارترینیان نزیك کێڵگەی گازی (کۆنیکۆ) لە دێرەزور و کێڵگەی نەوتی (ئەلعەمر)، هەروەها بنکەی (تەنف) کە یەکێکە لە بنکە سەرەکییەکانی هێزی هاوپەیمانان لە ساڵی ٢٠١٦ بەدواوە، لەو بنکەیەدا چەندین ئەرکی جیاواز ئەنجام دەدرێت، لەوانە راهێنان بە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی سوریا تا بەرەنگاری داعش ببنەوە، بنکەکە بڕی (٢٠٠) ملیۆن دۆلاری لەو بودجەیە بۆ تەرخان کراوە کە تایبەتە بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ژمارەی ئەندامانی هێزەکانی ئەمەریکا لەناو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش نزیکەی (٥٢٠٠) کەسن، بەریتانیا (٤٠٠) و فەڕەنسا (٢٠٠) و ئەڵمانیا (١٢٠) کەسن.

و گێڕانەوەی تەواوی ئەو ناوچانەی لە ژێردەستی داعش بوون بۆ ژێردەستی هێزە عێراقییەکان، داعش جارێکی تر گەڕایەوە بۆ پەیڕەو کردنی شێوازە کۆنەکەی چالاکی و سودوەرگرتن لە بەرزونزمی و کەشوهەوای ناوچەکە، تا چالاکی پارتیزانی دژی سوپا ئەنجام بدات، سەرکردە خۆجێییەکان تیرۆر بکات، هێرشبکاتە سەر تۆڕەکانی گواستنەوەی کارەبا و دامەزراوە نەوتییەکان، داعش ستراتیجی خۆی لەسەر قۆستنەوەی کێشە ناوخۆییەکانی عێراق و سوودوەرگرتن لە هەندێك ناوچەی جوگرافی دورەدەست دارِشت.

**داعش هەوڵیداوە خۆی رێکبخاتەوە و ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە لە ئەنجامی پاشەکشەی هێزی هاوپەیمانان دروست دەبێت**

## داعش لە عێراق؛ هەڵسەنگاندنی تواناکانی

لەم دواییانەدا داعش جارێکی تر کەوتەوە رێکخستنی ریزەکانی، دوای چوار ساڵ لە شکستی داعش لە عێراق

## خەملاندنی ژمارەی چەکدارانی داعش

بەپێی راپۆرتی ئەنجومەنی ئاسایش کە لە شوباتی ٢٠٢١ بڵاوکرایەوە هێشتا نزیکەی ١٠ هەزار چەکداری داعش

لە نێوان عێراق و سوریادان، ئەم ژمارە زۆر لەو ژمارە زیاترە کە دەزگای هەواڵگری عێراق بڵاویکردەوە کە ژمارەی چەکدارانی داعش لە عێراق بە ٢٠٠٠- ٣٠٠٠ دەخەمڵێنێت، لە نێویاندا ٥٠٠ چەکدار کە لە بەندیخانەکانی ژێردەستی هێزەکانی سوپای سوریای دیموکرات هەڵاتوون و هاتوونەتە عێراق، لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ بەدواوە، بەڵام ئەو خەمڵاندنانە زۆر زیاترە لە ژمارەی راستەقینەی چەکدارانی داعش کە هێرش دەکەنە سەر ئامانجە دیاریکراوەکان و بۆسە دادەنێن و بۆمب دەچێنن و سەرکردەکان تیرۆر دەکەن و کردەوەی تر ئەنجامدەدەن، کە لەگەڵ ئامانجی ستراتیجی رێکخراوەکە یەکدەگرێتەوە.

## سەرچاوەی دارایی رێکخراوەکە

بۆچوونی بەهێز ئەوەیە کە رێکخراوەکە پارێزگاری لە سەرچاوەی دارایی و مرۆیی خۆی کردووە، توانیویەتی بیشارێتەوە تا لە داهاتوو بەکاریبێنێت، سەرچاوەی دارایی داعش بە ١٠٠ ملیۆن دۆلار دەخەملێنرێت، بە گوێرەی راپۆرتی ئەنجومەنی ئاسایش کە لە شوباتی ٢٠٢١ بڵاویکردەوە، ئەمە وێرای ئەو داهاتەی رێکخراوەکە لە قاچاخچێتی و رفاندن دەستیدەکەوێت، بەرپرسە ئەمنییەکانی عێراق جەخت لەوە دەکەنەوە کە رێکخراوەکە لە رێگەی مادەی هۆشبەرەوە پەیڕەوی لە خۆبژێوی دەکات، بیابانەکانی ئەنبار چەندین جار بوونەتە رێگەی گواستنەوەی مادەی هۆشبەر.

## پەرەگرتنی هێرشەکان

لەم ماوەی دواییدا، لەلایەن سیاسیی، سەرکردە سەربازییەکانی ناوخۆ و بیانی هۆشداری لە سەرهەڵدانەوەی داعش دراوە، هەندێك بەرپرسی عێراقی ٢٨ حوزەیرانی ٢٠٢١ بە رۆژنامەی (فیگارۆ)ی فەرەنسیان راگەیاندووە، رێکخراوی تیرۆریستی داعش هێشتا جێگەی مەترسییە بۆ ئاسایشی عێراق و لە چەندین شاری عێراق دەرکەوتووەتەوە.

بە گوێرەی راپۆرتی پشکنەری گشتی پێشکەشکراو بە کۆنگرێسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ٤ تشرینی دووەمی ٢٠٢١، بەراورد بە چارەکی دووەمی ٢٠٢١ داعش لە چارەکی سێیەم بەرپرسیارێتی خۆی لە هێرشی کەمتر راگەیاندووە، بەڵام ئاستی کردەوە تیرۆریستییەکانی بەرەو پێشتر چووە، داعش لە سوریا لە ناوچە بیابانییەکان زۆرتر خۆی رێکخستووەتەوە و چالاکی ئەنجام دەدات.

چاودێری سیاسیی (هاردی میید) لە ٢١ کانونی یەکەمی ٢٠٢١ بە رۆژنامەی

(لۆمۆند دیپلۆماتیك)ی ڕاگەیاندووە، لە کۆی ٩٩٥ هێرشی داعش کە لە نێوان تەموز تا تشرینی دووەمی ٢٠٢١ ئەنجامی داوە، ٦٥٥ هێرشیان لە سێگۆشەی نێوان کەرکوك، سەلاحەدین و دیالە بووە، هەروەها داعش لە ئێستادا توانای هەیە دەستبگرێت بەسەر شارەکاندا، لەم قۆناغە نوێیەدا دەتوانێت ستراتیجی خۆی لە هێرشی بچوکەوە بگۆڕێت بۆ دەستبەسەرdاگرتنی شارەکان.

## دیارترین هێرشەکانی ئەم دوایيەی داعش لە عێراق

-لە ٢١ کانونی دووەمی ٢٠٢٢ لە هێرشێکی داعش لە پارێزگای دیالە ١١ سەربازی عێراقی کوژران.

-لە ١٦ کانونی دووەمی ٢٠٢٢ چەکدارانی داعش لە باکووری قەزای سامەڕا ٤ ڕاوچیان کوشت و پێنجەمیان دوای ڕفاندنی بۆ ناوچەیەکی باشووری پارێزگای سەلاحەدین بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ڕزگاری بوو.

-٥ کانونی یەکەمی ٢٠٢١ چەکدارانی داعش بۆ ماوەی چەند سەعاتێك دەستیانگرت بەسەر گوندی (لهێبان) لە پارێزگای کەرکوك.

-لە ٤ کانونی یەکەمی ٢٠٢١ چەکدارانی داعش لە باکووری پارێزگای دیالە هێزەکانی پێشمەرگەیان بەئامانج گرت و ٩ پێشمەرگە بوونە قوربانی.

-٣ کانونی یەکەمی ٢٠٢١ شانەکانی داعش لە قەزای مەخمور هێرشیان ئەنجامدا و بەهۆیەوە ٢٣ مەدەنی و پێشمەرگە گیانیان لەدەستدا.

-لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢١ لە ناو شاری بەغداد دوو هێرشیان ئەنجامدا و بەهۆیەوە ٣٢ کەس بوونە قوربانی.

## دابەشبوونی جوگرافی هێزەکانی داعش

هەرچەندە داعش لە ئێستادا هێندە بەتوانا نییە بە تەواوی دەستبگرێت بەسەر شار و ناوچەی نوێدا و تێیدا بمێنێتەوە، بەهۆی ئەو هێرشانەی کراوەتەسەری تواناکانی ڕێکخراوەکەی لاواز کردووە و زەمینەی جەماوەری نییە لەناو شارەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوامە و چالاکە، توانیویەتی ژێرخانی تواناکانی بنیادبنێتەوە و بەردەوامی بدات بە چالاکییە سەربازییەکانی.

بە گوێرەی لێدوانی بەرپرسە ئەمنییەکانی عێراق، ڕێکخراوی داعش پشت ئەستوورە بە ناوچە بیابانییەکانی ئەنبار، نەینەوا، زنجیرەشاخ و دۆڵ و باخەکانی کەرکوك، بەغداد، سەلاحەدین و دیالە بۆ خۆحەشاردانی چەکدارانی و چاودێری کردنی هێزە عێراقییەکان و نانەوەی بۆسە، هەروەك

سوود لەم ناوچانە وەردەگرێت بۆ کردنەوەی سەربازگەی بچووك و مەشقپێکردنی چەکدارانی و لێدانی تونێل و سوودوەرگرتن لە ئەشکەوتی ناوچە شاخاوییەکان.

## ستر اتیجی پەیڕەوکراو

بەڕێوەبەری بەرنامەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە پەیمانگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (چارلز لیستەر) لە ٢٣ی ئازاری ٢٠٢١ رایگەیاند «رێکخراوی داعش پارێزگاری لە شێوازی کاری خۆی کردووە»، بە جۆرێك بڕیاری پەیڕەوکردنی لامەرکەزی کە بەر لە چەند ساڵێك درا، هێشتا وێڕای جیاوازی دابەشبوونی جوکرافی، بەڵام بەردەوامە، لقەکانی رێکخراوەکە ستراتیجی پەیڕەوکراو جێبەجێدەکەن، ئەوان ناسەقامگیری دەوڵەت دەقۆزنەوە و بەردەوامی بە جەنگ دەدەن، هاوکات نەیارانی داعش ناچار دەکەن ناوچەکە جێبێڵن، قۆناغی سێیەم بریتییە لە خیلافەت کە دواتر دێت، بەڵام ئایا بەڕاستی داعش پێویستی بە بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانە هەیە؟ چارلز لیستەر وەڵام دەداتەوە و دەڵێت «هێشتا لە میشکی ئەندامانی داعشدا خیلافەت بەردەوامی هەیە»، ئەوەش روونەدەکاتەوە کە بیرۆکەی هەڵوەشاندنەوەی خیلافەت تێڕوانینێکی رۆژئاواییە دوورە لە دونیابینی داعش.

## هەردوو کەمپی هۆل و رۆژ لە باکووری رۆژهەڵاتی سوریا و کەمپەکانی عێراق لە مەترسیدارترین کەمپەکانی جیهانن

## هۆکاری یارمەتیدەر

شانبەشانی هەڵکشانی ناکۆکی سیاسی، خراپی دۆخی ئابووری، کۆمەڵایەتی و تەندروستی، هێرشەکانی رێکخراوی داعش بەردەوامی هەیە، رێکخراوەکە گرەو لەسەر کەلێنی دەزگا ئەمنییەکان و لاوازی هەماهەنگی نێوان دەزگا ئەمنی و سەربازییەکان دەکات، تەنانەت هەندێکجار کێبڕکێ و ناکۆکی لە نێوان ئەو دەزگایانە هەیە، بە تایبەت ناکۆکی نێوان هێزەکانی عێراق و پێشمەرگە، ئەمەش وایکردووە رۆڵی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، بە تایبەت ئەمەریکا لاوازتر بێت، بە تایبەت دوای قوڵبوونەوەی ناکۆکی نێوان واشنتۆن و تاران و میلیشیاکانی لایەنگری ئێران لە عێراق، لەلایەکی ترەوە ناوچە بیابانەکان و شاخاوییەکان بوونەتە

پێگەی خۆحەشاردانی داعش و پەرەپێدانی ناکۆکی و پشێوی لە ناوچەکە.

## بەرەنگاربوونەوەی داعش

هەڵمەتە ئەمنییەکانی عێراق دژی داعش دەریخست کە زۆرینەیان نەبوونە هۆی دەستگیرکردن، یان کوژرانی ژمارەیەکی زۆری چەکدارانی رێکخراوەکە، لەو هەڵمەتانەدا یەکەی سەربازی لقە جیاوازەکانی هێزە ئەمنییەکان و حەشدی شەعبی بەشداریان کردووە، تەنانەت هێزی خێڵەکانیش لە چەندین پارێزگا بەشدار بوون، ئەمەش بە پاڵپشتی هێزە ئاسمانییەکانی عێراق و هاوپەیمانان و رووبەرێکی فراوانی پارێزگانیشی گرتووەتەوە، بە نموونە هەڵمەتی شێرەکانی جەزیرە کە لە نیسانی ٢٠٢٠ دەستیپێکرد و پارێزگاکانی ئەنبار، نەینەوا و سەلاحەدینی گرتەوە و هەڵیانکوتایە سەر پێگە سەرەکییەکانی داعش، لەناویدا ئەوەی پێیدەوترا (خانەی میوانداری) کە چەکدارانی داعش پشوویان تێدا دەدا.

لە ٢٤ کانونی دووەمی ٢٠٢٢ دەزگای دژەتیرۆری عێراق رایگەیاند، لە نێوان ساڵانی ٢٠٢٠- ٢٠٢١ ژمارەی کوژراوانی چەکدارانی داعش ٣٤٣ تیرۆریست بووە، ٨٢٢ کەسیشیان دەستگیرکراون و رەوانەی دادگا کراون، ٤٢٢ خانەی میوانداری خاپوور کراون و لەو ماوەشدا ٥٩٥ هێرشی ئاسمانی بۆسەر داعش ئەنجامدراوە.

دیارترین چالاکییەکانی دەزگای دژەتیرۆری عێراق دەستگیرکردنی (سامی جاسم جبوری) یاریدەدەری رێبەری داعش بوو، کە بە گوێرەی راگەیەنراوی حکومەتی عێراق لە ١١ تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ دەستگیرکرا، هەروەك سوپای عێراق رایگەیاند زانیاریان داوەتە هێزەکانی هاوپەیمانان کە بووە هۆی کوژرانی ئەبو ئیبراهیم قرشی رێبەری داعش لە هەڵمەتێکی هێزەکانی ئەمەریکادا لە رۆژئاوای سوریا لە ٣ شوباتی ٢٠٢٢.

**زۆرێك لە وڵاتانی پەیوەندیدار پێیانوایە چەکدارە بیانییەکان، ئامادەیی ئەنجامدانی هێرشی تیرۆریستیان لە وڵاتە راستەقینەکەی خۆیان تێدایە**

## هێزی هاوپەیمانان

رۆڵی سەرەکی هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی ئەمەریکا تێکشاندنی داعش بوو لە عێراق و سوریا، هێزەکانی هاوپەیمانان زیاتر لە

٣٤ هەزار هەڵمەت و بۆردوومانی ئاسمانی و زەمینیان ئەنجامداوە، کە پشکی هەبوو لە کۆنترۆڵکردنەوەی تەواوی ئەو ناوچانەی داعش دەستیبەسەرداگرتبوو.
دوای ئەوەی بە فەرمی لە ٩ کانونی یەکەمی ٢٠٢١ هاوپەیمانان رایانگەیاند هێزەکانیان پاشەکشە پێدەکەن، جۆرێك لە لاوازی لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر هەستیپێکرا، ئەمەریکا بەشێك لە هێزەکانی لە عێراق و سوریا کشاندەوە، هەروەك لە ئەفغانستانیش کشایەوە، کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە چوارچێوەی ستراتیجی ئەو وڵاتەدایە کە دەخوازێت چاوبخشێنێتەوە بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و کاری لەپێشینەی ببێتە راگرتنی هاوسەنگی و کێبڕکێ و رووبەڕووبوونەوەی چین.
بۆیە رێکخراوی داعش هەوڵیدا خۆی رێکبخاتەوە و ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە لە ئەنجامی پاشەکشەی هێزی هاوپەیمانان دروستدەبێت، بوونی خۆی لە ناوچەکان بەهێز بکات و خۆی بسەلمێنێت و بسەپێنێت.

## چەکدارانی بیانی لە بەندیخانە و کەمپەکانی عێراق و سوریا

هەردوو کەمپی هۆل و رۆژ لە باکووری رۆژهەڵاتی سوریا و کەمپەکانی عێراق لە مەترسیدارترین کەمپەکانی جیهانن، کەمپەکان لە کۆمەڵێك خێوەت پێکهاتوون کە ژن و منداڵ و خانەوادەی چەکدارانی داعش تێیدا دەژین، کەمپەکان بە پاسەوان، کامێرای چاودێری، دیوار و تەلی دڕکاوی دەورەدراون، توندوتیژی و توندڕەوی لە دیارترین سیماکانی ناو ئەو کەمپانەن کە رێکخراوە توندڕەوەکان دژی ژن و منداڵ خانەوادەی چەکدارە بیانییەکانی شوێنکەوتوویان پەیڕەوی لێدەکەن، لەناو ئەو کەمپانە رۆژانە کردەوەی کوشتن روودەدات، ئەمە جگە لە سوتانی خێوەتی ئەو کەسانەی نایانەوێت شوێنکەوتەی ئایدۆلۆجی رێکخراوەکە بن و منداڵەکانیشیان لەسەر ئەوە پەروەردە دەکەن.

## ژمارەی چەکدارانی بیانی لە سوریا و عێراق

کۆمیسیۆنی ئەوروپا ئاشکرایکردووە کە زیاتر لە ٤٠ هەزار چەکدار پەیوەندیان بە گرووپە ئیسلامییە تیرۆریستییەکانەوە کردووە، لەوانە ٥٠٠٠ کەسیان لە ئەوروپاوە چوون، لەو ژمارەیە (٣٠٪)یان گەڕاونەتەوە، (١٠٪)یان کوژراون، بە بڕوای هەردوو شارەزای بەلجیکی (تۆماس ریدار و ریك کۆڵسایت) لە ٣٠ ئازاری ٢٠٢١ رایانگەیاند، زیاتر لە ٦٠٠ منداڵی چەکدارانی داعشی بەرەگەز ئەورووپی

و خێزانەکانیان لە کەمپەکانی باکووری رۆژئاوای سوریا دەستبەسەرن، لە حەسەکەش ٤٠٠ منداڵی تر هەن بەمەش ژمارەکە دەگاتە ١٠٠٠ منداڵ. نزیکەی ٥٠٠٠ هاووڵاتی ئەوروپی گەشتیان بۆ عێراق و سوریا کردووە، رێژەی ئافرەت و منداڵ لەناویاندا (٢٠٪)ە، ئەمەش ئەو منداڵانە ناگرێتەوە کە لە عێراق و سوریا لەدایکبوون، لە ئەیلولی ٢٠٢١ نەتەوە یەکگرتووەکان بانگەوازێکی مرۆییانەی راگەیاند و داوای لە حکومەت و وڵاتانی رۆژئاوا کرد چارەسەری دۆخی هەزاران منداڵ و بەندکراوی بیانی بکەن کە لە کەمپەکان دەستبەسەرن، لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند ٤٢ هەزار ئافرەت و منداڵی بیانی خوار تەمەن ١٢ ساڵ لە دۆخێکی سەختدا لەناو کەمپەکانی باکووری رۆژهەڵاتی سوریا دەژین.

## خێزان و منداڵە بیانییەکان لە سوریا و عێراق

زیاتر لە ٢٠٠٠ منداڵی چەکداری بیانی لەناو بەندیخانەکانی عێراق و سێ کەمپی ژێردەستی هێزەکانی سوریای دیموکرات لە سوریا دەژین، ئەوان لە دۆخێکی سەختدان و لە خوێندن و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بێبەشن، زۆرینەی ئەو منداڵانە لەگەڵ دایکیان دەستبەسەرن، لە کاتێکدا زۆرینەیان باوکیان بەندکراوە، یان ونبووە، یان کوژراوە، راپۆرتێکی متمانەپێکراو لە ١٠ تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ ئاشکرایکردووە کە لە کەمپی هۆل نزیکەی ١٠ هەزار خانەوادەی داعش دەژین، ٨٠٪ ئەوانە بیانین و سەر بە ٦٠ وڵاتی جیهانن.
رێکخراوی (منداڵان رزگار بکەن) لە راپۆرتی خۆیدا لە ٢٣ ئەیلولی ٢٠٢١ ئاشکرای کرد ٦٢ منداڵ لە کەمپەکە گیانیان لەدەستداوە، واتە هەموو هەفتەیەك دوو مندال بە هۆکاری جیاواز گیانیان لەدەستداوە، هەروەها ئاشکراشی کردووە کە زۆرینەی ولاتانی دەوڵەمەندی جیهان سەرکەوتوو نەبوون لە گێڕانەوەی منداڵە دەستبەسەرکراوەکان و ئەوانەی لە هەردوو کەمپی رۆژ و هۆل گیریان خواردووە، نزیکەی ٤٠ هەزار مندال کە لە ٦٠ دەوڵەتی جیاوازن لەناو ئەو دوو کەمپە دەژین، ئەوان لە دۆخێکی زۆر سەختدان، رێکخراوی هیومان رایتس وۆچ لە ٢٦ کانونی دووەمی ٢٠٢٢ رایگەیاند ژمارەی دەستبەسەرکراوەکان لە بەندیخانەی (سناعە) لە حەسەکە باکووری رۆژهەلاتی سوریا کە بە تۆمەتی پەیوەندیان بە رێکخراوی داعش دەستگیرکراون و لە هەردوو رەگەز پێکهاتوون دەگاتە نزیکەی ٤٥ هەزار کەس کە چەندین منداڵیان

لەناودایە و لە دۆخێکی «زۆر خراپ و نامرۆڤانەدا» دەژین.

## هەڵوێستی ئەوروپا

ئەگەر چارەسەری گونجاوی بۆ نەدۆزرێتەوە، لێکەوتەی گەڕانەوەی چەکداران کارێکی سانا نابێت، سەرەتا دەبێت ژمارەی ئەو چەکدارانە دەستنیشان بکرێت کە توانای دووبارە ئامادەکرنەوەیان بۆ ژیان نییە و خوویان گرتووە بە توندوتیژییەوە، بە تایبەت ئەوانەی بەرپرسیارێتیان هەبووە لەناو رێکخراوەکەدا، یان هەڵگری بیرێکی ئایینی توندن و زەحمەتە گۆڕانیان تێدابکرێت، هاوشێوەی ئەوانە دەکرێت کاریگەری خراپیان لەسەر کۆمەڵگە هەبێت، چونکە ئەزموونیان هەیە و توانای کارتێکردنیان لە کۆمەڵگە هەیە، بە تایبەت ئەوانەی کەمینەن و ئەگەری توندڕەویان تێدایە دەرئەنجامی پەراوێزخستن و دورەپەرێزیان لە کۆمەڵگە.

توێژەر (سلیڤین سی) لە ناوەندی نێودەوڵەتی توندوتیژی سیاسیی و تیرۆر لە سەنگافورە، ئاماژە بەوەدەدات کە گەڕانەوەی چەکدارانی بیانی بۆ وڵاتەکانیان مەترسیدارە، ئەوان دەبنە خاوەن ناسنامەی چەکدارە دێرینەکان و کاریزما، بەجۆرێك تایبەتمەندی ئەوەیان دەبێت لە داهاتوو ببنە رێبەری گرووپ و پەیوەندی دروستبکەن لەگەڵ ئەو ئەندامانەی رێکخستن کە دەیانناسن، ئەمەش وادەکات جۆرێك لە پەیوەستیان هەبێت بە داعشەوە و پەیوەندی ئەلیکترۆنیان هەبێت لەگەڵ ئەوانی تر بە ئامانجی چەکداری، یان پڕوپاگەندە، یان پیلانرێژی بۆ کاری تیرۆریستی، لە حوزەیرانی ٢٠٢١ کۆمسیۆنی ئەوروپا رایگەیاند، بەرپرسیارێتی گەڕانەوەی چەکدارە بە رەگەز ئەوروپییەکان لە عێراق و سوریا دەکەوێتە سەرشانی دەوڵەتانی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، نەك یەکێتی ئەوروپا.

## مەترسی گەڕانەوەی چەکدارە بیانییەکان لەسەر وڵاتەکانیان

-لەسەر ئاستی ئەمنی: زۆرێك لە وڵاتانی پەیوەندار پێیانوایە چەکدارە بیانییەکان ئامادەیی ئەنجامدانی هێرشی تیرۆریستیان لە وڵاتە راستەقینەکەی خۆیان تێدایە، ئەوان راهێنانیان لەسەر کوشتن و هەڵگرتنی چەك و ئەنجامدانی هێرشی تیرۆریستی پێکراوە، هەندێك لە وڵاتانی ئەوروپا لای زۆری سزای پەیوەست بوون بە رێکخراوێکی تیرۆریستییەوە پێنج ساڵە، ئەمەش بەو مانایەیە کە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا ئازاد دەکرێن، ئەوسا دەبنە مەترسی لەسەر کۆمەڵگەکانی

ئەوروپا و ڕەنگە گرووپی تیرۆریستی بچوك دروستبکەن لە ڕێگەی ئەندامی نوێ و کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ کاری تیرۆریستی.
-لەسەر ئاستی ئابووری: گەڕانەوەی چەکدارە بیانییەکان پێویستی بە یەکلاکردنەوەی دۆخی ئەوان و دووبارە ئامادەکردنەوەیانە بۆ ژیان و کار، ئەمەش پێویستی بە سەرچاوەی دارایی زۆر هەیە.
-لەسەر ئاستی یاسایی: دیاریکردنی ژمارەی گەڕاوەکان بە وردی کارێکی ئاسان نییە، ئەمەش لەبەر بەردەست نەبوونی زانیاری پێویست لەو بارەیەوە، دەرئەنجامی سروشتی دیاردەکە و کەمی هەماهەنگی لە نێوان وڵاتان لەوبارەوە، لە کاتێکدا بەڵگەنامەی دروست سەبارەت بە زۆرینەی ئەو کەسانەی پەیوەست بوون بە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان و داتا و پشکنینی پێوستیان بەردەست نییە، وڵاتانی پەیوەست بەم دۆسییە دیدێکی ڕۆشنیان نییە سەبارەت بە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هاووڵاتیانەیان کە پەیوەندیان بە داعشەوە کردووە و دەگەڕێنەوە، هەندێك لەو وڵاتانە تا ئێستا یاسای تایبەت بەو بوارەیان دەرنەکردووە کە چۆن مامەڵە و لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو چەکدارانە بکەن.
-لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی: بوونی خێزان و منداڵی چەکدارانی بیانی خۆی لەخۆیدا گرفتە، ئەوان مەترسییەکی کۆمەڵایەتین، بەشێك لە بیری توندڕەویان هەڵگرتووە و لەناو توندوتیژی و ململانێ خوێناویدا ژیاون، مەترسیان لێدەکرێن ئەزموونەکەیان بگوێزنەوە بۆ ناو کۆمەڵگەکانی خۆیان، ئافرەتەکانیش مەترسییەکی کۆمەڵایەتی و ئەمنین، ڕەنگە هەوڵبدەن بیری ڕێکخراوەکە لەناو ئافرەتانی تر بڵاوبکەنەوە.
-لەسەر ئاستی سیاسیی: هەندێك لە حکومەتەکانی ئەوروپا خۆیان دەپارێزن لە گێڕانەوەی چەکدارانی داعش لە ترسی لەدەستانی جەماوەر و بە ئامانج گرتنیان لەلایەن حزبە سیاسییە راستڕەوەکانەوە.

**لەدەستدانی بەغدادی جێکەوتەی گەورەی هەبوو لەسەر ڕێکخراوی داعش، ئەمەش بەهۆی دەرکەوتویی و خۆنو اندنی وەك وتاربێژێك لەپاڵ ڕێبەرایەتی کردنی ڕێکخراوەکەدا**

## مەترسییەکانی مانەوەی چەکدارە بیانییەکان لە سوریا و عێراق

-مانەوەی چەکدارە بیانییەکان و

خێزان و منداڵەکانیان لە کەمپی هۆل و ڕۆژ و کەمپەکانی تری سوریا و عێراق، ڕازی نەبوونی دەوڵەتانی ئەوروپا بە وەرگرتنەوەیان دەبێتە مەترسیەکی ئەمنی بۆ دەوڵەتانی هەرێمی و ئەوروپا، ڕەنگە هەندێك ڕێکخراوی توندڕەو ئەوە بقۆزنەوە و ئەو چەکدارانە لەخۆبگرن و لە کردەوەی تیرۆریستیدا ڕۆڵیان پێبدرێت.

کوژرانی قرشی ڕێبەری ڕێکخراوەکە

جۆ بایدن سەرۆکی ئەمەریکا ڕۆژی ٣ شوباتی ٢٠٢٢ کوژرانی عەبدوڵا قرداش ناسراو بە ئەبو ئیبراهیم هاشمی قرشی لە هەڵمەتێکی هێزەکانیان لە باکووری سوریا ڕاگەیاند، بایدن ئەوەشی ئاشکرا کرد کە هەڵمەتەکە بە ڕێنمایی ئەو بووە، مەبەستیش لێی پاراستنی گەلی ئەمەریکی و هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا بووە تا جیهانێکی پڕ ئاسایش دەستەبەر بکرێت، هەروەك ئاماژەیەکیشە بۆ ئەوەی ئەمەریکا دەستی دەگاتە هەر شوێنێك کە جێگەی مەترسی و هەڕەشە بێت لەسەری.

## کاتی هەڵمەتەکە

کاتی هەڵمەتەکەی ئەمەریکا دوای هێرشی ڕێکخراوی داعش بۆسەر بەندیخانەی غوێران بوو، کە ڕۆژی ٢٢ کانونی دووەمی ٢٠٢٢ ئەنجامدرا، لەو دەمەشدا ئاستی جەماوەری بایدن پاشەکشەی کردبوو، ڕەخنەی زۆری لێگیرابوو کە هاوپەیمانان نەیانتوانیوە پارێزگاری لەو بەندیخانەیە بکەن.

## شوێنی هەڵمەتەکە

شوێنی هەڵمەتەکە شاری ئیدلب بوو، کە نزیکەی ١٠ کم لە سنوری تورکیاوە دوورە، هەمان ئەو ناوچەیە کە ئەبوبەکر بەغدادی لێکوژرا، ئەمەش گومان لەسەر جیدیەتی تورکیا لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دروستدەکات، چونکە ئیدلب لە چوارچێوەی هەژموونی هێز و هەواڵگری تورکیادایە، ئاگاداری ورد و درشتی ئەو ناوچەیە، ئەی چۆن ئاگاداری بوونی ڕێبەری داعش لەو ناوچەیە نییە؟

## هەڵمەتێکی ئاڵۆز

جێبەجێکردنی هەڵمەتەکە بە هێزێکی تایبەتی ئەمەریکا سپێردرابوو، بێگومان ئەوەش پێویستی بە کۆکردنەوەی زانیاری و هەواڵگری و ڕاهێنانی هێزە تایبەتەکە بووە، پێویست بووە زانیاری ورد سەبارەت بە جوڵەی قرداش و نەخشەی خانوەکە بەردەست بێت، ئەمەش بەو مانایەیە کە کاتی هێرشەکەی حەسەکە تورکیا و ئەمەریکا زانیاریان لەسەر بوونی

قرداش هەبووە، ئەگەرێکی تر ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان زانیاری دەربارەی بوونی قرداش لە ئیدلب نەبووە، بەڵکو لە ڕێگەی ئەندامانی داعشەوە دوای هێرشەکەی حەسەکە زانیاری دەستکەوتووە، ئەم گریمانەش لاوازە، چونکە هەڵمەتێکی لەو شێوەیە پێویستی بە زانیاری ورد و پلان و ئامادەکارییە، گریمانەی سێیەم ئەوەیە کە تورکیا قرداشی کردە دیاری بە بایدن لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکدا کە ڕانەگەیەنراوە.

## کاریگەری کوژرانی قرداش لەسەر داعش

بێگومان کوژرانی ڕێبەر و کەسی یەکەمی ڕێکخراوێك کاریگەری نەرێنی لەسەر ناوخۆی ڕێکخراوەکە دەبێت، بە دیاریکراویش لەدەستدانی بەشێك لە سەرچاوەی دارایی و سیمبولێکی ڕێکخراوەکەیە، کاتێك ڕێبەر نەتوانێت پارێزگاری لە ژیانی خۆی بکات، دەبێت حاڵی سەرکردە و ئەندامانی ڕێکخراوەکە چۆن بێت؟! ئەندامانی ڕێکخراوەکە هەست دەکەن ڕێکخراوەکە خەرق کراوە و متمانە لە نێوان ئەندامان نەماوە و زانیارییەکان دزەی پێدەکرێت.

## پاشەکشەی هێرشەکانی داعش

لە ئێستادا ڕێکخستنی ڕێکخراوەکە لامەرکەزییە، وێڕای کوژرانی ڕێبەر دەشێت سەرکردەی ناوچەکان چالاك بن، بەڵام کوژرانی ڕێبەر وا لە لقەکان دەکات پێداچوونەوە بە شێوازی کاریان بکەن، لە ڕووی پەیوەندییەکانەوە، تا ڕێکخراوەکە لە هەر دژەهێرشێك بپارێزن، گرووپە توندڕەوەکان لەناویشیاندا داعش لەسەر لەدەستدانی سەرکردەکانی ڕاهاتووە، پێشتریش چەندین سەرکردەی لەدەستداوە و هەر بەردەوام بووە لە چالاکی.

## ئایا لەدەستدانی قرداش هاوشێوەی لەدەستدانی بەغدادیە؟

لەدەستدانی بەغدادی جێکەوتەی گەورەی هەبوو لەسەر ڕێکخراوی داعش، ئەمەش بەهۆی دەرکەوتویی و خۆنواندنی وەك وتاربێژێك لەپاڵ ڕێبەرایەتی کردنی ڕێکخراوەکەدا، ئەو لە قۆناغێکدا ڕێبەر بوو کە ڕێکخراوەکە لەوپەڕی بەهێزیدا بوو، کە ڕاگەیاندنی «دەولەتی خیلافەت» بوو لە ٢٠١٤، بەڵام قرشی میراتێکی قورسی کەوتە سەرشان، ڕێکخراوەکە پاشەکشێی کردبوو، سەرکردەی زۆری کوژرابوو

ماوەی ڕێبەرێتیشی کەمتر بوو، ئەمەش بەو مانایەیە کە ڕێکخراوەکە بەراورد بە رابردوو زۆرتر زانیارییەکانی دزەی پێکراوە و ئەگەری هەیە رووبەڕووی هەڵمەتی زیاتر ببێتەوە.

## ئایندەی داعش

داعش وەك ڕێکخراوێکی نامەرکەزی دەمێنێتەوە، ناوچە بیابان و دوورەدەستەکان دەکاتە پێگەی سەرەکی بۆ ئەنجامدانی چالاکی لێدە و هەڵێ و جەنگی پارتیزانی، رەنگە چالاکییەکانی دژی بارەگا حکومییەکان پەرەپێبدات.

**هێشتا ڕێکخراوی داعش لە سوریا توانای ئەنجامدانی هێرشی هەیە، سەرەڕای زیانە زۆرەکانیی، هەوڵدەدات توناکانی بەرفراوان بکات**

## دەبێت چ کارێك بکرێت؟

پێویستە حکومەتەکان ئەرکی نیشتمانی خۆیان ئەنجام بدەن، سەرەتا هۆیەکانی توندڕەوی بنەبڕ بکەن، ئەمەش بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی تەواوکاری کۆمەڵایەتی، بنیادنانەوەی ئەوەی داعش وێرانی کردووە، دووبارە بنیادنانەوەی ژێرخانی ئابووری و دوورکەوتنەوە لە سیاسەتی پەراوێزخستن، چارەسەری کێشە فیکری و ئایدۆلۆجییەکان لە چوارچێوەی بەشداری پێکردنی هەندێك سەرۆك هۆز و ڕێبەری ئایینی و تەبەنی کردنی گوتارێکی میانەڕەو. چارەسەرکردنی ناکۆکییە سیاسییەکان، بە تایبەت لە عێراق و سوریا و پڕکردنەوەی کەلێنی ئەمنی و سیاسیی، تا گرووپە توندڕەوەکان ئەو کەلێنانە نەقۆزنەوە.

خاڵێکی تر ئەوەیە کە لە ڕێگەی زانیاری هەواڵگرییەوە شوێنپێی گرووپە توندڕەوەکان هەڵگیرێت، پەیڕەوی لە هەڵمەتی تایبەت بکرێت لەجیاتی هەڵمەتی سەربازی بەرفراوان، بە ئامانجی کوشتنی سەرکردەی ڕێکخراوەکە و خاپوورکردنی پێگەکانیان. هەروەها هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی نوێ دروستبکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، تایبەت نەبێت بە بەرەنگاربوونەوەی داعش، سیاسەت و ستراتیجێکی گونجاو پەیڕەو بکرێت کە لە ئاست ئاڵنگاری توندڕەویدا بێت.

## هەڵسەنگاندن

نەخشەی جوگرافیای بڵاوبوونەوەی

داعش لە سوریا و عێراق هۆکارێکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە دووبارە خۆڕێکخستنەوەی ڕێکخراوەکە، هەروەك بەرزونزمی ناوچەکە و ژینگەی بیابانی ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنی سەربازگەی مەشقی ڕێکخراوەکە و ئاسانی خۆحەشاردان لەو ناوچانە، کەمپی هۆل نموونەیەکی بەرچاوە کە داعش توانای بەهێزی هەیە لە بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆجیای خۆی و پەروەردەکردنی نەوەیەکی نوی لەسەر دونیابینی خۆی.

هێشتا ڕێکخراوی داعش لە سوریا تونای ئەنجامدانی هێرشی هەیە، سەرەڕای زیانە زۆرەکانی هەوڵدەدات تواناکانی بەرفراوان بکات، هەروەك بینیمان لە ٢٠١٩ بەدواوە گەورەترین هێرشی ئەنجامدا بۆسەر بەندیخانەی غوێران، لە پارێزگای حەسەکە و بەهۆیەوە چەندین بەندکراوی داعش ئازادکران.

لە راستیدا ئەو هێرشە تیرۆریستیانەی داعش ئەنجامی دەدات ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە ئەو ڕێکخراوە دەخوازێت لە داهاتوودا هێرشەکانی بەرفراوان بکات، هەروەك ئەگەری هەیە لە ڕێگەی دەستکەوتی مادی زیاتر و چەکداری زۆرتر پەیوەندی بەهێز لەگەڵ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی تر دروستبکات، دیارترین مەترسی دەرکەوتنی لایەنگریی داعشە لە چەندین شاری ئەوروپا و جیهان، ئەگەری هەیە داعش ئەوانە لە بواری ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوانتر بەکاربێنێت، تا لایەنگر و چەکداری زۆرتر لەخۆی کۆبکاتەوە.

پێویستە وڵاتان دووربکەونەوە لە ترساندنی وڵاتانی تر بە داعش، بەڵکو دەبێت ستراتیجی گونجاو پەیڕەو بکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوە و ڕێگری لە بەهێزبوونی تیرۆر، هەروەها هەماهەنگی و پاڵپشتی لە نێوان وڵاتاندا هەبێت لە بوارەکانی سەربازی، دارایی، سیاسی و ئاڵوگۆڕی ئەزموونی سەربازی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان و بەرفراوانکردنی هاوکاری ئەمنی و هەواڵگری لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی و دانانی ڕێوشوێنی گونجاو بۆ وشك کردنی سەرچاوەی دارایی داعش.

بە دڵنیاییەوە ئەوەی لە عێراق و سوریا بەدەستهاتووە، کە زاڵبوون بوو بەسەر خیلافەتی ڕێکخراوی داعش لە رووی جوگرافی و شوێنەوە، ڕێکخراوەکە وێڕای پاشەکشەی تواناکانی بە خێرایی خۆی لەگەڵ شکستەکانی گونجاند، دەستیکردەوە بە خۆڕێکخستنەوە و چالاکی، پارێزگاری لە تواناکانی کرد بۆ ئەنجامدانی هێرش، ستراتیجی هێرشەکانی گۆڕانکاری بەسەردا هات، لە شەڕی دەستبەسەرداگرتنەوە

گۆڕا بۆ جەنگی پارتیزانی، کارکردنی لە مەرکەزییەوە گۆڕا بۆ لامەرکەزی.

هێشتا دۆخی عێراق و سوریا ناسەقامگیرە، بۆیە ئەگەری گەڕانەوەی داعش هەیە، هێرشەکانی داعش لە عێراق هەڵکشانی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش لە سایەی دۆخی خراپی «هەستکردن بە ستەم»، کە خۆی دەبینێتەوە لە ناکۆکی تائیفی، سەختی دۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیی، ئەمە وێڕای بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و شکستی سیاسەتی حکومەتە خۆجێییەکان لە بەرامبەر گوتاری داعش و چارەسەر نەکردنی کێشە ئاڵۆزەکان، بۆیە جارێکی تر شەپۆلی نارەزایی و خۆپیشاندان لە ٢٠١٩ سەریهەڵدایەوە.

ناتوانرێت بێ پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی تەواوکاری و دابەش کردنێکی دادپەروەرانەی دەسەڵات کۆتایی بە مەترسی داعش بهێنرێت، هەروەها دەبێت ناوچە وێرانکراوەکان کە بەهۆی داعشەوە کاول بوون ئاوەدان بکرێنەوە، هێزە ئەمنی و سەربازییەکان بەهێز بکرێن.

کەمتەرخەمی لە بەرەنگاربوونەوەی داعش رێگە خۆشدەکات تا ئەو رێکخراوە پەرە بە تواناکانی بدات، هێرش بکاتە سەر بەندیخانەکان و ئەندامانی رزگار بکات، دواتریش دەستبەسەر چەندین ناوچەدا بگرێت، بۆیە دەبێت هەوڵەکانی دەزگای هەواڵگری و کارکردن لەگەڵ هێزە خۆجێییەکان پەرەپێبدرێت تا شانە نووستوەکانی داعش ئاشکرا بکرێن و رێگەیان لێبگیرێت چالاکی ئەنجام بدەن.

لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیش دەبێت هەماهەنگی هەبێت، تا رێگە بگیرێت لە هاتنی چەکداری بیانی، دەبێت وڵاتانی ئەورووپاش کار بە پرنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن، چەکدارە بیانییەکانی وڵاتەکانیان بگێڕنەوە و دادپەروەردانە دادگاییان بکەن، ژن و منداڵەکان وەربگرنەوە و ئامادەیان بکەنەوە بۆ ژیانێکی شایستە و تێکەڵکردنەوەیان بە کۆمەڵگە.

سەرچاوە:
المركز الأوروبي لدراسات مكافحة الإرهاب والاستخبارات
٪https://www.europarabct.com/٪D٨
-٨٥ ٪٨A٪D٩ ٪D٩ ٪B٨ ٪D٨ ٪٨٦ ٪AA٪D٩
-B٤ ٪D٨ ٪B٩ ٪D٨ ٪A٧ ٪AF٪D٨ ٪D٨ ٪
٪D٨٪٨٨٪D٩٪B٣٪٨A-٪D٨٪D٩٪٨١٪D٩٪
D٪A٧٪D٨٪-٨٨٪D٩٪A٧٪٨A٪D٨٪D٩٪B١
/٨٢٪D٩٪A٧٪D٨٪B١٪D٨٪B٩٪D٨٪٨٤٪٩

# دەسەڵاتی ئایینی و سیاسیی وەقفە ئیسلامییەکان لە عێراق

ن: حارس حەسەن

و: عومەر ڕەشید

## پێشەکی

وەقفی ئیسلامی پێکهاتەیەکی سەرەکییە لە گۆڕەپانی ئایینی عێراقیدا، خۆی لە دوو بەشی سەرەکیدا دەبینێتەوە، یەکەم مزگەوت و مەزارگە و شوێنە گشتییە ئایینییەکان، دووەم زەوی و شتومەک و ئەو موڵکانەی خاوەنەکانیان وەقفیان کردووە. ئەو شێوازەی لە کارگێڕی ئەوقاف و ڕێکخستنی پەیکەرەکەیدا هەیە بیناکراوە لەسەر ئەزموونی کار لەسەرکراوی ئیسلامی، دیاریکردنی پێگە و ڕۆڵەکان پەیوەستن بە دەسەڵاتە ئایینییەکەوە. هەروەها مزگەوت و مەزارگەکان میحوەری سەرەکین بۆ کۆبوونەوە گشتییەکان، ڕێگا بە بەرپرسەکان دراوە بیکەنە مینبەر بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکانیان و بەهێزکردنی پێگەیان لە بوارە ئایینییەکەدا. ئەم دەزگایانە بە زۆری وادروستکراون کە بکرێت بەکاربێن بۆ مەبەستی بازرگانی، یان شوێنی مامەڵەی خانوو و زەوی، ئەمە جگە لە دەستی بەخشینی حاجی و خێرخوازان، کە ئەمیش دەسپێردرێتە لایەنێکی تری ئەوقاف، سەرپەرشتیاران هۆکاری پێویست دەخەنە بەردەست ئەو بەرپرسانەی بەڕێوەیدەبەن تا بەردەوام بن. هەندێک لە سەرپەرشتیاران پشکیان هەیە، بە تایبەت مەزارگەی پێشەوا شیعەکان و گەورە کەسایەتییە ئایینییەکانی سوننە، ئەمەش بۆ بەهێزکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی ئایینیان.

پاش ڕووخانی دەسەڵاتی سەدام حسێن لە ساڵی ٢٠٠٣دا، پێکهاتەی ئەوقافی ئیسلامی ناچاربوو ملبدات بۆ دووبارە داڕشتنەوەی پەیکەرەکەی لە چوارچێوەیەکی فراواندا، ئەم گۆڕانکارییە گرنگانە کاریگەریان هەبوو لەسەر ڕۆڵی دەسەڵاتە ئایینی و پێگەکانیان. وایکرد تائیفەگەری لە گۆڕەپانە ئایینییەکادا سەرهەڵبدات و کاریگەری دژبەیەک لە دەسەڵاتە ئایینییە سونی و شیعیەکەدا دروست بکات. ئەم داڕشتنە نوێیە بووە هۆکاری دابەشبوون و قووڵبوونەوەی دژایەتی لەنێوان گرووپە ئایینییە سوننییەکان، دەرەنجام دەسەڵاتی ئایینی نەجەفی لە گۆڕەپانە ئایینییە شیعییەکەدا چەسپا.

## ئەوقافی ئیسلامی و بوونیادنانەوەی پەیکەری بوارە ئایینییەکە

پێش ساڵی ٢٠٠٣، حکومەت لە ڕێگای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینییەوە دەستیگرتبوو بەسەر بەشێکی گەورە و گرنگی ئەوقافی ئیسلامی عێراقیدا، کە بە دەزگایەکی فەرمی بنچینەیی ئەژمار دەکرا و چاودێرییەکی ورد بەسەریاندا سەپابوو، بە تایبەتی لە بواری ئایینی و یەکپەیامی و ئاڕاستەکراوی فەرمی لە مزگەوتەکاندا. مەزارە شیعی و مزگەوتە سوننییەکان ملکەچی ئەو بەڕێوەبەرانە بوون کە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی دایدەنان، زۆربەی جار ئەوانە دیاریدەکران کە هەواداری ڕژێم بوون. هەروەک چۆن پێشنوێژ و وتارخوێنەکان زۆربەیان فەرمانبەری دەوڵەت بوون، یان لە ڕێگای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، یان لقێکی ناوچەیی حزبی بەعسەوە مۆڵەت درابوون، حزب و دەزگا ئەمنییەکانی تر ڕێکخەر، یان چاودێر بوون بەسەر وتارەکانیانەوە. ئەو پێشەوا و پیاوە ئایینیانەی شوێن ڕێنماییە حکومییەکان نەدەکەوتن، یان وتارەکانیان نەدەکەوتنە چوارچێوەی وتارە دیاریکراوەکانەوە، بە (ناهاوکار) یان (بێ ئەمەک) وەسف دەکران. زۆربەیان یان ڕاودەنران، یان دەگیران، تەنانەت دەشکوژران.

حزب و دەسەڵاتە ئایینییە شیعییەکە پێیان وابوو دەوڵەتی بەعسی دژی شیعە بووە، لەبەرئەوەی پاکتاوی هاووڵاتی و پیاوە ئایینییەکانیانی دەکرد (بەتایبەت پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١)، پیاوە ئایینییە شیعە دیارەکانی دەکوشتن، یان تیرۆری دەکردن، ئەمە جگە لەو کۆت و بەندانەی خستبوویە سەر سروتە ئایینییە شیعییەکان. لەگەڵ ئەوەی حزبی بەعس عەلمانی بوو، بەڵام ڕژێمەکە لەژێر هەژموونی ئەو عەرەبە سوننانەدا بوو کە ڕێگر بوون لە سەربەخۆیی خودی بۆ پیاوە ئایینییە شیعییەکان، ڕووبەڕوو دەبوونەوە لەگەڵ ئەو ئیسلامییە شیعانەی

دژی ڕژێم بوون. پاش ڕووخانی ئەو دەسەڵاتە، ئەو حزب و دەسەڵاتە ئایینییە شیعییەی پێیوابوو لەلایەن ڕژێمەوە تووشی پاکتاوی ناسنامە بوون کەوتنە فراوانبوون، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیان بە هۆکاری سەرەکی دەزانی بۆ ئەو جۆرە سیاسەتە، تەنانەت حزبە سوننییەکانیش بە تایبەت حزبی ئیسلامی عێراقی، ڕەخنەی لەو پاڵنەرە عەلمانییە هەبوو کە لە پشت حزبی بەعسەوە بوو، ڕووخانی ڕژێمیان بە دەرفەت زانی بۆ بەهێز کردنی پێگەی ئایین لە ژیانی کۆمەڵگادا. بەمشێوەیە سیاسەتی فەرمی پاش ساڵی ٢٠٠٣ نموونەیەکی نوێ بوو، دانینا بە سەربەخۆیی دامەزراوە ئایینییەکان، تا بەشێوەیەک ئازاد بێت و لە کایە گشتییەکەدا کار بکات. یەکەم هەنگاوی جێبەجێکردنی ئەو نموونەیە ئەو بڕیارە بوو کە مانگی ئابی ٢٠٠٣ ئەنجومەنی حوکمی کاربەڕێکەر دەریکرد (کە دەسەڵاتێکی ئیئتیلافی کاتی دروستکرد بە سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ بەشداری پێکردنی ئەندامانی لایەنە سیاسییەکانی عێراق لە داڕشتنەوەی بڕیارەکاندا) پاشان بڕیاردرا بە هەڵوەشانەوەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی. لەجێگای ئەوەدا بۆ هەر تائیفەیەکی ئایینی دیوانی وەقف کرانەوە، لەمەوە دیوانی وەقفی شیعی و دیوانی وەقفی سوننی و دیوانەکانی وەقفی مەسیحی و ئێزدی و سابیئەی مەندائی دروست بوو. ئەوەش بۆ ئەوە بوو کە دەوڵەت بتوانێت دەسەڵاتی هەبێت بەسەر بوارە ئایینییەکەدا و بەخشینی ئازادی زیاتر بۆ مەزهەب و ئەو ئایینە جیاوازانەی لە عێراقدان تا بتوانن لەو چوارچێوە سیاسییە نوێیەدا کە ڕێگای بە نوێنەرایەتی ئایینە جیاوازەکان دەدات، ناسنامە و بیروباوەڕی خۆیان بپارێزن، ئەم گۆڕانکارییەی لە ئەوقافی ئیسلامیدا ڕوویدا ململانێیەکی تازەی لەسەر ناسنامەی تائیفی بۆ پێگە ئیسلامییەکە و تایبەتمەندی دامەزراوە نوێکەی ئەوقافی لێکەوتەوە. ئەمەش بووە هۆکاری ململانێی تائیفی لە کایە ئایینییەکەدا، بە تایبەت لە نێوان هەردوو تائیفەی سوننی و شیعیدا کە لەیەک دامەزراوەدا بوون، ململانێکانیش لەسەر پێگە و خاوەندارێتی و قازانجە ئابوورییەکان بوو.

لە چوارچێوەی ئەو پشێوی و نائارامییەی پاش هێرشەکانی ئەمەریکاوە دروست بوو، کۆمەڵێک لایەنی ئایینی کەوتنە ململانێ بۆ دەستگرتن بەسەر ئەوقافی ئیسلامیدا، بیانوویەکی نوێیان داتاشی گوایە هەوڵەکانیان بۆ دووبارە بنیاتنانەوەیەتی لەسەر ئاستی دامەزراوەیی. لەکاتێدا دابەشکردنی مزگەوت و پێگە ئایینی و شوێنەکانی تری ئەوقاف لەنێوان وەقفی شیعی و وەقفی سوننی ورد نەبوو، داوا دەکرا پێوەرێکی قبوڵکراو هەبێت بۆ دەرکردنی بڕیارێک دەربارەی

خاوەنداریتی بۆ ئەم دیوان، یان ئەویان. بەشێکی زۆر لە ئیسلامییەکان و پیاوە ئایینییە شیعییەکان لەو بڕوایەدا بوون کە ڕژێمی پێشوو تەنها ڕێیداوە مزگەوتە سوننییەکان دروست بکرێن، داوای لە بەخشەران و وەهابییەکان کردووە ئەوقافەکانیان لەسەر سوننییەکان تۆمار بکەن، ئەمەش لەسەر پاکتاوی ناسنامەی شیعەکان. دیوانی وەقفی شیعی لە ماڵپەڕی تایبەتی خۆیاندا نووسیویانە کە ڕژێم لەمپەڕی زۆری داناوە تا ڕێگری لە وەهابییەکان بکات کە موڵکەکانیان بکەنە وەقفی مزگەوت و حسێنییەی شیعەکان. بەرپرسان لە وەقفی سوننی بەم وەسفە ڕازی نین، جەخت دەکەنەوە کە وەزارەتی ئەوقاف و کاوباری ئایینی جیاوازییەکی سودبەخشانەی کردووە لە پەیکەری دامەزراوەییدا لەنێوان ئەوقافی سوننی و شیعیدا، دەکرێت پشتی پێببەسترێت لە بەرەوپێشبردنی پەیکەرێکی نوێدا.

ساڵی ٢٠٠٤ لیژنەیەکی ڕاوێژکاری دروستکرا لە پیاوانی ئایینی و شارەزا شیعی و سوننییەکان بۆ دابەشکردنی وەقفە ئیسلامییەکان. بەرپرسێک لە دیوانی وەقفی سوننی دەڵێت، لیژنەکە هەوڵێکی بەرچاوی دەدا لە دابەشکردنی فەرمانبەرەکان و زۆربەی شوێنە ئایینییەکان لە نێوان دوو دیوانەکەدا. لەگەڵ ئەوەشدا کێشەکان بەردەوامیان هەبوو دەربارەی وەقفەکان، هەریەک لە نوێنەری دوو لایەنەکە پێداگریان دەکرد کە دەکەوێتە بەشی ئەوەوە، یان ڕاجیابوون دەربارەی ناسنامە تائیفییەکەی. ساڵی ٢٠٠٨ لیژنەی هەڵوەشاندنەوە و کەنارگیری دامەزرا، لەنێوان ئەندامەکانیدا دادوەر و بەرپرس لە دامەزراوەی بانگەشەی خاوەندارێتی و نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی تۆماری زەوی و نوێنەری دیوانی وەقفی سوننی و شیعی هەبوو. لەسەرەتادا لیژنەکە ڕێککەوتن لەسەر چوار پێوەری سەرەکی بۆ دەستنیشانکردنی ناسنامەی وەقف و شوێنە ئایینییەکان: بەڵگەی تۆماری وەقف، ناسنامەی تائیفی وەقفکەرەکە، ویستی باوەڕپێکراوی وەقفکەر کە پەیوەست بووە بە چ ئایین و مەزهەبێکەوە و مەبەستی کامیان بووە، هەر بەڵگەیەکی تر کە یارمەتیدەر بێت بۆ ناسنامەی تائیفی وەقفکەر. بەڵام ئەمانە نەبوونە چارەسەری پێویست بۆ تەواوی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو دیوانی وەقفی سوننی و شیعی، هاوڕا نەبوون لەسەر هۆکارێکی یەکگرتوو بۆ جێبەجێکردنی پێوەر بۆ مزگەوت و بینا و زەویوزار. ناچار پەنایان بردە بەر دادگا بۆ دیاریکردنی ناسنامەی ئەو وەقفانەی کێشەیان لەسەر بوو. تانانەت ئەمەش نەیتوانی کۆتایی با جیاوازییەکان بێنێت، چونکە زۆربەیان بەڵگەی تەواویان بەردەست نەبوو، لەگەڵ بەدەمەوە نەچوون، بە تایبەت لەلایەن وەقفی شیعی و گرووپە شیعەکانەوە، لەبەر داننەنانیان

بە بەشێک لەو بەڵگەنامانە کە گوایە لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا ساختەکراون. لەبەرئەوە زۆر بە کەمی خاڵێک دەبینرا کە هەردوولا لەسەری یەکدەنگ بن، کە پێشتر ڕاجیاییان هەبووبێت.

## دەرئەنجامی ئەو پشێوی و نائارامییەی پاش هێرشەکانی ئەمەریکا دروست بوو، کۆمەڵێک لایەنی ئایینی کەوتنە ململانێ بۆ دەستگرتن بەسەر ئەوقافی ئیسلامیدا

### بە تائیفەکردنی ئەوقافی ئیسلامی

داڕشتنەوەی پەیکەری ئەوقافی ئیسلامی بووە هۆکارێکی خێرا بۆ تاکڕەوی تائیفی لە بوارە ئایینییەکەدا، بە تایبەت ڕێکخستنە نوێکە لە چوارچێوەی دابەشکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و بە سیاسی کردنی ناسنامەی تائیفییەوە سەرچاوەی گرتبوو، هەربۆیە لە پاش ساڵی ٢٠٠٣وە توندوتیژی سەریهەڵدا. دەرەنجام ناکۆکی نێوان ئەم تائیفە ئیسلامیانە قووڵ و قووڵتر دەبوو، ئەو ژینگەیەی کۆیکردبوونەوە لەجیاتی ئەوەی هۆکاری پێکەوە ژیان بێت، گۆڕا بۆ خاڵی جیاوازیی. شیعەگەری و سوننەگەری، لەبری ئەوەی دوو پێگەی ئایینی وەگەڕخەری نوێ بن بۆ دووبارە داڕشتنەوەی گۆڕەپانی ئەوقافی ئایینی و ژینگەی ژیاری، بە شێوەیەک ئەو شوێنە ڕۆشنگەریانە بکەنە ناسنەمەی دوو گرووپەکە، بەڵام بەداخەوە پێچەوانە بووەوە.

یەکێک لەو نموونە دیارانەی کە ململانێ بوون و دەرەنجام بوونە هۆکاری دابەشکاری ئەوقاف، جیاوازی بوو لەسەر هەردوو مەزارگەی ئیمامی دەیەم و یانزەیەم لە شاری سامەڕا، کە زۆربەی دانیشتوانەکەی سونی بوون. شوێنەکە لەڕووی مێژووییەوە سەر بە ئیدارەی سونی سۆفییە. لە کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٥ ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەکیان دەرکرد بۆ ئیدارەدانی مەزارگە شیعییەکان کە بەگشتی لەڕووی مەزهەبییەوە ناسراون، دەبێت کارگێڕییەکەیان بسپێردرێت بە دیوانی وەقفی شیعی. زۆرێک لە دامەزراوە ئایینییە سوننییەکان و دانیشتوانی سامەڕا دژ بەو ڕێکخستنە وەستانەوە. سەرۆکی پێشووی دیوانی وەقفی سونی شێخ عەبدولغەفور سامەڕائی، کە کوڕی شارەکە بوو، بە ئاشکرا ڕەخنەی لەو بڕیارە گرت و ئاماژەی بەوەدا کە سامەڕا شارێکی سوننییە، ئاشکراشە ڕۆڵەکانی ئەم شارە ڕێزیان لەو مەزارگانە گرتووە و پاراستویانن. ساڵی ٢٠١٢ دادگای فیدراڵی ئەو سکاڵایەی ڕەتکردەوە کە وەقفی سونی کردبوویان

دەربارەی ئەو بنەما یاساییەی کە ڕێگا بە دیوانی وەقفی شیعی دەدات تایبەتمەندییەکانیان فراوان بکەن دەربارەی ئەو مەزارگانەی باسکران. ئەو هێرشانەی جیهادییەکان لە ساڵی ٢٠٠٦ کردیانە سەر ئەو مەزارگانە، ئەو بڕوایەی لەلای شیعەکان بەهێزتر کرد کە ئەو شوێنانە دوورەدەستن و پێویستە بەهێزی تایبەت بپارێزرێن. کاتێک ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) ساڵی ٢٠١٤ ویستی دەستبگرێت بەسەر سامەڕادا، موقتەدا سەدر فەرمانی کرد بە بڵاوەپێکردنی میلیشیای سەرایا سەلام کە سەر بەخۆی بوون لە شارەکەدا بۆ پارێزگاری شوێنەکە، لە هەمان کاتدا چەند فەسیلێکی حەشدی شەعبی (کە سەر بە میلیشیا شیعەکان بوون) لە ناوچەکەدا بڵاببوونەوە، دەرەنجام بەشێک لە هاووڵاتیانی شارەکە و بەرپرسانی سوننە، دیوانی شیعی و میلیشیا شیعییەکانیان تۆمەتبار کرد بە هێرش کردنی نایاسایی بۆسەر شوێنی بازرگانی و نیشتەجێبوونی چوار دەوری مەزارگەکە بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنیان، ئەمەش لە چوارچێوەی ئەوە ئامانجەدا بوو، کە سروشتی دیمۆگرافی ناوچەکە بگۆڕن.
بە هەمانشێوە چەند مزگەوتێک هەبوون لە بەغدا کێشە لەسەربوون، هەریەک لە دیوانی وەقفی سوننی و شیعی مافی خاوەندارێتیان دەدا بە خۆیان. ئەم ڕاجیاییانە پاڵنەر بوون بۆ هەردوولا کە بکەونە دۆزینەوەی بەڵگەی مێژوویی و دۆزینەوەی ناسنامە بۆ مزگەوت و شوێنەکانی دەوروبەریان. بۆ نموونە مزگەوتی ئاسەفیە لە ناوەڕاستی پایتەختدا. دیوانی وەقفی شیعی دەڵێن ئەو مزگەوتە ساڵی ١٠١٧ دروستکراوە، لە سەدەی نۆزدە نۆژەنکراوەتەوە، گۆڕی زانای ئایینی بەناوبانگی شیعی محەممەدی کوڕی یەعقوبی کولەینی (٨٤٦-٩٤١) تیادایە، لە هەمانکاتدا دامەزراوە ئایینییە سوننییەکان دەڵێن لەمێژە ئەو مزگەوتە پەیوەستە بە تەریقەتی مەولەوی سۆفی، گۆڕی زانای پایەبەرزی سۆفی حارس محاسبی لەخۆگرتووە. هەریەک لە وەقفی سوننی و وەقفی شیعی خۆی لەپێشتر دەبینی بۆ سەرپەرشتیاری ئەو مزگەوتە، دەرەنجام و پێش چەند ساڵێک لەمەوبەر جیاوازییەکە بە سپاردنی بە وەقفی شیعی کۆتایی هات.
یەکێک لە جیاوازییەکانی تر ئەوە بوو کە لەسەر مزگەوتی مێژوویی خەیلانی لە ناوەڕاستی بەغدا ڕوویدا، دیوانی وەقفی شیعی دەستی بەسەردا گرتبوو، پشی بەستوو بەو بیرباوەڕە شیعییەی کە گۆڕی محەممەدی کوڕی عوسمانی عومەیری تیادابوو، کە یەکێک بووە لە چوار بریکارەکەی ئیمامی دوانزەیەمی شیعەکان، بەڵام دیوانی وەقفی سوننی و کەسایەتییەکانی تری سوننی ئەو پڕوپاگەندانەیان ڕەتدەکردەوە. دواجار هەردوو مزگەوتەکە کەوتنە ژێر چاودێری وەقفی شیعی، ئەگەرچی

بەردەوام بەرپرسانی دیوانی وەقفی سونی بەرهەڵستکاری بوون، لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە یەکلاییکردنەوەی ململانێکان شێوازێکی نوێی بەخۆیەوە بینی، بەشێوەیەک دەسەڵاتی شیعی جەختی لەوە دەکردەوە کە ناسنامەی تائیفی ڕاستەقینەیان لە سەردەمەکانی پێشووتردا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. یارمەتیدەری ئەمەش بوونی کۆمەڵە ئیسلامییە شیعییەکان بوو لە دامەزراوە حکومییەکان و سەرکەوتنی میلیشیا شیعەکان بەسەر میلیشیا سوننییەکاندا لە چەسپاندنی باوەڕە شیعییەکە لە بەغدا و چواردەوریدا و برەودانی زیاتر بە ناسنامەیان لەم ساڵانەی کۆتاییدا.

هەمان جیاوازی دەربارەی چەندان وەقفی ئیسلامی لە موسڵیش ڕوویدا، بەتایبەت پاش ئازادکردنی شارەکە لە چنگی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی. دیوانی وەقفی شیعی داوای ئەوەی دەکرد کە بیست مزگەوت لە شارەکەدا بخرێنە ژێر چاودێری تایبەتی خۆیانەوە، هەندێکیان بەناوی کەسایەتییە مێژووییە شیعییەکانەوە بوون، بەڵام ئەسیل نوجەیفی پارێزگاری ئەو کاتەی موسڵ بە توندی ئەو داوایەی ڕەتکردەوە کە سڕینەوەی ناسنامەی سوننییەکان بوو. پاش ئازادکردنی شارەکە هەژموونی میلیشیا شیعەکان زیادی کرد، هاوڵیاندا بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئەو مزگەوتانە، یان جەختکردنەوە لەسەر خستنە ژێر دەسەڵاتی وەقفی شیعییەوە. ئەمەش بووە هۆکاری تووڕەکردنی دیوانی وەقفی سونی و سیاسییە سوننییەکان، پێیان وابوو ئەو هەوڵە بۆ گۆڕینی ناسنامەی موسڵە.

## دارشتنەوەی پەیکەری ئەوقافی ئیسلامی بووە هۆکارێکی خێرا بۆ تاکرەوی تائیفی لە بواری ئایینی لە عێراق

لایەنێکی تری ئەو جیاوازیانە پێگەی جوگرافی بەشێک لە وەقفە کێشە لەسەرەکان بوو. زۆربەی مزگەوتە مێژووییەکان دەکەونە ناوچە بازرگانییەکانەوە، بەشێک لەو وەقفانە بریتین لە دوکان، یان شوێنی نیشتەجێ، یان گەراج. بە زۆری ئەم شوێنانە پاڵپشتن بۆ ئەو دامەزراوە و کۆمەڵانەی بەڕێوەیان دەبەن، بە تایبەت ئەو کرێیانەی لە کرێگرتەکان، یان بەرهەمهێنەکان وەریدەگرن. بەهەرحاڵ ئەم جیاوازیانە تەنها ئایینی نەبوون، بەڵکو بە ئەندازەیەکی زۆر گەورە پەیوەستە بە پاڵنەرە ئابوورییەکەوە. ئەم جیاوازیانە بە شێوەیەکی ئاشکرا دەردەکەوتن لەو مزگەوتانەدا کە بە مزگەوتی سەرۆکایەتی ناسرابوون، ژمارەیان نزیکەی چواردە دانە دەبێت، پێکهاتووە لە کارگەی گەورە و چەندان بەشی پەیوەست پێوەی کە بە

فەرمانی سەدام حسێن دروستکراون. بەشێک لە بەرپرسانی دیوانی وەقفی شیعی رێگە نادەن بە بەشی سونی وەسف بکرێن، بەڵکو داوا دەکەن بە یەکسانی دابەشبکرێن لەنێوان دیوانی وەقفی سونی و دیوانی وەقفی شیعیدا. جیاوازیەکی تر دەربارەی ئەو پێوەرەیە کە وەسفی مزگەوتەکەی پێدەکرێت بەوەی (سەرۆکایەتییە). دیوانی وەقفی شیعی ئەم پێناسەیە گشتگیر دەکات بۆ هەموو ئەو مزگەوتانەی لە تەمەنی بەعسدا دروستکراون، بەڵام دیوانی وەقفی سونی ئەوە رەتدەکاتەوە. دەرەنجام بە تایبەت دەربارەی مزگەوتەکانی بەغدا دیوانی وەقفی شیعی رازی بوو مزگەوتە سەرۆکایەتییەکان لەژێر چاودێری دیوانی وەقفی سونیدا بن (لەبەرئەوەی زۆربەیان پێشنوێژەکانیان لە سونەکان بوون و لەسەر ئەو مزگەوتانە دامەزراون، زۆربەیان دەکەوتنە ناوچە سونییەکانەوە) جگە لە مزگەوتی (الرحمن)ی هەڵکەوتوو لە ناوچەی مەنسورییەی بازرگانی نەبێت، کە کۆمەڵێک شیعەی شوێنکەوتەی محەممەد یەعقوب کاریان تیادا دەکرد، دووجار بەپێی یاسا درا بە دیوانی وەقفی شیعی (لەکۆتاییدا جیاوازی لەنێوان لایەنی سەرپەرشیار لەگەڵ لایەنە سیاسی و ئایینی و بازرگانییەکان دروست بوو لەسەر قازانجە بازرگانییەکانی) ئەم مزگەوتە گەراجێکی گەورە و پارچەیەک زەوی هەبوو پاڵپشتییەکی دارایی باش بوو بۆ ئەو لایەنەی بەرێوەی دەبرد. بەڵام لە شارەکانی تردا دابەشکردنی مزگەوتە سەرۆکایەتییەکان بە گوێرەی سروشتی زۆرینەی مەزهەب بوو.

لە سەروو ئەمانەشەوە لە ساڵانی ٢٠٠٦ . ٢٠٠٧ پاش هێرش بۆسەر مەزارگەی سامەڕا جەنگی تائیفی هەڵگیرسا، هێرشی تۆڵە دەستی پێکرد بۆسەر مزگەوتی لایەنی بەرامبەر، بە تایبەت لە بەغدا. سکاڵای سونییەکان دەربارەی دەستبەسەرداگرتنی مزگەوتەکانیان لەلایەن گرووپە شیعییەکانەوە زیادی کرد، وەک ئەوەی بەرامبەر مزگەوتی قوبا کردیان لە ناوچەی شەعب، مزگەوتی موسەننا لە گەرەکی قاهیرە، مزگەوتی مودەلەل لە ناوچەی عەتیفییە. ئەمانە بە گوێرەی سەرچاوە سونییەکان، میلیشیا شیعەکان پیاوە ئایینییە سونیەکانیان ناچار بەجێهێشتنی مزگەوتەکانیان دەکرد، یان زۆر بە ئاسانی دەستیان بەسەردا دەگرت، کە پێشنوێژە سونییەکە لە ترسا ئامادە نەبوایە. ئەم کارانە تەنها بە مزگەوت و شوێنە پەرستشییەکان کۆتایی نەهات، بەڵکو سەریکێشا بۆ شوێنە بازرگانی و زەوییە کشتوکاڵییەکان. بەپێی سەرچاوەکان ئەو موڵکانە پێش ئەوەی وەقفی شیعی بە پاڵپشتی هێزە ئەمنییەکان و میلیشیا چەکدارە شیعییەکان دەستیان بەسەردا بگرن، موڵکی دیوانی وەقفی سونی بوون. دیوانی وەقفی شیعی

بەوە بەرگری لەخۆی دەکرد کە زۆربەی ئەو وەقفە ئیسلامیانە لە ناوچەی شیعەکاندا بووە و ڕژێمی پێشوو لە چوارچێوەی ڕیشەکێش کردنی شیعەکان پێشەوای سوننەی لەسەر داناون، ئەمە بە ڕوونی دەربارەی مزگەوتی (الرشاد) ڕوویدا کە کەوتبووە ناوچەی سەدرەوە، لە نەوەدەکانەوە جێی ناکۆکی سەدرییەکان و سەلەفییەکان بوو. پاش ساڵی ٢٠٠٣ سەدرییەکان دەستیان بەسەردا گرت و ناوەکەیان گۆڕی بە مزگەوتی (الصدرین).

بەکورتی بە تائیفە کردنی ئەوقافی ئیسلامی پاش ساڵی ٢٠٠٣ لە چوارچێوەیەکی بزواوی فراوانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەستیپێکرد. لەلایەک تائیفەگەری بووە جیاکارییەکی قووڵی نێوان ناسنامە ئایینییەکان و بەرتەسک کردنەوەی ئەو ژینگە گشتییە ئیسلامییەی ببووە خاڵی پێکەوە ژیانی تائیفەکان. لەلایەکی تر ئەم جیاکارییە ئاشکرایە بە بوونی چەندان تائیفە لە عێراقدا پانتایی زیاتری دەبەخشییە بوارە گشتییەکە بۆ دەربڕینی ئازادانەی ناسنامە ئایینییە جیاوازەکان. بەڵام لە چوارچێوەی مەزهەب و ململانێ مێژووییەکان جیاوازی دروستکرد، لە زۆر کاتدا ئەم جیاوازییە بووە هۆکاری گرژی و تانەنەت توندوتیژی. لێرەوە ئاماژەکان ئەوەیان دەردەخست کە تائیفەگەری بە تایبەت پاش تێکشکانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی دروستکەری جەمسەری سیاسی و کۆمەڵایەتییە، بەردەوام عێراق لەبەردەم ئاڵنگارییەکی قورسی هاوشێوەدایە لە ڕاگرتنی هاوسەنگی دانانی بە بوونی چەندان تائیفە و نێوان پێویستی دارشتنەوەی ناسنامە لە دەرەوەی تائیفەگەری، واتا پێشخستنی یادگە و هێمای کۆمەڵگە هاوبەشەکان لە ژینگە گشتییەکەدا.

**لە نەوەدەکاندا ڕژێمی سەدام حسێن پاڵپشتی بۆ ڕێبازە سۆفیگەرییەکان کەمکردەوە وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ سعودیە و بڵاوبوونەوەی سەلەفییەت**

## ئەوقافی ئیسلامی و بنیاتنانەوەی پەیکەری بواری ئایینی سوننی

ئەو جیاوازی و دژایەتیانەی لە دەرەنجامی بەڕێوەبردنی وەقفی ئیسلامییەوە دروست بوو تەنها لە نێوان تائیفە جیاوازەکاندا نەبوو، بەڵکو لەناو خودی تائیفەکاندا بوونی هەبوو، ئەم دیمەنە بە ئاشکرا لە وەقفە سوننییەکاندا دەرکەوتووە، بەهۆی لەبەریەکهەڵوەشاوەیی بوارە

سوننییەکە و نەبوونی دەسەڵاتێکی ئایینی لە گۆڕەپانەکەدا. بە پێچەوانەی بوارە شیعییەکەوە کە هەڕەمیەتی ئایینی ڕوونیان هەیە، لە سەرەوە مەرجەعی باڵا هەیە، بەڵام ئەم شێوە هەڕەمییە لەلای سوننە بوونی نییە، لەوانەیە ئەمە بەشێکی بگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی دوور، کە نزیکی دەسەڵاتی ئایینی سوننی بووە لە دەوڵەتەوە، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە کردەیی دەستیگرتبوو بەسەر دامەزراوە ئایینییە سوننییەکاندا. ئەمە جگە لەوەی زۆربەی پیاوە ئایینییە سوننییەکان فەرمانبەری حکومی بوون. وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی دەسەڵاتداری یەکەم بووە لە بەڕێوەبردنی قوتابخانە و دامەزراوە سوننییەکاندا، بەڵام نەیتوانیوە بەو ڕێژەیە دەسەڵاتبگرێت بەسەر شوێنە ئایینییە شیعییەکاندا، بەهەمانشێوە بە سەر قوتابخانە و پەیمانگا ئایینییە شیعییەکاندا (ناسراون بە حەوزە). هەمیشە حەوزەکان بە سەربەخۆیی لە دەوڵەت و شێوازی ناحکومی بۆ فێرکردن و مامۆستای لێوەشاوەی دەرەوەی عێراق، بە تایبەت هەڵگرانی ڕەگەزنامەی ئێرانی ناسراون، بنکەی یارمەتیدانی ئەوانەیان هەبوو کە لەودیو سنووری دەوڵەتەوە دەهاتن.

لە دیوانی وەقفی سوننیدا جوڵەیەکی نوێی ناوخۆیی لە بوارە ئایینییەکەدا سەریهەڵدا، کە بووە هۆی ململانێی نێوان کۆمەڵە جیاوازەکان. لە سەرەتاوە بەشداری ئەنجومەنی حوکمی کاربەڕێکەریان کرد لەژێر کاریگەری حزبی ئیسلامی، کە گەورەترین حزبی سوننی بوو، لەگەڵ عەدنان دلێمی زانای ئیسلامی و ئەندامی کۆمەڵەی ئیخوان موسلیمین سەرۆکی دیوانی وەقفی سوننی (پۆستەکە لە ئاستی وەزیردا بوو). لێرەوە ناکۆکی کەوتە نێوان حزبی ئیسلامی عێراقی و کۆمەڵەکانی تری وەک دەستەی زانایانی مسوڵمان بە سەرۆکایەتی حارس زاری، هەریەکەیان بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە خۆی نوێنەری ڕاستەقینەی سوننەکانە. ئەمە جگە لەوەی دژایەتی دەستەی زانایانی مسوڵمان بۆ داگیرکاری ئەمەریکی و دامەزراوەی حکومەتە نوێکە، لە کۆتاییدا ئەم کارە بووە هۆکاری لاوازی پێگەی دەستەکە و شکانەوەی بە قازانجی ئەوانەی جوڵەیان زیاتر بوو. ئیتر تۆڕ و دامەزراوەی تر کەوتنە کێبڕکێ، وایلێهات هەندێکجار بەڵێنی جیاکردنەوەی ئەوقافی ئیسلامیان دەدا لە بەرژەوەندییە سیاسییەکان.

لە ئابی ٢٠٠٥، حکومەتی عێراقی کاربەڕێکەر (کە ٢٠٠٥ – ٢٠٠٦ حوکمی وڵاتی کرد) عەبدولغەفور سامەڕائی کە پێشەوایەکی میانڕەوی سۆفی بوو کردە سەرۆکی نوێ بۆ دیوانی وەقفی سوننی، لەو کاتەدا دلێمی سەرۆکی کوتلەیەکی سوننی بوو لە ئەنجومەنی نوێنەران، هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی هەبوو لە حکومەت،

کوتلەکەی تۆمەتبار دەکرا بە هاوکاری، یان بێدەنگ بوون لە میلیشیا شیعییەکان کە کۆمەڵە سوننییەکانیان بە ئامانج گرتبوو. سامەڕایی خۆی لە بەرامبەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی قورسدا دەبینییەوە، بە تێڕوانینی بۆ لەبەریەکهەڵوەشانی چوارچێوە سوننییەکە و کاریگەری توندڕەوەکان لە تۆخکردنەوەی مەزهەبی و بڵاوکردنەوەی توندوتیژی، لە هەوڵدان بۆ پەیداکردنی پاڵپشتی سیاسییەوە گەیشتە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ حزبی ئیسلامی عێراقی، دەستە توندڕەوەکان بە دەستەی زانا مسوڵمانەکان و گرووپە جیهادییەکانیشەوە، تاوانباریان دەکرد بەوەی بوکەڵەیەکە بەدەست ئەو حکومەتەی ملکەچی دەسەڵاتی شیعەیە. ڕەخنەکانی ڕووبەڕووی دەکرانەوە بەرەو هەڵکشان چوون، بە تایبەت ئەو کاتەی کە ساڵی ٢٠٠٧ دەستەی زانایانی مسوڵمانی ناچار کرد نووسینگەکەیان دابخەن، کە لە مزگەوتی گەورەی ئومولقوڕادا بوو، پاشان ڕادەستکردنی بە دیوانی وەقفی سوننی. لە ئابی ٢٠١١دا سامەڕائی لە هێرشێکی خۆکوژی ڕزگاری بوو کە ئەگەری زۆربوو ئەوانە ئەنجامیان دابێت کە خۆیان ناونابوو دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی. ئەو هێرشە کە لە کاتی بەشداری سامەڕائی و ژمارەیەک لە ئەندامانی حزبی ئیسلامی عێراقی لە نوێژی بەکۆمەڵدا بوو، بووە هۆی ژمارەیەک قوربانی، لە کوژراوەکاندا پەرلەمانتارێکی حزبی ئیسلامی عێراقی تیادابوو.

لە ساڵی ٢٠١٢ ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەکی تایبەتی بە دیوانی وەقفی سوننی دەرکرد، چەند بەرپرسیارێتییەکی بەخشییە دیوان، لەوانە بەڕێوەبردنی ئەوقاف، سوودوەرگرتن لە دەستکەوتەکانی، پشتیوانی دامەزراوە ئایینی و خێرخوازییە سوننییەکان. بەگوێرەی ماددەی ٤،٢ لەو یاسایە، ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکی دیوانی وەقفی سوننی دادەنێن، دەبێت ئەو دانانە لەسەر ڕەزامەندی کۆڕی فیقهی عێراقی بێت، مەبەستیان لەو دامەزراوەیە بوو کە کۆمەڵەی گەورە زانایان لە عێراق پێکیانهێنابوو، بریتی بوون لە پێنج زانای سۆفی و پێنج زانای سەلەفی، نووسینگەیان لە مزگەوتی ئیمام ئەعزەم (ئەبوحەنیفە) بوو لە بەغداد. حزبی ئیسلامی عێراقی لە دامەزراندنی ئەو دامەزراوەیەدا پشکیان هەبوو بۆ دروستکردنی بەربەست لەبەردەم دەستەی زانایانی عێراقی و بۆ ئەوەی ببێتە دەسەڵاتی بەرزی بە کۆمەڵ بۆ کۆمەڵە سوننییەکان. ئامانج لەو یاسایەی کە ڕۆڵی سەرەکی لە دارشتنیدا بەخشییە حزبی ئیسلامی عێراقی هاوکات یاسایەکیش بۆ دیوانی وەقفی شیعی دەرکرا، لە ڕێکخستنی بوارە سوننییەکە گەورەتر بوو. سامەڕایی ساڵی ٢٠١٣ ناچار بە

وازهێنان لە پێگەکەی کرا، پاش ئەوەی تۆمەتی گەندەڵی خرایە پاڵی، بە تایبەت لەلایەن سوننە دژەکانییەوە. پاش ئەوە گرووپە سوننییەکان سەرکەوتوو نەبوون لە دانانی جێگرەوەدا، ساڵی ٢٠١٥ حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیران عەبدوڵڵاتیف هەمیم وەک سەرۆکی دیوانی وەقفی سونی بە وەکالەت دانا. ئەم دانانە بە پشتیوانی سەلیم جبوری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەو کاتە و ئەندامێکی دیاری حزبی ئیسلامی عێراقی بوو، هەرچەند لەلایەن دامەزراوە سوننییەکانی ترەوە دژایەتی کرا، لەسەر پشتگوێ خستنی کۆڕی فیقهی عێراقی، کە دەبوو پرسی پێبکرایە لەو دانانەدا بە گوێرەی بڕگە یاساییەکانی دیوانی وەقفی سونی. هەمیم دەسەڵاتی گرتەدەست، گەورە زانایەکی ئیسلامی و پێشتر نزیکبووە لە ڕژێمی بەعس لە ئەنبار، ڕابەری کۆمەڵەیەکی بچووکی دەکرد لە ئیمام و کەسایەتی سونی میانڕەو لەژێر ناوی (ملتقى العلماء و المفكرين العراقيين). کۆمەڵە سوننییەکانی تری وەک زانا مسوڵمانەکان و کۆڕی فیقهی عێراقی پێیان وابوو حکومەت ملکەچە بۆ دەسەڵاتی شیعە نەک دەسەڵاتی شەرعی سونی، هەر ئەو حکومەتە هەمیمی بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان کردووە.

## چەندان کۆمەڵەی ئایینی بە شێوەی تاکڕەوی هەوڵیانداوە دەستبگرن بەسەرداهاتە مادی و مەعنەوییەکانی مەزارگە ئایینییەکان

لەگەڵ بوونی ئەو ڕەخنانەدا، بە بڕوا بەخۆبوون و وتاری میانڕەوانە هەمیم خەریکی چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی بوو، چەندان دەسپێشخەری کرد بۆ دووبارە بنیاتنانەوە و بەدیهێنانی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ناوچە سوننییەکان پاش دەرچوونی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لێیان. دەستیکرد بە کارکردن لەسەر شێوازی سامەڕایی کە بە ئامانجگرتنی پێشنوێژ و وتاربێژە توندەکان بوو، هەوڵیدا دەسەڵاتی زیاتر بگرێت بەسەر وتاری ڕۆژی هەینیدا، هێرشێکی لە دژی توندڕەوی و دەمارگیری ڕاگەیاند، داوای چەسپاندنی پیشەیی دەکرد بۆ هێنانەوەی بەڵگە بەو بەڵگە یاساییانەی کە کورتی هەڵهێنابوون لەو فەقیهە ئیسلامیانەی ڕێگەپێدراوون و شاهیدیان بۆ داون.
ئاشکرایە کە هەمیم لەلایەن دامەزراوە سوننەکانی ترەوە ڕووبەڕووی ململانێ بووەوە لەسەر دەسەڵات و شەرعییەت، لەوانە کۆڕی فیقهی عێراقی بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەد حەسەن تەها کە پێشتر ئەندام بوو

لە دەستەی زانا مسوڵمانەکاندا. خۆی و نەوەکەی عەبدولوەهاب سامەڕایی کە ئەندامێکی دیاربوو لە کۆڕی فیقهی عێراقی سکاڵایان هەبوو لەسەر بێ ڕۆڵی دامەزراوەکەیان لە دەستنیشان کردنی سەرۆکی دیوانی وەقفی سونی، ئەمەش سەریکێشا بۆ لاوازی خاوەن پۆستەکە و کەوتنە ژێر کاریگەری بەرژەوەندیخوازەکان و کۆمەڵە سیاسییەکان. لێرەوە گرژی نێوان دیوانی وەقفی سونی و کۆڕی فیقهی عێراقی بەرەو زیادبوون چوو.

ئەو حکومەتەی کە هەیمەنەی شیعە بەسەریدا زاڵبوو، بۆیە خۆی سەرۆکی دیوانی وەقفی سونی دانا تا بیکاتە هۆکارێک بۆ بەهێزکردنی لایەنگرانی، یان ئەوانەی دژایەتی ناکەن لە چوارچێوەی سوننەکاندا، وەک خۆپەنادانێک لە چونەسەرەوەی کەسایەتی دژ، یان نائاشنا بۆ سەرۆکایەتی دیوانی وەقفی سونی. دەکرێت ئەم جۆرە کارانە بە چاوی سیاسەتی ئامانجدراوە سەیربکرێت، لەوانە ڕێکخستنەوەی بواری ئایینی سونی لە ڕێگای دیوانی وەقفی سونییەوە تا ببێتە دۆستی حکومەت و کەمکردنەوەی دژەکانی.

گومانی بەهێز ئەوەیە کە مەبەستی بەشێک لە ئەندامانی کۆڕی فیقهی عێراقی لە سەروو هەمووشیانەوە ڕافیع ڕەفاعی کە هەڵگری نازناوی موفتی وڵاتی عێراقیش بوو، بۆ دژایەتی حکومەت و پاڵپشتی خۆپیشاندانە سونییەکان بوو دژ بە حکومەت و سەرۆک وەزیرانی پێشوو نوری مالیکی (٢٠٠٦ . ٢٠١٤)، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە حکومەت و کۆمەڵە شیعەکان بەدگومان بن بەرامبەر کۆڕی فیقهی عێراقی. ئەم دەستپێشخەرییەی حکومەت ئەو کێشەیەی قووڵتر کردەوە کە پەیوەست بوو بە سەرۆکی دیوانی وەقفی سونی و سیفەتی نوێنەرایەتی، ئەوەی ببووە باوەڕی بەهێز لەلای فەقێ و پێشەوا سونییەکان ئەوە بوو کە حکومەت لایەنگرە و بەرژەوەندی لە لاواز کردنی سەربەخۆییاندایە، زۆربەی دژایەتیان بۆ ئەو شێوازەی حکومەت پەیڕەوی دەکرد لەو بابەتەدا، لەبەر بەرگری ڕاستەقینەیان بوو لە ناسنامەی سوننە و پاراستنی، پێیان وابوو ئەو ناسنەمەیە لەبەر هێرشدایە، عەبدولوەهاب سامەڕایی دەڵێت: «دەمانەوێت لەپەڕگیری دوورکەوینەوە، بەبێ ئەوەی ڕێگا بدەین ناسنامەمان لە ناسنامەی کەسانی تردا بتوێتەوە (مەبەستی ناسنامەی شیعە بوو)». عەدنان دلێمی سەرۆکی یەکەمی وەقفی سونی کە ساڵی ٢٠١٧ کۆچی دوایی کرد، پێیوابوو هەوڵێکی سیستماتیکی هەیە لەپێناو «شیعە»ی عێراق، ئاماژە بەوەی کە حکومەت و حزبە شیعییەکان سەرۆکایەتی ئەو هەوڵە دەکەن لە ڕێگای دەستگرتن بەسەر مزگەوتە سونییەکان و گۆڕینی میراتی سونی لە بەغدا بە میراتی شیعە. یەکێک لەو دامەزراوانەی

نزیکبوونەوەیەکی جیاوازی کرد لە دەرەوەی کۆمەڵە شیعییەکان بۆ خۆشکردنی شوێنی خۆی لە بوارە سوننییەکەدا، دامەزراوەی (دار الافتاء) بوو بە سەرۆکایەتی مەهدی سومەیدعی کە خۆشی وەک موفتی کۆمار ناساندبوو. دارولئیفتاکەی خۆشی واناساندبوو کە نوسخەیەکی تازەیە لە پێگەی موفتی عێراقی میراتگری سەردەمی عوسمانی، کە پاش دامەزراندنی دەوڵەتی نوێ لەبیرچووبووەوە و حکومەتی بەعس لە حەفتاکاندا هەڵیوەشاندەوە. بەڵام کۆڕی فیقهی عێراقی و دیوانی وەقفی سونی سومەیدعیان بەو وەسفە ڕەتکردەوە. بەشێکیان پێیان وابوو کە دامەزراوەی دارولئیفتا هی تاکە پیاوێکە، سومەیدعیش شایستە نییە بە وەرگرتنی پێگەی موفتی کۆمار. کۆڕی فیقهی عێراقی لەبەردەم ئەنجومەنی شورای دەوڵەت (دەستەیەکی دادوەری کارگێڕییە بەرپرسە لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان دامەزراوە حکومییەکان) تانەی خۆیدا، ئەمەش بووە هۆی پووچەڵ کردنەوەی ئەو هەوڵەی کە دەمەزراوەکەی بە یاسایی بکات، بەڵام ڕێگر نەبوو لەبەردەم ئەوەی کە خۆی بە موفتی ناساندبوو. سومەیدعی یەکێک بووە لە شێخە سەلەفییەکان، ڕەخنەگری کۆمەڵە جیهادییەکان بوو، هەڵوێستی پێشووی گۆڕی کە دژایەتی شیعە و حکومەت بوو بە بیرێکی سەلەفی و میانڕەوانە، لەلایەن حکومەتەکەی نوری مالیکی و گرووپە شیعەکانی سەر بە ئێران پشتیوانی دەکرا، ساڵی ٢٠١٣ توانی لەگەڵ شوێنکەوتووەکانیدا دەستبگرن بەسەر مزگەوتی ئوم تبول، کە بە گەورەترین مزگەوتی ناوچەی خۆرئاوای بەغدا ئەژمار دەکرێت، سومەیدعی لە هەوڵێکی سەرنەکەوتوویدا ویستی ناوی مزگەوتەکە بگۆڕێت بە ئیبن تەیمییە، کە زانایەکی حەنبەلی سەدەکانی ناوەڕاست بووە، خۆشی کردە ئیمامی مزگەوتەکە. ١٣٢ شوقە لکابوو بە مزگەوتەکەوە، سومەیدعی دەستی بەسەردا گرت، بەپێی گێڕانەوەی بەرپرسێک لە دیوانی وەقفی سونی، بە مەبستی پشتیوانی چالاکییەکانی. دیوانی وەقفی سونی تانەی لەو هانگاوانە دا و پەنای بردە بەر دادگا بۆ ئەوەی مزگەوتەکە و یەکە نیشتەجێییەکان بگێڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی، سومەیدعی ئەوەی ڕەتکردەوە و نووسراوێکی ئاڕاستەی دیوانی وەقفی شیعی کرد داوای لێکردن مزگەوتەکە بخەنەژێر دەستی خۆیان، وەقفی سونی پێیوابوو ئەمە هەوڵێکە بۆ پیشاندانی دەسەڵاتەکەی و هەنگاوێکی بێ بیانووە بۆ ڕاکێشانی دەسەڵاتی شیعە بۆ ململانێکە، وایلێهات سومەیدعی میلیشیایەک پێکبهێنێت و ناوی بنێت (بزووتنەوەی ئازادیخوازانی عێراق)، لەژێر سایەی هێزەکانی حەشدی شەعبی. گومانی بەهێز ئەوەیە ئامانجی لەم هەنگاوە جەنگە لە دژی ڕێکخراوی دەوڵەتی

ئیسلامی و لایەنداری بۆ هێزەکانی حەشدی شەعبی بۆ بەدەستهێنانی ئەندامی زیاتر تا بتوانن لەڕووی دژە سوننەکەی بوەستێتەوە. زۆرێک لە نوێنەری ئەو گرووپانەی حەشد کە ئێران پشتیوانی دەکردن سەردانیان دەکرد، بە ئاشکرا لەگەڵ قاسم سلێمانی سەرۆکی سوپای قودسی سوپای پاسداران دەردەکەوت.

بڵاوبوونەوەی سەلەفییەت هیچ کاریگەری نەبوو لەسەر پەیوەندی شیعە و سوننە، بەڵکو پەیوەندی بە ناوخۆی کۆمەڵە سوننییەکانەوە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دژایەتی سۆفی و سەلەفییەوە هەبوو. عێراق زۆرترین و دیارترین ڕێبازە سۆفیگەرییەکانی تیادا هەبووە، وەک قادری و نەقشبەندی. لە نەوەدەکاندا ڕژێمی سەدام حسێن پاڵپشتی بۆ ڕێبازە سۆفیگەرییەکان کەمکردەوە وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ سعودیە و بڵاوبوونەوەی سەلەفییەت لەو چوارچێوەیەی ناسراوبوو بە هەڵمەتی ئیمانی. ئەم سیاسەتە پاش ساڵی ٢٠٠٣ بەردەوام بوو، لەگەڵ ئەوەی بەشێک لە سۆفییەکان ئازادی زیاتریان وەرگرت، تەنانەت لەلایەن دەوڵەت و سیاسییە دەستڕۆیشتووەکانەوە یارمەتی دەدران. بۆ نموونە، سەرۆک کۆماری پێشوو جەلال تاڵەبانی کە (٢٠٠٦ بۆ ٢٠١٤) سەرۆک بوو، لە خێزانێکی خانەدانی پاشخان سۆفی بوو، یارمەتی ڕێبازی قادری دەدا، هەتا سەرپەرشتیاری بۆ مزگەوتی گەیلانی دامەزراند بەو واتایەی ئەو مزگەوتە بنەمای ڕێبازی قادری-یە لە بەغدا. ئەندامانی خێزانە خانەدانەکانی ڕێبازی کەسنەزانی پاش ساڵی ٢٠١٣ ڕوویان کردە سیاسەت، کورسی پەرلەمانیان بەدەستهێنا و چوونە حکومەتەوە.

بەڵام لە ڕاستیدا سەلەفییەت زیاتر بڵاوبووەوە، بەتایبەتی لە دابەشکاری مەزهەبی و ئەو سروشتە تایبەتەی پاش ساڵی ٢٠٠٣ وڵاتی پیادا تێپەڕی. بەشێک لە کۆمەڵە سەلەفییەکان دەستیان بەسەر ژمارەیەک مزگەوتی سوننییەکان لە ناوچەی فەلوجە و دەوروبەری بەغدادا گرت، بەکاریاندەهێنان بۆ دژایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان و شیعەکان. کاتێک دەوڵەتی ئیسلامی دەستی گرت بەسەر شارە گەورە سوننییەکان و مزگەوتی سۆفی و شوێنە ئایینییەکانی تری سوننەی خاپوور کرد، لە ڕاستیدا تایپێکی تری سوننەی بەرهەمهێنا و ململانێی ئەو تەقلیدە کۆنەی سۆفی و میانڕەوەکانی دەکرد، شێوازە تەقلیدییەکە بۆ خۆی بەرەو لاوازی دەچوو بە هۆی مەنهەجی عەلمانییەت و ئەو نوێگەراییەی کە دەوڵەت ساڵانێکی زۆر پەیڕەوی کردووە. تەنانەت پاش ڕووخانی دەوڵەتی ئیسلامیش، تا ئێستاش بەشێک لە مزگەوتەکانی چواردەوری بەغدا لەژێر دەسەڵاتی سەلەفییەکاندان، یان مۆڵگەی کۆمەڵە سەلەفییە

ناحزبییەکان بوون. هیشام هاشمی کە توێژەرە لە کاروباری سەلەفی لە عێراق دەڵێت، دیوانی وەقفی سونی و دامەزراوە سوننییە تەقلیدییەکان دەستیان گرتووە بەسەر مزگەوتی سەنتەری شارەکان، لە هەمان کاتدا سەلەفییەکان بە شێوەیەکی فراوانتر دەستیان گرتووە بەسەر مزگەوتەکانی چواردەوری بەغدا و شارەکانی تر. زۆربەی تۆڕە سەلەفییەکانی ئەمڕۆ لە میانڕەوەکانن، دوورن لە سیاسەت و زیاتر جەخت لە کاروبارە ئایینییەکان و بابەتە ئەخلاقییەکان دەکەنەوە، زیاتر بانگەشەی یەکسانی دەکەن بەراورد بە دامەزراوە سۆفییەکان، ئەو گەنجانەی بڕوایان وایە ئەم ئایینە ئاسانە و کەمتر هەڕەمییە نزیک دەبنەوە لێی. ئەشکرایە بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە سەلەفییەتە ئەو قەیرانانە پێچەوانە دەکاتەوە کە لە ڕابردوودا ڕووبەڕووی دەسەڵاتە ئایینییە سوننییەکە ببوەوە، توانی هاوسەنگی ڕابگرێت لە نێوان توندڕەوە سەلەفییەکان و فشاری دەرەکی و ناوەکی بۆ دادپەروەری لە بەرامبەر سوننییەکان.

بە بوونی دیوانی وەقفی سونی وەک یاریزانی سەرەکی و بوونی بە جێگای ململانێ، بوارە سوننییەکە بەش بەش بوو، بە دەستگرتن بەسەر دامەزراوە و ئەوقافە ئایینییەکان دەسەڵاتیان بەهێز کرد، بەڵام لە چوارچێوەیەکی کاریگەر بە ناسیاوگەرایی و سیاسەتی دوورخستنەوە، لەمەوە زۆرێک لە گرووپەکانی تر بەگومان بوون کە فراوان بوونی دەسەڵاتی دیوان سەردەکێشێت بۆ زیانگەیاندن بە بەرژەوەندییەکانیان و پەراوێزخستنیان لە ڕووی مادی و بیروباوەڕەوە. شایانی باسە پاش پێکهێنانی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی ساڵی ٢٠١٨، گرووپە سیاسیی و ئایینییە سوننییەکان داوایان کرد بۆچوونیان وەربگیرێت لە دانانی سەرۆکی دیوانی وەقفی سوننیدا، بەڵام سەرۆک وەزیران بۆی دەرکەوت کە سەختە ئەوان لەسەر کەسێک هاوڕا بن، بە تایبەت کە ئەم پۆستە چەند جەمسەرێکی هەیە لە دەستکەوتی سیاسی و بازرگانی، کەسانێک لە دەرەوەی ئەو دامەزراوە ئایینییە دەیانەوێت بگەن بە پشکی قازانج و خزمگەرایی کە لە ڕێگای دیوانی وەقفی سوننییەوە نەبێت پێی ناگەن. ئەمەش وایکرد لە نێوان گرووپەکاندا ڕێککەوتن بکرێت بۆ بەشکردنی پۆستە گەورەکانی دیوانی وەقفی سونی، پاشان بەشکردنی قازانجەکان لەنێوان خۆیاندا، بۆ ئەمەش پێویستە کەسایەتییەکی هاوسەنگ دانێن بۆ پێگەی سەرۆکی دیوان. لە هەمان کاتدا حکومەت ڕێی نەدەدا بە کەسایەتی هاوسەنگ و هاودەنگی لەسەرکراو، دەیزانی دیوانی وەقفی سونی ئامڕازێکی گرنگە بۆ لاوازکردنی شانە سوننییە توندڕەوەکان.

## مەزارگە شیعییەکان خاوەنی قورساییەکی مەعنەوی و مادی گەورەن

### ئەوقافی ئیسلامی و بنیاتنانەوەی پەیکەری بواری ئایینی شیعی

کاتێک بەڕێوەبردنی ئەوقافی سونی شکستیهێنا لە قەیرانی دەسەڵات لە گرووپە سوننییەکاندا، پلەبەندییەکی دامەزراوەیی نوێی تایبەت بە ئەوقافی ئیسلامی شیعی کرا، ڕۆڵی سەرەکی بە دەسەڵاتی ئایینی درا لەلایەن گرووپە شیعییەکانەوە. ئەمەش بە ئاشکرا لە بەڕێوەبردنی زیارەتگا ئایینییە سەرەکییەکانەوە لە ماوەیەکی دوورودرێژدا دەردەکەوت.

لە قۆناغی یەکەمی دامەزراندنی دیوانی وەقفی شیعی، ململانێ کەوتە نێوان گرووپە شیعییەکانەوە هەروەک ئەوەی لە ناوەندی کۆمەڵە سوننییەکاندا ڕوویدا بۆ دەستگرتنیان بەسەر ئەوقافی ئیسلامیدا. چەندان کۆمەڵەی ئایینی بە شێوەی تاکڕەوی هەوڵیاندا دەستبگرن بەسەر داهاتە مادی و مەعنەوییەکانی مەزارگە ئایینییەکان، بە تایبەتی ئەو مەزارگانەی گرنگی زۆریان هەیە وەک مەزارگەی ئیمامە شیعەکان لە نەجەف و کەربەلا و کازمییە و سامەڕا. ئەو کاتەی جەنگ کەوتە نێوان سوپای ئەمەریکی و سوپای مەهدی بە سەرۆکایەتی موقتەدا سەدر ساڵی ٢٠٠٤، زۆربەی جەنگاوەرە سەدرییەکان پەنایان بردە بەر مەزارگە عەلەوییەکان لە نەجەف بە نیەتی بەکارهێنانی وەک هێزی مەعنەوی بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکەیان دەربارەی بەرگری و خۆڕاگری و بەکارهێنانی دوکانەکانی بۆ چارەسەری بریندارەکان و کۆگاکردنی چەک. بە نزیکی لە هەمان کاتدا کۆمەڵێکی جیابووەوە لە سەدرییەکان بە پێشەوایەتی مەحمود حوسنی سەرخی هەوڵیاندا دەستبگرن بەسەر مەزارگەی حسێنییە لە کەربەلا. ڕێکخراوێکی لادەری تری شیعە بەناوی (جند السماء) ساڵی ٢٠٠٧ پێشرەویان کرد بەرەو مەزارگەی عەلەوی، ئەمەش بووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی سەربازی لە نێوان ئەوان و هێزی ئاسایشی حکومی، جەنگەکە بە خستنەوەی قوربانییەکی زۆر و کوشتنی سەرۆکی ڕێکخراوەکە تەواو بوو.

حسێن شامی کە پیاوێکی ئایینی و ئەندام بوو لە حزبی دەعوە، بووە یەکەم سەرۆکی دیوانی وەقفی شیعی، ئەمەش لە دەرەنجامی هەوپەیمانی نێوان حزبی دەعوە و حزبێکی سەرەکی تری شیعە بوو بە ناوی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراقی، ئەوەی کە سەرۆکایەتی دەستەی باڵای حەج و عومرەی دەکرد، بە هەمانشێوە ئەوەش پلەیەکی بەرزی ئایینی بوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەڕێوەبردنی شامی

بۆ دیوانی وەقفی شیعی بەرەوڕووی ڕەخنەی توند بووەوە لەلایەن کۆمەڵە شیعەکانی ترەوە، بە تایبەت لەلایەن ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراقی و ڕەوتی سەدرەوە. بەهەمانشێوە مەرجەعیەتی ئایینی لە نەجەف ڕازی نەبوو لە کارەکەی، بە تایبەت پاش ئەوەی تۆمەتبارکرا بە گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبردن. ساڵی ٢٠٠٥ شامی گۆڕا بە ساڵح محەممەد حەیدەری، ناوبراو تا ساڵی ٢٠١٥ لە پۆستەکەیدا مایەوە.

کاری بنچینەیی کە دەبوو دیوانی وەقفی شیعی ئەنجامی بدات بەڕێوەبردنی ئەو مەزارگانە بوو کە ساڵانە ملیۆنان زیارەتکار سەردانیان دەکرد، ببونە کۆڵەکەی بنچینەیی بۆ بینای یادگەی ناسنامە لەلای شیعەکان. ساڵی ٢٠٠٥ ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەکی نوێی دەرکرد بۆ بەڕێوەبردنی مەزارگەکان و شوێنی زیارەت کردنی شیعەکان، بە دەق ئەو مافەی دەدا بە سەرۆکی دیوانی وەقفی شیعی بۆ دامەزراندنی گەورە بەڕێوەبەری مەزارەگەکان پاش بەدەستهێنانی ڕەزامەندی مەرجەعی باڵای تائیفەکان، ئەو پۆستە لە ئێستادا بەدەست ئایەتوڵا عەلی سیستانی-یەوەیە، ئەوکەسەی نوێنەرایەتی سەری هەرەمە شیعییەکە دەکات. بۆ یەکەمجارە لەمێژووی نوێی عێراقدا بە ئاشکرا دانبنرێت بە ڕۆڵی مەرجەعی باڵا بۆ سەرپەرشتی و بەیاسا کردنی مەزارگەکان، کارەکە یارمەتیدەرە بۆ چارەسەری کێشەی دەسەڵات کە تا ئێستاش لەلای سوننەکان بێ چارەسەرە. ئەمەش سەرکەوتوو نابێت ئەگەر مەرجەعیەت سەربەخۆ نەبێت، تەنانەت بۆ هاوکاریش دەبێت پشت ببەستێت بە کۆمەڵە شیعەکان و دەوڵەمەندە شیعییەکانی دەرەوە و ناوەوەی عێراق و پارێزگاری لە نەریتێکی سەربەخۆ و دروستکردنی شوێنەکەی، تا بیسەلمێنێت کە دەتوانێت خۆی ڕابگرێت لە بەرامبەر ئەو هەوڵانەی کە ڕژێمی پێشوو گرتییەبەر بۆ شکاندنی حەوزە شیعییەکان و لاوازکردنی مەرجەعەکانی. لەپاش ساڵی ٢٠٠٣ مەرجەعیەت لە پێگەی دەسەڵاتی باڵادا لەلای شیعەکان دەرکەوت، ئەمش بووە پاڵنەر بۆ حزبە شیعییەکان کە هەوڵی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی مەرجەع بدەن بۆ وەرگرتنی شەرعییەت بە پاڵپشتی ئەو.

ساڵی ٢٠٠٥ دەقی یاسایی دەرچوو لەسەر دیاریکردنی ئەمینداری گشتی بۆ هەریەک لە پێنج مەزارگە بنچینەییەکانی عێراق (مەزارگەی عەلەوی لە نەجەف، هەردوو مەزارگەی حسێنییەی عەباسی لە کەربەلا، مەزارگەی کازمییە لە کازمییە، مەزارگەی عەسکەری-یە لە سامەڕا). نووسینگەی مەرجەعی باڵا ڕۆڵی هەبوو لە دانانی ئەو ئەمیندارە گشتیانەی کە بەشێکیان نوێنەری سیستانی بوون. دوانیان نزیک بوون لە مەرجەعیەتی ئایینی نەجەفەوە. دواتر بوونە دوو کەسایەتی جێبەجێکار، ئەوانیش

عەبدولمەهدی کەربەلایی ئەمینداری گشتی مەزارگەی حسێنییە، دواتر بووە سەرپەرشیتاری شەرعی لەسەری، ئەحمەد سافی ئەمینداری گشتی مەزارگەی عەباسی-یە و دواتر بووە سەرپەرشتیاری شەرعی لەسەری.

لە چەند ساڵێکی کەمدا لایەنی بەرپرس لە بەڕێوەبردنی مەزارگەکان دەستیان بە هەڵمەتی فراوان کردن کرد، سەرەتا بە فراوان کردنی گۆڕەپانی مەزارگە ئایینییەکان و دروستکردنی شوقەی نوێ بۆ سەردانیکاران دەستیپێکرد، تەنانەت سەرپەرشتی دروستکردنی نەخۆشخانە و قوتابخانە و زانکۆی نوێیان کردووە. لەم ڕووەوە بەشێوەیەکی هەندەکی چاویان لە مەزارگەی ئیمام ڕەزا کردووە لە شاری مەشهەدی ئێران، کە دامەزراوەیەک سەرپەرشتی دەکات، سەرۆکی ئێستای ئیبراهیم ڕەئیسییە کە لەلایەن ڕێبەری باڵا عەلی خامنەییەوە دانراوە کە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٧ کێبڕکێکاری سەرەکی حەسەن ڕۆحانی بوو. لایەنی بەڕێوەبەری ئەو مەزارگانە لە باج و هەرچییەک دەکەوتە سەریان دەبەخشران بە سیفەتی ئەوەی (دامەزراوەی ئایینین)، ئەمە جگە لە پشتیوانی مادی حکومیی بۆ تێچوونە کارگێڕییەکان لە چوارچێوەی بوودجەی دیوانی وەقفی شیعی. ئەمە پاڵپشتبوو بۆ جێبەجێکردنی چەندان پرۆژەی (دنیایی). بۆ نموونە بەڕێوەبەرایەتی مەزارگەی عەباسییە کارگەی خواردەمەنی و کشتوکاڵی و بیناسازی دامەزراند، قازانجەکانی دەگەڕایەوە بۆ لایەنی کارگێڕی، یان لە پرۆژەی نوێدا بەکاردەهاتەوە. بەڕێوەبەرایەتی مەزارگەی حسێنییە گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای (عێراقی . بەریتانی) واژۆ کرد بۆ دروستکردنی گەورەترین فرۆکەخانە لە عێرقدا، لەگەڵ هەموو ئەو ڕێگریانەی پارێزگاری کەربەلا بۆ ئەو کارەی دەکرد. زۆربەی کات حکومەتی ناوەند، یان حکومەتە خۆجێییەکان بڕیاریان دەرنەدەکرد و سەرپەرشتیان نەدەکرد، بەڵکو لایەنی بەرپرس لە بەڕێوەبەرایەتی مەزارگەکە دەیتوانی سەرپەرشتی ئەو کارە بکات لەو شارەی مەزارگە ئایینییەکەی لەخۆگرتووە، لەبەر پێگە تایبەتەکەی و ناچارنەبوون بە داواکاری لەلایەنی حکومی. جگە لەوەی ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە یاسایین و بەشێکن لە دیوانی وەقفی شیعی، بە دامەزراوەیەکی گشتیش ئەژمار کراون، بەڵام سەروکاریان لەگەڵ شوێنە پیرۆزەکان و پەیوەندیان بە مەرجەعییەتی ئایینییەوە وایکردووە لە پاش ساڵی ٢٠٠٣وە لە پێگەی دەسەڵاتی سەروو دەستوورەوە بن. ئازاد بن لەو کۆت و بەندانەی دەخرێنە سەر دامەزراوەکانی تر.

لە سەروو ئەمانەوە، ئەو قوتابخانە و زانکۆیانەی بەڕێوەبەرایەتی مەزارگەکان لە کەربەلا سەرپەرشتی دەکردن، خێزانە مامناوەندەکان هەستان بە ناردنی مناڵی زیاتر بۆیان، کە چەند

بەش پارەیان لێوەردەگرتن بەراورد بە قوتابخانە فەرمییە خۆڕاییەکان، چونکە لەوێ لەڕووی چۆنێتییەوە باشتر فێردەکران. پاش ئەو فەتوایەی سیستانی لە ساڵی ٢٠١٤ دەریکرد بانگەشەی خەڵکی مەدەنی دەکرد بۆ چوونەپاڵ هێزە ئەمنییەکان لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی، ئەمینداری گشتی مەزارگەی حسێنییە فەتواکەی ڕایگەیاند، بەڕێوەبەرایەتی مەزارگەکان چەند شانەیەکی سەربازی نوێیان دامەزراند بۆ بەشداری لە هەڵمەتە سەربازییەکاندا. لەو کۆمەڵانە گرووپی عەباسی جەنگاوەر و لیوای عەلی ئەکبەر بوو. هەندێ جار ئەم شانانە بە (حەشدی سیستانی) ناودەبران بۆ ئەوەی جیا بکرێنەوە لەوانەی خۆیان ناونابوو (حەشدی وەلائی)، ئەم کۆمەڵانە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکران.

زۆرێک لە کەربەلاییەکان سەرقاڵی ئەو پرۆژە و خزمەتگوزاریانە بوون کە ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە سەرپەرشتیان دەکردن، کە دەبوو دامەزراوە نیشتمانی و خۆجێییەکان سەرپەرشتی بکەن، ڕێیان نەدەدان بە بیانووی ئەوەی گەندەڵن و بێتوانان. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە تێوەنەگلابن لە گەندەڵییەوە. کەسانێک کە بەرپرسی حکومیشیان تێدابوو پێیان وابوو ئەم دەستە و چالاکی بەڕێوەبەرایەتیانە لە خزمەت بەرژەوەندی تایبەتدان، لە کاتێکدا پشتیوانییە مادییەکانیان لە دارایی گشتییە، هەرچەند توانای خۆبەڕێوەبەریان هەیە، دەرەنجام چالاکی و پرۆژەکانی بەڕیوەبەرایەتی مەزارگەکان سەریکێشا بۆ تۆڕی نوێی خاوەن بەرژەوەندی هەمەلایەنە و لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی گرتەوە.

## بە تائیفە کردنی ئەوقافی ئیسلامی بەشێک بوو لەو هەڵمەتە فراو انەی لەسەر ململانێی مەزهەبی وەستابوو

مەزارگە شیعییەکان خاوەنی قورساییەکی مەعنەوی و مادی گەورە بوون، دەیانتوانی پشتیوانی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوانە بکەن کە دەبنە بەرپرسی. وتاری هەینی لە کەربەلا کە نوێنەری سیستانی دەیدا، گۆڕا بۆ بۆنەگەلێک بۆ گواستنەوەی ڕێنمایی بۆ خەڵکی و فراوانکردنی دەسەڵاتی بۆ سەر حەوزە ئایینییەکانی نەجەف، لە ئەنجامی ئەمەدا و ڕاجیایی پیاوە ئایینییەکانی تر لە مینبەرە گرنگەکانەوە، بە فەرمی دەسەڵاتی (مەرجەعی باڵا) کرایە یاسایی.

لەبەر ئەم هۆکارانە، دەکرێت ئەو تۆڕی خاوەن پێگە و بەرژەوەندیانە کە لە

دەرەنجامی ڕێکخستنەوەی دامەزراوە نوێکانەوە لە ئەوقافی شیعیدا دروستبوون، دەسەڵاتێکی بەهێزیان هەبێت لە دیاریکردنی مەرجەعی باڵای داهاتوو، بتوانن گۆڕانکاری ڕیشەیی ئامانجدار بکەن لە ڕێکخستنی تۆمار بۆ بەڕێوەبردنی ئەوقافی ئیسلامی. ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە نموونەیەک بوون لە تێکەڵکردنی لایەنێکی فەرمی (دیوانی وەقفی شیعی سەر بە دەوڵەت) و نافەرمی (مەرجەعییەتی باڵا)، ئەمەش بووە هۆی نەخشاندنی نموونەیەکی تایبەت، کە دەسەڵاتی شیعی بتوانێت بە هۆیەوە یاریزانی سەرەکی بێت لە داڕشتنەوەی یەکە سیاسییە کۆمەڵایەتییەکانی عێراق لەپاش ساڵی ٢٠٠٣وە، ئەمە بووە پاڵنەر بۆ دووبارە ڕێکخستنەوە و بە یاسایی و دامەزراوەیی دیوانی وەقفی شیعی لەپاش ساڵی ٢٠١٢وە، کە نووسینگەی سیستانی پشکی شێری هەبوو لە داڕشتنەوەکەدا. بەپێی یاسا، سەرۆک وەزیران، سەرۆکی دیوانی وەقفی شیعی دادەنێت پاش ڕاوێژ لەگەڵ مەرجەعیەتی باڵا. دەقی ماددەی ١٣ی یاسا دەڵێت، کە دیوانی وەقفی شیعی بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی هەموو وەقفێک کە بەڕێوەبەری نەبێت، یان دامەزراوەیەکی بۆ بنیات دەنێ، یان مەرجەعی باڵا ڕەوانەی دەسەڵاتی دیوانی دەکات. ماددەی ١٤ دیوانی وەقفی شیعی ناچار دەکات بە پابەندی بە فیقهی شیعی و بۆچوونی مەڕجەعی باڵا بۆ دانانی بەڕێوەبەرانی مەزارگە و ئەوقاف. جیا لەمە، ماددەی ١٥ بە دەق دەڵێت، بۆ دیوانی وەقفی شیعی نییە دەسەڵاتی هەبێت بەسەر قوتابخانە و حەوزە ئایینییەکاندا، ناتوانێت دەستوەربداتە کاروباریان بەبێ ڕەزامەندی مەڕجەعی باڵا.

ئەمە واتای ئەوە نییە کە هیچ هێزێکی تر بۆی نییە بەشداری دەسەڵاتی وەقفی شیعی بکات جگە لە سیستانی و نووسینگەکەی. لەڕاستیدا نووسینگەی سیستانی دەیەوێت پەیوەندی دروست بکات بۆ کۆدەنگی گەورەی پیاوە ئایینییەکان بۆ بەشیک لە بڕیارەکان. یەکێک لەوانە ئایەتوڵڵا محەممەد سەعید حەکیمە، کە تاکە عەرەبە لەنێوان چوار مەرجەعە سەرەکییەکەی نەجەف. بۆچوونێکی بەربڵاو هەیە کە ئەگەری زۆرە ببێتە جێگرەوەی سیستانی. حەکیم نەوەی خێزانە خانەدانە ئایینییەکانی نەجەفە، پەیوەستییە عەرەبی و عێراقییەکەی چانسی زیاتری دەداتێ بۆ گرتنە دەستی ئەو دەسەڵاتە، بە تێڕوانین بۆ ئەمە مەرجەعیەت دەیزانی هەڵمەتی بە عێراقی کردن پشکی شێری دەبێت لە ڕێکخستەوەی ئەوقافی ئیسلامیدا. حەکیم ساڵی ٢٠١٧ ڕۆڵی هەبوو لە دامەزراندنی سەرۆکی نوێی دیوانی وەقفی شیعی عەلا موسەوی، بە هەمانشێوە لە دامەزراندنی ئەحمەد سافی وەک ئەمینداری گشتی مەزارگەی عەباسی و دواتر سەرپەرشتیاری شەرعی بەسەرییەوە. هەردووکیان لە

نزیکەکانی مەرجەییەتی حەکیم بوون. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە نەجەفەوە دەڵێت نووسینگەی حەکیم فشاری خستووەتە سەر دیوانی وەقفی شیعی بۆ لابردنی نزار حەبلولمەتین لە پێگەی ئەمینداری گشتی مەزارگەی عەلەوی، چونکە پەیوەندییەکی دۆستانەی بە نووسینگەی ناوبراوەوە نییە. سەلیم حوسنی پێیوایە گۆڕەپانی ئەوقافی ئیسلامی لە نەجەف و کەربەلا ململانێیەکی زیاتری بەخۆوە بینیوە لەنێوان بەرپرسانی هەواداری سیستانی و ئەوانەی پەیوەستن بە حەکیمەوە. ئەمانە ئاماژەن بۆ ئەوەی ئەگەرچی لە شیعەدا پەیکەری هەرەمی نەجەفی پەیڕەو دەکرێت، بەڵام خاڵی نییە لە ململانێی ناوخۆیی. ئەگەری هەیە ئەم ململانێیانە زیاد بکەن بە فراوانبوونی ئەو دەسەڵاتەی لە بوارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان بەخشراون بە بەڕێوەبەرایەتی مەزارگەکان. لە هەمان کاتدا ئەم ململانێیە بەردەوامی دەبێت کە ڕۆڵیکی گەورە دراوە بە سەنتەری سیستانی و سەرکردایەتییەکەی. چاوەکان لەسەر ئەوەن سبەی کێ لە بەڕێوەبەرێتی ئەوقافی ئیسلامی ڕۆڵی دەبێت لە دیاریکردنی گەورە پیاوانی شیعە لە داهاتوودا، بەتایبەت پاش مردنی سیستانی.

## کۆتایی

پاش ساڵی ٢٠٠٣ عێراق لە وڵاتێکەوە کە دەسەڵاتدار بوو بەسەر بوارە ئایینییەکە، گۆڕا بۆ سەربەخۆیی لایەن و دامەزراوە ئایینییەکان سەربەخۆتر لە دەوڵەت. وەزارەتی ئەقاف و کاروباری ئایینی کە حکومەتی بەعس وەک دەزگایەکی سەرەکی بەکاری دەهێنا بۆ ڕێکخستنی کاروبارە ئایینییەکان، گۆڕا بۆ دیوانەکانی ئەوقافی تائیفی بەو بیانوەی هەنگاوە بەرەو لامەرکەزی و دیموکراسی و دابەشکردنی سەرمایە ئایینییەکان بە دادپەروەرانەتر. ئەم گۆڕانکاریانە بوونە هۆکاری هەڵگیرسانی دژایەتی و ململانێی نوێ، یەکەم، لەنێوان دیوانی وەقفی شیعی و دیوانی وەقفی سوننی تازە دروستبوو، کە هەر یەکێکیان هەوڵی ئەوەی دەدا موڵکی خۆی دیاری بکات و دەسەڵاتی دیاری بێت لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و بەشێک لە وەزیفەکانی. دووەم، لەنێوان ئەو یاریزانە ئایینیانەی هەوڵیان بۆ ئەوە بوو دەسەڵاتی زیاتر بەدەست بێنن بۆ بەڕێوەبەری پێگە و ئەوقافە ئایینییەکان بۆ ئەوەی پێگەی خۆیانی پێ بپارێزن لە بەرامبەر دژەکانیان.

دەکرێت ئەم جوڵانە بە بەشێک لە ڕێککەوتنی نێوان دەوڵەت و گرووپە ئایینییەکان سەیر بکرێن بۆ بەشداری بوارە ئایینییەکە، لە هەمان کاتدا بە ڕوانین بۆ ئەوەی

کە دەوڵەت دەستەیەکی بێلایەن نییە، بڕیارە سەرەکییەکانی لەلایەن گرووپە سیاسییەکانەوە دەدرێن بۆ برەودانی زیاتر بە بەرژەوەندی و باوەڕە ئایدۆلۆجییەکانیان، بە هەمان شێوە ئەم جوڵەیە ململانێکانی گۆڕی بۆ وەستانی دەوڵەت بە قورسایی خۆیەوە لەپشت ئەو لایەنانەی دەسەڵاتی زیاتریان هەیە بۆ بڕیاردان و شەرعیەت پێدان. لەم ڕوانگەیەوە، دیوانی وەقفی شیعی خۆی بە گەورە دەزانی بۆ چەسپاندنی داخوازییەکانی، بە ڕوانین بۆ ئەو پشتوانیانەی دەکرا لەلایەن ئەو حزبە ئیسلامییە شیعانەی لەپاش ساڵی ٢٠٠٥وە دەستیانگرت بەسەر حکومەت و ئەنجومەنی نوێنەراندا.

بە تائیفە کردنی ئەوقافی ئیسلامی بەشێک بوو لەو هەڵمەتە فراوانەی لەسەر ململانێی مەزهەبی وەستابوو، بووە هۆی فراوانکردنی سنوری نێوان هەر دوو تائیفەکە و دروستکردنی دەسەڵاتی ئایینی لەناو هەریەک لە گرووپە مەزهەبییەکاندا. ئەم هەڵمەتە بووە هۆی چەسپاندنی مەرجەعیەت لە پێگەی دەسەڵاتی باڵادا لە مەزهەبی شیعیدا، لەوێوە سەریکێشا بۆ وەرگرتنی سیفەتی فەرمی بۆ ڕۆڵگێڕان لە بەڕێوەبردنی ئەوقاف و مەزارگە شیعییەکان و بە یاسایی کردنیان. ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە عێراق سروشتێکی مەرجەعی وەربگرێت و ڕۆڵی نەجەف وەک سەنتەرێکی ئایینی شیعی دیاری بکرێت، ئەگەری زۆرە دەسەڵات و بڕیارە شەرعییەکان لە داهاتوودا بکەونە دەستی مەرجەعیەتی باڵا. بە پێچەوانەوە ئاسۆی ڕێکخستنێکی نوێ و تایبەت دەکرێت بۆ ئەوقافی ئیسلامی، تا ئێستا نادیارە و دەسەڵات لەلای تائیفە سوننییەکان ناجێگیرە. ئاشکرایە بینای دەسەڵاتی سونی لە مەرجەعیەتی شیعە دەچێت، ئەو ئامانجەی بەشێک لە گرووپە ئایینی و سیاسییە سوننییەکان برەوی پێدەدەن، تا ئێستا دوورن لە بەدیهاتنەوە. ئەگەری زۆرە ململانێکان لە ڕیزی سوننییەکاندا بەردەوامیان هەبێت، دواتر ئەمە سەردەکێشێ بۆ جیاوازی بیروباوەڕی و سیاسی و هاوپەیمانی نابەرامبەر، ئەمەش بوار فراوان دەکات لەبەردەم دەوڵەتدا ڕۆڵی دادوەری سەرەکی ببینێت لە دروستکردنەوەی پەیکەری بوارە سوننییەکە.

## سەرچاوە:

سەنتەری کارنیگی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

# ڕیشە فیکرییەکانی تاڵیبان و قاعیدە

ئەحمەد ئەلڕەمح - توێژەری ئیسلامی سیاسی
ئامادەکردن و وەرگێڕان: ئەژی ئازاد ئەبوبکر

## پەیوەندی نێوان سۆفیگەری و بیروباوەڕەکانی تاڵیبان

دارلعلومی دیوبەندی (کە ناوەکەی لە گوندی دیوبەند لە هیندستان وەرگیراوە) لە کۆنترین قوتابخانە ئیسلامییەکانە و بە ئەزهەری هیندستان ناوبانگی دەرکردووە، چونکە شوێنی کۆبوونەوەی بەشێکی زۆر لە خوێندکارانی ئۆردو زمانی خوازیاری شەریعەتی ئیسلام و وتاربێژانی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانە.

لە دیدی ئەکادیمییەوە، دارلعلومی دیوبەندی قوتابخانەیەکی ئیسلامییە کە لەسەر بنەمای بیروباوەڕی ئەشعەری بوونیادنراوە کە بەشێکی زۆر لە سوننە مەزهەبەکان بڕوایان پێیەتی. زۆرینەی ئەشعەرییەکان جیا لە پابەندی تەواوەتیان بۆ ئەم قوتابخانە فیکرییە حەنەفییە، لە هۆگرانی تەریقەتە سۆفیگەرییەکانیشن. گرووپی تاڵیبانیش لە بڕوادارانی ئەم قوتابخانە فیکرییە بوون، بەڵام لەدوای چوونە دەرەوەی یەکێتی سۆڤیێت لە ئەفغانستان، گۆڕانی بەسەر ڕێبازی خۆی هێنا. لەپاش دەرچوونی یەکێتی سۆڤیێت لە ئەفغانستان، پێکهەڵپژانێکی توند لە نێو سەرکردەکانی ئەفغانستان لەسەر ڕابەرایەتی ئەفغانستانی پاش یەکێتی سۆڤیێت هاتەکایەوە.

دەرهاویشتەی ئەم شەڕە لەسەر کۆمەڵگەی ئەفغانستان، گەندەڵییەکی گەورە بوو کە سەرباری دروستکردنی بێسەروبەری، برەوی بە قاچاخی مادە هۆشبەرەکان، چەك و دەرکەوتنی زیانە کۆمەڵایەتییەکانی وەك هەژاری و ڕفاندنی کچان دا. بە زیادبوونی ئاڵۆزییەکان لە ئەفغانستانی پاش یەکێتی سۆڤیێت، زۆرێك لە خەڵك دەستبەدامێنی خوێندکارانی دیوبەندی واتا تاڵیبان بوون بۆ ئەوەی ئارامی و جێگیرییەگ بۆ دۆخی تێکچووی وڵات بدەن. خوێندکارانی تاڵیبان کە لەو کاتەدا ناوبانگێکی باشیان دەرکردبوو و لە شەڕی ناوخۆیی بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، بەشداریان نەکردبوو، بە ڕابەرایەتی مەلا عومەر کە خۆی وەك «موجاهید»ێك بەشداری لە شەڕی دژ بە یەکێتی سۆڤیێت کردبوو، توانیان کۆتایی بە ئاژاوەکانی وڵات بهێنن و دۆخی جێگیریی بۆ وڵات بگەڕێننەوە. ئەمە بووە هۆی ئەوەی تاڵیبان کەرامەت و ڕێزێك بۆ خۆی لە ناو خەڵکدا بەدەست بهێنێت و کۆمەڵگەی ئەفغان ئەوان ڕاسپێرن بۆ ئەوەی بە گژی یاخییەکانی تردا بچنەوە و لە وڵات بەدەریان بکەن. لەم قۆناغەدا بوو کە پەیوەندییەکانی بزووتنەوەی تاڵیبان و موجاهیدینی عەرەب-ئەفغان بەهێزتر بوو. هەر وەك دیار بوو تاڵیبان بۆ ڕزگارکردنی ئەفغانستان لە سەرکردە یاخییەکان، پێویستی بە یارمەتی دارایی هەبوو. هەر بۆیە ڕێککەوتنێکی شوم لە نێوان موجاهیدینی عەرەب - ئەفغان و مەلا عومەر بەسترا، لەسەر ئەو بنەمایە موجاهیدینی عەرەب – ئەفغان ڕەزامەندیان دەربڕی کە بە ناردنی پارە و پێدانی ئەزموونی بازرگانی و سەربازی بە تاڵیبان پشتیوانیان بکەن و پشتگیری دارایی وڵاتانی کەنداو بۆ تاڵیبان سنوردار بکەن، لە بەرامبەردا تاڵیبان پابەند کرا بیروباوەڕی خۆی لە ئەشعەرییەوە بۆ سەلەفیەت بگۆڕێت. ئەم بزووتنەوەیە لە سەرەتای دروستبوونەوە تا ئەو کاتەی بوونی خۆی دەرخست، سوودی لە یارمەتییە لوجستی و داراییەکانی عەرەبستانی سعودی وەردەگرت. عەرەبستانی سعودی ساڵانە و لە ڕێگەی دامەزراوە خێرخوازەکانەوە یارمەتی دارایی پێویستی بۆ دابینکردنی تێچوونەکانی دوو زانکۆ، شەش بنکەی پزیشکی و پێداویستی ٤٠٠ منداڵی بێسەرپەرشت پێشکەش دەکرد.

ئەم گۆڕانکارییە لە پەروەردە ئایینییەکان بە قورسی لەسەر تاڵیبان نەکەوت، چونکە قوتابخانەی هیندی دیوبەندی بە توندی لە ژێر کاریگەری سوننەتی نەبەوی بوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، مەیلی تاڵیبان بۆ پەروەردە سەلەفییەکان بووە هۆی ئەوەی ئەمان لە باوەڕە سوفیگەرییەکانی خۆیان

مەودا بگرن و نەك تەنیا هەوڵی بە دزێو کردنی بیروباوەڕە سۆفیگەرییەکان بدەن، بەڵکو هاوتەریب لەگەڵ بیروباوەڕی سەلەفییەکانی ئەمڕۆ، سۆفیگەری بۆ جۆرێك لە «شرك» دابنێن و ڕەتی بکەنەوە. ئەم بۆچوونە سەبارەت بە گرووپە ئیسلامییە شەڕکەرەکانی وەکو موجاهیدین - کە لە خستنە دەرەوەی یەکێتی سۆڤێت ڕۆڵیان هەبوو- و بزووتنەوەکانی تر بە سەرکردایەتی ئەحمەد شا مەسعود، یان ڕەبانی و ئەوانی تریش ڕاست بوو.

بە کورتی ڕێککەوتنی نێوان تاڵیبان و موجاهیدانی عەرەب-ئەفغان، ئاڕاستەی بیروباوەری تاڵیبانی لە ڕێڕەوی باوەڕە سۆفییە نەریتییەکانی ئەشعەری بۆ ئاڕاستەی سەلەفیی جیهادی گۆڕی، کە بە ڕەتکردنەوەی سۆفیگەری، تەکفیری ئەم قوتابخانەیان کرد.

## هێڵە سەرەکییەکانی ئایدۆلۆجیای تاڵیبان

بنەماکانی بیروباوەڕی بزووتنەوەی تاڵیبان سەبارەت بە خوێندنی خوێندکارانی کوڕ بە شێوەیەکە کە ئەوان پێیانوایە خوێندکاران پێویستە لە قۆناغی سەرەتاییەوە تاوەکو ناوەندی و قۆناغە باڵاکانی تر، سەرقاڵی زانستە شەرعییە نەریتییەکان بن. دواتر پاش تەواوکردنی ئەم قۆناغانە، هەر کامێکیان پێویستە ساڵێك بە مەبەستی بەدەستهێنانی پسپۆڕی، بە تەواوی خەریکی خوێندنی زانستەکانی فەرموودە بن، قۆناغێك کە پێی دەڵێن «دورة الحديث». زۆربەی مامۆستایانی زانستی فەرموودە، ڕەچەڵەکیان هیندییە و ئەمە بۆ بوونی دارلعلومی دیوبەندی لە هیندستان دەگەڕێتەوە. لە ماوەی خوێندندا و پاش تێپەڕاندنی قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن، ئاستی زانستی خوێندکاران دەگۆڕدرێت و دەچنە ئاستە باڵاکانی تر. بەو خوێندکارەی کە لە سەرتاوە دەچێتە قوتابخانە پێی دەڵێن «طالب» کە تاك (مفرد)ی وشەی «طالبان»ە لە زمانی پەشتوو. هەر تاڵبێك دوای تێپەڕاندنی قۆناغە جیاوازەکان، ئاستی بۆ «مەلا» دەگۆڕدرێت. وشەی مەلا بۆ ئەو کەسانە بەکاردێت کە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندنیان تێپەڕاندووە، بەڵام هێشتا تەواویان نەکردووە. لە کۆتایی قۆناغەکانی خوێندن، هەر مەلایەك پلەی «مەولەوی» وەردەگرێت، کە ئەمە کۆتا ئاستی خوێندنە. کەسێك کە دەبێتە مەولەوی، عەمامەیەك لەسەر دەکات و مۆڵەتی وانەوتنەوەی پێ دەدرێت.

بیروباوەڕەکانی قوتابخانەی فیکری دیوبەندی بووە زەمینەسازی نفوزی هەمەلایەنەی بیروباوەڕی جیهادیی سەلەفی لە زەینی تاڵیبان و لێرەوە بوو کە بیروباوەڕی سۆفیگەری تاڵیبان

بۆ باوەڕی سەلەفیەت گۆڕدرا، ئەم گرووپە لە گرووپێکی سوننەتی-مەزهەبی و کاریگەر بە ئەزهەر و دیوبەندی بۆ بزووتنەوەیەکی زیندوو و چالاك گۆڕدرا. لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکاریانە، تاڵیبان بەرگێکی تری لەبەر کرد و بوو بە نوێنەری عەیار تەواوی ئیسلامی سیاسی کە خاوەنی قوتابخانەیەکی فیکری تایبەت بەخۆی بوو. قوتابخانەیەك کە زۆرترین لێکچوونی لەگەڵ ئیسلامی سیاسیی سەلەفیی جیهادی، یان ئیخوان موسلمین، یان حزبی تەحریری ئیسلامی هەیە. ئایدۆلۆجیای تاڵیبان لەسەر ئەم بنەمایانە وەستاوە.

١-جێگیرکردنی حکومەتی ئیسلامی کە درێژەدەری خیلافەتی خەلیفەکانی ڕاشیدینە؛ لێرەدا گرنگە ئەوە بزانین کە ئەم حکومەتە درێژەدەری خیلافەتە، نەك حکومەتێك کە بەهێز (بالقوة) بانگەشەی خیلافەت بکات. لە ڕاستیدا تاڵیبان بڕوای بە حکومەتێکە کە بە دەستی میرەکان «امرا» بەڕێوە بچێت و دەستەواژەی ئەمیرەکان لە مانا تایبەتییە فەندەمێنتالیزمەکەی بەکار دەبەن. حکومەتی پێشنیارکراوی تاڵیبان، دانیشتوانێکی دیاریکراوی لە ناوچەیەکی جوگرافیایی تایبەت هەیە و تەنیا بە یەك ئایدۆلۆجیا – کە لەسەر هەموان سەپێندراوە- بەڕێوە دەبرێت و هەر کەسێك کە لە بازنەی ئەم حکومەتەدا بێت، مافی دژایەتی، یان لادانی لە ئایدۆلۆجیای باڵادەست نییە. سنوری جوگرافیایی تەنیا جیاوازی نێوان حکومەتی پێشنیارکراوی تاڵیبان و خیلافەتی ئیسلامییە کە بڕوای بە سنور و جوگرافیای تایبەت نییە.

ئایدۆلۆجیای تاڵیبان لەسەر ئەم بنەمایە ڕاوەستاوە کە لە دوای سڕینەوەی گرووپ و حزبە بەرهەڵستکارەکان، دەبێت ئیسلام ببێتە تاکە ئایینی باڵادەست لە کۆمەڵگە و یاساکانی وڵاتیش دەبێت لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلام (لە ڕوانگەی ئایدۆلۆجیای سەلەفی) بنووسرێت.

٢-حکومەتێك کە ڕابەرایەتی کۆمەڵگە لە ئەستۆ دەگرێت، پێوستە حکومەتێکی مەزهەبی بێت و ڕابەرانی ئەم حکومەتەش پێوستە لە نێو زانایانی وەفادار بە بزووتنەوەی تاڵیبان دیاری بکرێن.

٣-سەرۆکی دەوڵەت پێویستە لە بڕوادارانی ئامانجەکانی تاڵیبان و لە ئیمانداره ڕاستەقینەکانی ئایدۆلۆجیای بەرنگاربوونەی ئەوان بێت. دادگاکانی وڵات پێویستە لەسەر بنەمای ئەحکامی ئیسلام بەڕێوە بچن، نەك ئەحکامی مەدەنی، پێویستە لە پەسەندکردن و جێبەجێکردنی ئەحکامەکان، سەربەخۆ لە دامەزراوەکانی تری حکومەت کار بکات.

٤-بەردی بناغەی ئایدۆلۆجیای نوێی تاڵیبان لەسەر لایەکانی سێ گۆشەیەکی گرنگ بنیادنراوە:

**گۆشەی یەکەم:** شیاوێتی وەلی ئەمر تەنیا کەسانێك شایستەیی بەڕێوەبردنی حکومەتیان هەیە، کە بڕوایان وابێت هیچ قوتابخانەیەك لە ئیسلامدا لە قوتابخانەی سەلەفیەت سەرووتر نییە. بۆیە هەر حاکمێك کە بڕوای بە ئوسوڵی سەلەفیەت هەبێت، حاکمێکی شەرعی و یاساییە و پێچەوانەکەشی ڕاستە.

**گۆشەی دووەم:** چاکسازی فیقهی سوننەتی

فیقهێك کە لە ئەنجامی بیروباوەڕەکانی چوار مەزهەبی ئەهلی سوننە هاتووەتە کایەوە کە کۆمەڵێك کەلێن لەخۆدەگرێت سەبارەت بە کردار و سروتی خواپەرستی، مامەڵە و ... تاد، کە پێویستی بە پێداچوونەوەیە.

**گۆشەی سێیەم:** جیهادی بەرگری

سنوری جیهادی بەرگری پێویستە دوورخستنەوەی دەستدرێژی دوژمنی دەرەکی و ناوخۆیی بگرێتەوە کە بەهاکانی تاڵیبان ڕەتدەکەنەوە. بە مانایەکی تر، تاڵیبان لە نێوان خۆی و بزووتنەی سەلەفیی جیهادی - کە بڕوای بە جیهادی بەرگری و جیهادی داواکاری (طلب) دەرەوەی سنورەکانی دەوڵەتی ئیسلامی هەیە- جیاوازی دەکات.

١-تاڵیبان، دیموکراسی بە «شرك» دەزانێت و بۆ کۆمەڵگە ڕێگەپێدراو نییە، چونکە دیموکراسی مافی دانانی یاسا بە خەڵك دەبەخشێت، نەك خوا. بۆیە بۆ بەڵگەهێنانەوە بۆ ئەم بیروباوەڕەی خۆیان، سوود لە بۆچوونەکانی سەید ئەبو ئەعلا مەودودی کە بە درێژی لە کتێبی «حاکمیەت» باسی کردووە وەردەگرن و بۆی دەگەڕێنەوە. بزووتنەی تاڵیبان، دانانی دەستوور، یان دیاریکردنی پەیڕەونامە بۆ ڕێکخستنی کاروباری وڵات بە پێویست نازانێت و قورئان و سوننەت بە دەستووری بنەڕەتی وڵات ئەژمار دەکات. ڕابەری ئەم بزووتنەوەیە بە ڕاشکاوی حزبایەتی (دروستکردنی حزبی سیاسی) ڕەتدەکاتەوە، چونکە بە بڕوای ئەو: «ئەم بابەتە دەبێتە هۆی لێکترازان لە کۆمەڵگەدا، چونکە بابەتی حزبایەتی لەسەر بنەمای جیاوازییە نەتەوەیی، هۆزایەتی و زمانییەکان دێتەکایەوە و ئەمە خۆی نموونەیەکی دەمارگیرییەکانی سەردەمی نەفامییە، کە بووەتە هۆی دروستبوونی کێشەی گەورە و دوژمنایەتی و دووڕوویی لە نێوان خەڵکدا».

**تاڵیبان لە سەرەتای دروستبوونەوە تا ئەوکاتەی بوونی خۆی دەرخست، سوودی لە یارمەتییە لوجستی و داراییەکانی عەرەبستانی سعودی وەردەگرت**

## کاریگەریی بیروباوەڕەکانی سەید قوتب

پێدەچێت بۆچوونەکانی سەید قوتب، ئیلهامبەخشی ئایدۆلۆجیای سەلەفیی جیهادی ئەمڕۆ بێت، کە تاڵیبان بڕوای پێیەتی. سەید قوتب بە خستنەڕووی بۆچوونە مشتومڕهەڵگرەکانی لە دەیەی شەشەمی سەدەی بیستی زایینی و ناساندنی چەمکەکانی وەك نەفامی و حاکمیەتی خوا لە سەردەمێك کە دوژمنایەتی نێوان جەمال عەبدولناسر لەگەڵ ئیخوان گەیشتبووە بەرزترین ڕادەی خۆی، بووە دەستپێکی ئایدۆلۆجیایەك، کە دواتر کاریگەرییەکی قووڵی لە سەر بۆچوونەکانی تاڵیبان جێهێشت. قوتب سەبارەت بە پێویستیی جیهاد تا ئەو کاتەی حکومەتی خوا لە سەر زەوی دەچەسپێت دەڵێت: «چەسپاندنی حکومەتی خوا لەسەر زەوی، لەناوبردنی حکومەتەکانی مرۆڤ و وەرگرتنەوەی دەسەڵات لە زەوتکەران و پێدانەوەی بە خوا، جێبەجێکردنی یاساکانی خوا و هەڵوەشاندنەوەی یاساکانی مرۆڤ، هەموو ئەمانە تەنیا بە بانگەشەی ئایین و ڕوونکردنەوەی (مکاشفە) فەرمانی خوا نایەتە دەست. چونکە کەسانێك کە دەستیان گرتووە بەسەر حکومەتدا، ڕەوایی خواوەندی و پێوەری بەندایەتیان خستووەتە ملی خەڵك، بە بانگەشەی ئایین و ڕوونکردنەوەی فەرمانی خواوەندی تەسلیمی فەرمانی خوا نابن، ئەگەر وا بوایە تۆ بڵێی پێغەمبەران بە ئامانجی جێگیرکردنی ئایینی خوا لەسەر زەوی ئەوەندە دەرد و ئازاریان نەدەکێشا! ئەمە تەواو پێچەوانەی ئەوەیە کە لە مێژووی ژیانی پێغەمبەران –ڕەحمەتی خوایان لێ بێت- یان مێژووی ژیانی ئەم ئایینە بە تێپەڕبوونی نەوەکان لێی تێگەیشتووین».

لێرەدا سەید قوتب ڕاشکاوانە ڕایدەگەیەنێت، چی تر بانگەشەی دینداری و بانگهێشتکردن بۆ ئاوەزکاری و ئامۆژگاری، کۆمەڵە کرداری پووچن و پێگەیەکیان لە ئایدۆلۆجیای ئەو و هاوپۆلەکانی نییە و تەنیا شمشێرە کە لە نێوان ئەمان و خەڵکی تری ئەم زەوییە دادوەری دەکات. بزووتنەوەی سەلەفیی جیهادی بە پشتبەستن بە ئەم شێوازە لە بیروڕا هەوڵ دەدەات حوکمە شەرعییەکان لە کۆمەڵگەدا جێبەجێ بکات و پێداگرانە و بەبێ گوێدان بە کرداری پلە بە پلەی ئەحکامەکان، لەسەر ئەو بڕوایەیە کە کۆمەڵگە پێویستە بەبێ هیچ دوودڵییەك وەرگری ئەحکامەکانی سەرەوە بێت و بەپێی ئەوانە ڕەفتار بکات. ئێستا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا ئەم وتانە بەهای فیقهیان هەیە، یان نا؟

هەڵبەت ئەگەر ئێمە لە بۆچوونەکانی سەید قوتب سەبارەت بە جیهاد،

حاکمیەت و ... تاد وردتر ببینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە بیروڕاکانی قوتب، نووسینەوەی دووبارەی دەقی بۆچوونەکانی ئەبوو ئەعلا مەودودییە، هەر ئەو کەسەی کە زۆرێك پێیانوایە «باوکی ڕۆحی ئیسلامی سیاسی»یە. کتێبەکانی مەودودی سەرچاوەی سەرەکی زانایانی سەلەفیی جیهادییە؛ بن لادن و زەواهیری لەژێر کاریگەری ئەودا بوون و لە ئەنجامدا جیهادیی سەلەفی بە بزووتنەوەیەکی پێشکەوتوتر لە بزووتنەوەی ئیخوان موسلمینیان دەزانی و ئەمە هەر ئەو شتە بوو کە مەودودی لە کتێبەکەیدا بە وردی باسی کردووە.

## سەلەفیەت و فیقهی حەنبەلی

پەیوەندی سەلەفیەت بە فیقهی حەنبەلی و کاریگەری ئەم فیقهە لەسەر سەلەفییەکان روونە، فیقهی حەنبەلی دابەش بووە بە سەر وردە مەزهەبە جیاوازەکان و ئەم جیاوازییە –هەروەك شێخ ڕەبیع بن هادی مەدخەلی باسی دەکات- بەهۆی بۆچوونی زاڵی فیقهی حەنبەلییە کە دەرچوون (یاخی بوون) دژ بە حاکمی قەدەغە کردووە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەوتی سەلەفیی جیهادی ڕوونووسێکی ئاڵۆزتری ئایینزای حەنبەلییە؛ هەرچەندە زۆر وابەستەی ئیمام ئەحمەد بن حەنبەل نییە و تەنیا لە ئوسوڵی فیقهو شەرعی بۆ فەتواکانی ئیبن تەیمییە، یان نووسینەکانی خوێندکارەکەیەتی (ابن القیم) دەگەڕێنەوە، ئەگەر وەڵامی پرسیارەکانیان لە فەتواکانی ئیبن تەیمییە و خوێندکارەکەی دەست نەکەوت، بۆ بیروڕاکانی شێخ ناسرەدین ئەلبانی - باوکی ڕۆحی سەرجەم قوتابخانە سەلەفییەکانی هاوچەرخ- دەگەڕێنەوە. پێویستە بوترێت کە مەرجەعیەتی ئەلبانی، تەنیا مەرجەعیەتێکی فیقهییە، نەك سیاسی و بزووتنەوەیی، چونکە مەرجەعیەتی بزووتنەوەیی و سیاسی تایبەتە بە مەودودی و سەید قوتب.

## پەیوەندی نێوان وەهابیەت و قاعیدە

سەبارەت بە جیاوازیی ستراتیجی فیقهی نێوان تاڵیبان و بزووتنەوەی سەلەفیی جیهادی بە سەرکردایەتی بن لادن و زەواهیری، پێویستە ئەوە بوترێت کە بزووتنەوەی سەلەفیی جیهادی لە سەرەتای دەرکەوتنی لە دەیەی نۆیەمی سەدەی بیست تاوەکو ئەمڕۆ لەسەر یەك بنەڕەتی سەرەکی بوونیادنراوە «هێنانەدی کردارییانەی ئاواتی دێرینە، کە بریتییە لەوەی شەرعی خوا لە سەر زەوی جێبەجێ بکرێت». بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بابەتە، بزووتنەوەی سەلەفیی جیهادی بڕوای بە سنورێکی دیاریکراوی جوگرافی نییە

بۆ ئەوەی ببێتە خاڵی دەستپێکی جیهاد دژ بە جیهان و ئەمە خۆی مانایەکی تری جیهادی جیهانییە دژ بە نەیارەکانی و ئامانجەکەی بەدیهێنانی خیلافەتی ئیسلامە، کە تێیدا شەرعی ئیسلام جێبەجێ بکرێت.

بەشێك لەم ئاواتە ساڵی ١٩٩٦ کاتێك تاڵیبان حکومەتێکی لە ئەفغانستان دامەزراند، هاتەدی و ئەوەش بریتی بوو لە ڕاکێشانی گەنجانی موجاهیدی بڕوادار بە ستراتیجی سەلەفیی جیهادی، کە لە سەرانسەری جیهان لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە و دەستیاندایە جیهاد و بووە خاڵێك بۆ دەستپێکی جیهادی جیهانی.

سەلەفیەتی هاوچەرخ، چەندین چاکسازیان لە سەلەفیەتی سوننەتیدا کردووە، کە ئەنجامەکەی ئەوەیە ئایدۆلۆجیای سەلەفی لە ئەمڕۆدا جیاوازە لە سەلەفیەتی حەنبەلی و وەهابی. ئەم چاکسازیانە بە زۆری دوای ناکۆکییە بەناوبانگەکەی نێوان ڕابەرانی سەلەفی لەگەڵ ئەمەریکا و حاکمە عەرەبەکان و لە کاتی شەڕی دووەمی کەنداو ڕوویدا. لە هەناوی ئەم ڕووداوانەدا، سەلەفییەکان گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە جیهادیی سەرەتایی ئەرکی هەر کەسێکی موسڵمانە. لە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیێت، جیهان کەوتە شەڕی دژ بە ئیسلام، ئەمە وای کرد کە پێویستیی جیهادی جیهانی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر هەستی پێ بکرێت؛ ئەم ڕووداوانە پێکەوە بوونە هۆی ئەوەی کە ئایدۆلۆجیای سەلەفیەتی هاوچەرخ، بەشێوەیەکی گشتی و سەلەفیەتی جیهادی، بەشێوەیەکی تایبەت، لە دوو بابەتدا گۆڕانی بەسەردا بێت: یەکەم؛ شەرعیەتی حاکم و دووەم؛ چەمکی جیهاد و شێوازی ئەنجامدانی.

**ئایدۆلۆجیای تاڵیبان لەسەر ئەم بنەمایە ڕاوەستاوە کە لە دوای سڕینەوەی گرووپ و حزبە بەرهەڵستکارەکان، دەبێت ئیسلام ببێتە تاکە ئایینی باڵادەست لە کۆمەڵگە**

بناغەی ئایدۆلۆجیای سەلەفی نوێ لەسەر سێ لای سێگۆشەیەکی گرنگ بنیادنراوە:

گۆشەی یەکەم؛ شایستەیی وەلی ئەمر لە وڵاتە ئیسلامییەکان تەنیا کەسانێك شایستەیی بەڕێوەبردنی حکومەتیان هەیە کە بڕوایان وابێت پێگەی هیچ قوتابخانەیەك لە ئیسلامدا لە قوتابخانەی سەلەفیەت بەرزتر نییە. بۆیە هەر حاکمێك کە بڕوای بە ئوسوڵی سەلەفیەت هەبێت، حاکمێکی شەرعی و یاساییە و پێچەوانەکەشی ڕاستە.

گۆشەی دووەم؛ چاکسازی فیقهی سوننەتی
فیقهێك كە لە ئەنجامی بیروباوەڕەکانی چوار مەزهەبی ئەهلی سوننە هاتووەتە کایەوە، کۆمەڵێك کەلێن لەخۆدەگرێت سەبارەت بە کردار و بۆنەکانی خواپەرستی، مامەڵە و ... تاد، کە پێویستی بە پێداچوونەوەیە. زانا گەورەکانی عەرەبستانی سعودی چاکسازیان لەم بابەتانەدا کردووە. فەتوای سەرجەمیان، بەشێوەیەکی گشتی و فەتوای شێخ ناسرەدین ئەلبانی و شێخ عەبدولقادر ئەرنائووت –کە هەردووکیان لە بنەڕەتدا خەڵکی دیمەشقن- بەشێوەیەکی تایبەت، مەرجەعی سەرەکی سەلەفییەکانە بۆ جێبەجێکردنی سروتە ئایینییەکان.

**گۆشەی سێیەم**؛ جیهادی داواکاری
بزووتنەی سەلەفیی جیهادی لە چەمك و واتا و کرداری گۆشەی سێیەمدا لەگەڵ حاکمە عەرەبەکانی کەنداو و زانایانی سەلەفی هاوچەرخ جیاوازیان هەیە و ئەم جیاوازییە بووە هۆی پچڕانی پەیوەندییە لەرزۆکەکەی نێوان ئەم دوو گرووپە. لێرەوە دەتوانین لە ناکۆکییە نهێنییەکانی نێوان بن لادن و عەرەبستانی سعودی – دوای گەڕانەوەی بن لادن لە ئەفغانستان- تێبگەین. بزووتنەی سەلەفیی جیهادی سێیەمین گۆشەی بە جیهادی سەرەتایی ناوبردووە، کە جیهادێکی جیهانگیرە و جیهان دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. بەو مانایەی جیهان بۆ دوو بەرە دابەشدەبێت: بەرەی کوفر و بەرەی ئیمان.

## بزووتنەوەی سەلەفیی جیهادی بڕوای بە سنورێکی دیاریکراوی جوگرافی نییە بۆ ئەوەی ببێتە خاڵی دەستپێکی جیهاد دژبە جیهان

لەبیرمان بێت کە چۆن ئوسامە بن لادن جیهادی جیهانی ڕاگەیاند و ئەم وتارەی دا: «هەموو ئەم ڕووداوانە، جیهانی بۆ دوو بەرە دابەشکردووە: بەرەی ئیمانێك کە ڕواڵەتکاری و دووڕوویی ڕێی تێناچێت و بەرەی کوفر. خواوەند ئێمە و ئێوە بپارێزێت، مادام هەر موسڵمانێك پێویستە بە هانای ئایینەکەیەوە بچێت، ڕەشەبای ئیمان هەڵی کردووە و ڕەشەباکانی گۆڕانکاری لە نیشتمانی محەممەد (د.خ) بۆ لەنێوبردنی باتڵ دەستی بە هەڵکردن کردووە».
کەوابوو ئەگەر هەر حکومەتێك لە هەر وڵاتێکی موسڵمان بتوانێت دوو گۆشەی سێ گۆشەکەی سەلەفییەکان لە کرداردا جێبەجێبکات، بەڵام نەتوانێت گۆشەی سێیەم –وەك

ئەوەی بزووتنەوەی سەلەفیی جیهادی باسی دەکەن- جێبەجێ بکات، شەرعیەتی خۆی لەدەستدەدات و ڕووبەڕووبوونەی ئەو حکومەتە پێویستە! هەڵبەت زانایانی پەیڕەوی سەلەفیەتی نوێ، گۆشەی سێیەمی سێگۆگەشەکە بە واجبی شەرعی نازانن و جیهاد بە کارێکی پێویست دەزانن کە دەبێت فەرمانەکەی لە لایەن وەلی ئەمرەوە دەربچێت.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە جیهادی جیهانی تەنیا کاتێك شەرعیەتی دەبێت کە خەلیفە ویلایەتی شەرعی و یاسایی هەبێت. یەکەمیان خەلیفە لە ڕێگەی بەیعەتی تایبەت و دووەمیان لە ڕێگەی بەیعەتی گشتییەوە شەرعیەت بەدەست دەهێنێت.

سەبارەت بە بەیعەتی تایبەت: گرووپێك لە خەڵك کۆدەبنەوە و سەبارەت بە هەڵبژاردنی خەلیفە گفتوگۆ دەکەن. بۆ دیاریکردنی شەرعیەتی حاکم، خوازیاران پێویستە چوار مەرجیان هەبێت: (پێگەیشتوویی (بلوغ)، عەقڵگەرایی، بڕوابوون بە ئیسلام، بڕوابوون بە سەلەفیەت).

ئەگەر ئامادەبوان لە دانیشتنەکە توانیان بەپێی ئەم چوار مەرجە کەسێکی شایستە بۆ حکومەتداری بدۆزنەوە، بەیعەتی دەدەنێ و ئیتر ئەندامانی تری کۆمەڵگە پێویستە ملکەچی خەلیفەی نوێ بن. پاش بەیعەتی تایبەت، سەرەی بەیعەتی گشتی دێت و ئەمە ئەو کاتەیە کە خەڵکی بەگشتی لە ڕێگەی گرووپێك، کە ئەهلی راوێژن بەیعەت بە خەلیفە دەدەن.

لێرەوە تێدەگەین کە بۆچی داعش، ئەبوبەکر بەغدادی بە خەلیفەی شەرعیی هەموو موسڵمانانی جیهانیان دادەنا و هەرکەسێك کە بەیعەتی پێنەدایە بە «موحاریب» دەناسێنرا و شەڕ لەگەڵیدا دەبووە واجبی شەرعی.

**سەرچاوە:**

ماڵپەڕی ئاسۆ https://www.aasoo.org/fa/articles/2915

# گفتوگۆ



# د. سەباح بەرزنجی: ڕواڵەتگەرایی بووەتە هۆی کورتکردنەوەی پەیامی دینداریی لە وتاری تۆقێنەر و فەتوای ئامادەکراوی ئەودیوی سنوور

گفتوگۆی: ئیدریس سیوەیلی

لەم گفتوگۆیەدا، پرۆفیسۆر دکتۆر سەباح بەرزنجی باس لە گرنگی زانستە عەقڵییەکان لەپاڵ زانستە شەرعییەکان دەکات و دەڵێت زانایانی پێشووی کوردەواری بە حوکمی شارەزایی و قووڵبوونەوەیان لەو زانستانە لێبوردەتر و کراوەتر بوون و دوور بوون لەوەی تەکفیر و تەبدیعی بەرامبەرە جیاوازەکانیان بکەن، سەبارەت بەو بانخگوازانەش کە ڕواڵەتگەران ئەو پرۆفیسۆرە دەڵێت، پێویستە واز لە دابەشکردنی تاپۆی بەهەشت و دۆزەخ و ئاغایەتی بە ناوی دینەوە بهێنن، واتە کار بۆ ناساندنی بەها مەعریفی و ڕەوشتییەکانی ئیسلام بکەن.

## ئایینناسی: ئەو زانستە عەقڵیانە کامانەن کە پێشتر لەپاڵ زانستە شەرعییەکان لە حوجرە و خوێندنگە ئایینییەکان دەخوێندران؟

د. سەباح بەرزنجی: لە حوجرەکانی کوردستاندا ژمارەیەک زانستی عەقڵی دەخوێندران، وەکو: لۆجیک، مەقولاتی ئەرستۆ، زانستی کەلام، ئادابی دیالۆگ و دیبەیت و جەدەل، پاشان فەلسەفەی مەشائی و ئیشراقی، بە هەردوو لق و ڕەهەندی تیۆری و پراکتیکییەوە.
مەبەست لە فەلسەفەی تیۆری بابەتەکانی میتافیزیک و ماتماتیک و سروشتناسییە و فەلسەفەی پراکتیکیش بریتی بووە لە بەڕێوەبردنی خێزان و ئاکارناسی و سیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵات، کە بە جوانی خوێندراون، لە هەمان کاتدا زانستی ئوسوڵی فیقھ و زاستی خیلافیش بابەتێکی سەرەکیی بوو لە ئاستە باڵاکاندا گرنگیی پێدەدرا، ئەوەشمان لە بیر بێت کە خودی زانستە شەرعییەکانیش بەر مەبنای میتۆد و ڕێبازی زانستی و عەقڵی دانراون و پێکەوە سیستمێکی مەعریفی ناوازە بەرهەمدەهێنن.

## ئایینناسی: گرنگی خوێندنی ئەو زانستە عەقڵیانە لەپاڵ زانستە شەرعییەکان چییە؟

د. سەباح بەرزنجی: ئەم زانستانە بیر و هۆشی خوێندکاران فراوان دەکات، ئامادەیان دەکات بۆ بەڵگەهێنانەوە و بیرکردنەوەی بە میتۆد و قووڵبوونەوە لە دەق و تێکستەکانی قورئان و سوننەت، فێری لێبوردەیی و پاساوهێنانەوەیان دەکات بۆ بەرامبەر، لە هەمان کاتدا ڕایاندەهێنێت لەسەر دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشەی جیاوازییە فیکرییەکان.

## ئایینناسی: خوێندنی ئەوزانستە عەقڵیانە تا چ رادەیەك رۆڵی بینیوە لە گەشەپێدانی دونیابینی و واقیعبینی زانایانی ئایینی؟

د. سەباح بەرزنجی: بێگومان تا لەو زانستانە شارەزایی زیاتر بێت دونیابینی واقیعیتر و فراوانتر دەبێت، بۆیە زانایانی پێشووی کوردەواری بە حوکمی شارەزایی و قووڵبوونەوەیان لەو زانستانە لێبوردەتر و کراوەتر بوون و دوور بوون لەوەی تەکفیر و تەبدیعی بەرامبەرە جیاوازەکانیان بکەن، ئەوان بەشدار بوون لە کایەی مەعریفی رۆژگاری خۆیاندا، مەبەستم لە زانایانی پێشوو ئەوانەن کە گەیشتبوونە پلەیەکی بەرزی زانستی و مەعریفی و دەیانتوانی هەڵسەنگاندن بۆ بیر و بۆچوونە جیاوازەکان بکەن.

## ئایینناسی: ئێستا بەشێك لە زانایانی ئایینی و بانگخوازەکان بە تێگەیشتنێکی رواڵەتی لە دەقەکان فەتوای شەرعی دەردەکەن، سەرنجی ئێوە لەو بارەوە چییە؟

د. سەباح بەرزنجی: وەک ئاماژەت پێدا بەشێکیان بەو جۆرەن، بەڵام هەموویان وا نین، هۆکاری هەبوونی ئەو جۆرە کەسانەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی سیستمی خوێندن و پەروەردەی شەرعی و فەرمیی لە وڵاتدا، لەگەڵ هەژمونی گوتاری وەعزی و عەوامپەسەند، کە بووەتە هۆی کورتکردنەوەی پەیامی دینداری لە ڕواڵەتی پەرستش و وتاری تۆقێنەر و فەتوای ئامادەکراوی ئەودیوی سنوور و هەبوونی سیاسەتێکی راگەیاندن و پشتگیریی جیهانی بۆ برەودان بە ئیسلامەتییەکی دیاریکراو و قۆڵبەستکراو بە چەند بابەتێکی دووبارەی ڕۆژانەی دوور لە چەمکەکانی بیر و هزر و داهێنان، ئیسلامێک کە ڕێگا نادات تازەگەریی لە بابەت و پرسەکاندا بکات و خەڵکی دەبەستێتەوە بە چەمکێکی ناڕوون و نادیار و ئاڵۆزەوە، کە ئەویش تێگەیشتنی پێشینانە و ڕێگا لە هەموو پێداچوونەوەیەکی مەنهەجی و ڕیشەیی ئەو تیگەیشتنە دەگرێت.

## زانایانی پێشووی کوردەواری بە حوکمی شارەزایی و قووڵبوونەوەیان لە زانستە عەقڵییەکان لێبوردەتر و کراوەتر بوون

## ئایینناسی: تێگەیشتنی ڕواڵەتی لە ئایین چ لێکەوتەیەکی نەرێنی لەسەر ڕەوشی ئاییندارى کوردستان جێهێشتووە؟

د. سەباح بەرزنجی: ئەوەی هەنووکە ئێمە دەیبینین لە دینداری ڕووکەش و سەرەتایی و دوور لە عەقڵانیەت و توندوتیژ و نەبوونی لێبوردەیی و بەکافر زانینی خەڵک و سەرقاڵ بوون بە بابەتی بێ بنەما و دوور لە واقیع، بەرهەم و لێکەوتەی ئەم تێگەیشتنە سەقەتەیە لە دین. کە هیچ مەودا و بوارێک بۆ پلۆرالیزم و کرانەوە و لێبوردن و عەقڵانیەت نەماوە و موسوڵمان هێندەی سەرقاڵی تۆمەتبار و تاوانبار کردنی یەکترن و شمشێر لە یەکتر دەسوون.

**کەس بۆی نییە قۆرخی ڕاستییەکان و زانستخوازی و دینداری بکات و خۆی بە نوێنەری تاقانە و ناوازەی خوا بە خەڵک بناسێنێت**

## ئایینناسی: بۆچی لە دیدگای سەلەفییەکانەوە ئەو زانستە عەقڵیانە کەمبایەخن و هەندێکجاریش دژی دەوەستنەوە؟

د. سەباح: پێموانییە تەنها سەلەفییەکان بەوشێوە بن، ئەوانی تریش کە بانگەشەی عەقڵانیەت دەکەن ئەم زانستانەیان فەرامۆش کردووە، تەنها ژمارەیەک مامۆستای ئایینی دیاریکراو هەن کە گرنگیان پێدەدەن، گرنگیدان بە زانستە عەقڵییەکان تەنها بە پیاهەڵدان و شانازی پێوەکردن نابێت، پێویستە ئەم گرنگیپێدانە لە هەڵسوکەوت و قەناعەتی ڕۆژانە و مامەڵە لەگەڵ کەلەپووری کەڵەکەبووی زانایانی پێشیندا ڕەنگبداتەوە، لە هەمان کاتدا مامەڵە کردن لەگەڵ ڕای جیاواز و ڕێزگرتن لە بەرامبەر سەنگی مەحەکی عەقڵانیەتی هەر کەس و لایەنێکە، کەس بۆی نییە قۆرخی ڕاستییەکان و زانستخوازی و دینداری بکات و خۆی بە نوێنەری تاقانە و ناوازەی خوا و پێغەمبەر و ئیسلام بە خەڵک بناسێنێت.

## ئایینناسی: چۆن دەتوانرێت ڕواڵەتگەرایی لە تێگەیشتن لە ئایین لاواز بکرێت؟

د. سەباح بەرزنجی: ڕێکاری چارەسەری ڕواڵەتگەرایی زۆرن، گرنگترینیان ئەوەیە کە ئاوڕی جیدی بدرێتەوە

لە پێگەیاندنی زانای شارەزا لە ئایین بە ڕوانگە و دیدێکی عەقڵانییەوە، کە هەر توخم و ڕەگەزێک لە شوێن و پێگەی سروشتی خۆی دابنێ و گوتاری دینی لە گوتاری وەعز و ترساندنەوە بگۆڕێت بۆ مەعریفە و ئاخاوتنی عەقڵ و زانست، واز لە دابەشکردنی تاپۆی بەهەشت و دۆزەخ و ئاغایەتی بە ناوی دینەوە بهێنێت، واتە کار بۆ ناساندنی بەها مەعریفی و ڕەوشتییەکانی ئیسلام بکات. بەمجۆرە مرۆڤ لە وەرگرێکی ملکەچەوە دەبێتە کەسێکی تێگەیشتووی بەرپرسیار. ئەم پێگەیاندنەش پرۆسەیەکی درێژخایەن و گشتگیر و فرەڕەهەند و فرەلایەنە، تەنها بە حکومەت و وەزارەتەکانی ناکرێت، ئەگەر خودی بانگخوازەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە روون و ئاشکرایی و تەواو دان نەنێن بە کەموکورتی و شکستیاندا و ئامادە نەبن بە دوور و بەدەر لە هەژموونی عەقڵی لە قوتوودراو بێنە مەیدان بۆ چارەسەر و گۆڕانکاری.

واعیزان بە خێرایی بڵاوبێتەوە، بێدەنگیی و بەڵکو پەرتەوازەیی سیاسی و هەرەمەکی و نەبوونی سیاسەتگوزاری دروست سەبارەت بە پرسی ئایین لە لایەن دەسەڵات و بەڵکو مامەڵەی بەرژەوەندخوازانە لەگەڵ جەمسەرە ئایینییەکان لە پاڵ ئاسانکاری تەکنەلۆجیا ڕێخۆشکەر بووە بۆ ئەوەی زۆرینەی خەڵک بۆ ئەو دینداریيە ئاسان و ڕووکەشە خۆیان بەدەستەوە بدەن.

### ئایینناسی: تەکنەلۆجیا هیچ کاریگەری هەبووە لەسەر پەرەسەندنی تێگەیشتنی رواڵەتگەرایی لە ئایین؟

د. سەباح بەرزنجی: بەڵێ تەکنەلۆجیا ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری بینیوە لەوەی ئەم گوتارە ڕووکار و ڕووکەشەی

# مێزگرد

# کورد و ئایینناسی

**ئامادەکردنی: وەرزنامەی ئایینناسی**

کورد و ئایینناسی، دەستپێکی تەوەری گفتوگۆی وەرزنامەی ئایینناسییە، لەم سیاقەدا قسە لەسەر سێ ڕەهەندی جیاوازی ئەم باسە دەکرێت، تەوەری یەکەم کورد و بە ئیسلام بوون، کورد و هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان و وەرگرتنی ئایینی ئیسلام، هەم فتوحات و هەم پڕۆسەی بە ئیسلام بوون، تەوەری دووەم سەبارەت بەوەی ئایین و ناسیۆنالیزم لای کورد، چۆن کورد تەوزیفی ئایینی کردووە؟ بە دیوێکی تردا ئایا شۆڕشەکانی کورد کە ڕەهەندیکی نەتەوەییان هەبووە، چەندێك توانیویانە سوود لە ڕەهەندە دینیەکە وەربگرن و تێکەڵ بە ڕەهەندە نەتەوەییەکەی بکەن؟ تەوەری سێیەم مەسەلەی شێوازی ئایینداری لای کورد لە ڕوانگەیەکی فەلسەفی و مێژووییەوە.

## کورد و بە ئیسلام بوون

کورد و بە ئیسلام بوون، یان کورد و پرۆسەی فتوحات و هاتنی ئیسلام، تەوەری یەکەمی ئەم باسەیە لەلایەن د. نەریمان هەڵەبجەیی دەخرێتەڕوو.

د. نەریمان: دیارە ئەم بابەتە (کورد و پرۆسەی فتوحات و کورد و بە ئیسلام بوون)، لەڕاستییدا بابەتێکە هەم فرە بیروبۆچوونە، هەم ئەوەیە کە خەڵکێکی زۆر قسەی تێدا کردووە، ئەوانەی کە قسەیان تێدا کردووە هەمەچەشن و هەمەجۆرن، خەڵکێك هەن هیچ پسپۆڕییەکیان لەو بوارەدا نییە، قسەیان تێدا کردووە و هەندێ جار کتێبیان نووسیوە و هەندێ جار وتاریان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان نووسیوە، یاخود لەسەر تەلەفزیۆن قسەیان لەسەر کردووە، هەندێك لەوانەی لەسەر ئەم بابەتەیان نووسیوە ئەگەر تۆزێك گەورەتر بیر بکەینەوە، یان گەورەتر بیخەینە ڕوو، ئەوانەن کە مێژوونووسانی عەرەبن، ئەوانەن کە ناسیۆنالیستی عەرەب بە سەریاندا زاڵە، گرووپێکی تر لەوانە کە لەسەر ئەم بابەتەیان نووسیوە، ڕۆژهەڵاتناسەکانن، ڕۆژئاواییەکان لەسەر ڕۆژهەڵات شتیان نووسیوە، گرووپێکی تر کە نووسیویانە نەتەوەییە کوردەکانن، ئەوانەی کە بە ئایدۆلۆجیای نەتەوەیی بابەتەکان دەنووسن و ئەو تێزە زاڵە بەسەر نووسینە مێژووییەکاندا بە شێوەیەکی گشتی، گرووپێکی تر ئەوانەن کە خەڵکێکی ئەکادیمی و زانستیین، لە چوارچێوەی کتێبە ڕەسەنەکانی مێژووی ئیسلام، لە چوارچێوەی توێژینەوە تازەکان و توێژینەوە کۆنەکان، لە چوارچێوەی ئەو دەقانەی کە لە کتێبە هەرە باشەکانی سەردەمی ئیسلامدا هەن، ئەم گرووپانە لەسەریان نووسیون، بۆیە دەستبردن بۆ ئەم بابەتە لە ڕاستیدا بابەتێکی ناسکە، فرە ڕەهەندە، پەیوەندی بە ڕەهەندی ئایینەوە هەیە، ڕەهەندی فیکرییەوە هەیە، بە ڕەهەندی نەتەوەییەوە هەیە، بۆیە دەستبردن بۆی کەمێك هەستیارە. جا ئێمە کە خەڵکی ئەکادیمین، هەوڵدەدەین لە چوارچێوەی دەقە ئەکادیمییەکانەوە و بەشێوەیەکی زانستیانە لە چوارچێوەی ئەو توێژینەوانەی کە نووسیومانن لەوێوە کۆمەڵێك زانیاری هەڵێنجێنین و لێرە بیخەینە ڕوو.

## کورد چۆن ئیسلامی وەرگرتوە؟

د. نەریمان دەڵێت، بۆ ئەوەی بزانین پرۆسەی بە ئیسلام بوونی کورد، یاخود وەرگرتنی ئایینی ئیسلام لە لایەن کوردەوە چۆن و بە چ شێوازێك بووە؟ زۆر پێویستە بزانین کورد لە پێش

ئیسلام چی بووە؟ بەتایبەتی لە دوو ڕووەوە؛ لایەنی یەکەمیان، ئەوەیە کە ئایا لە ڕووی سیاسییەوە دۆخی کورد و ئەو ناوچەیەی کە هەیە چۆن بوو؟ دوو، لە ڕووی ئایینییەوە، دۆخی ئایینی کورد و کۆمەڵگای کوردی چۆن بووە؟

لە ڕووی سیاسییەوە کورد دابەشبووە بەسەر دوو هێزی گەورەدا، کە یەکێکیان دەوڵەتی ساسانییە، فارسن، ئەوی تریشیان دەوڵەتی بێزەنیتیە، کە ڕۆمن، یاخود بێزەنتیان پێ دەڵێن، واتە کورد لەو سەردەمەی کە ئیسلام دێ بۆ ناوچەکەی، داگیر کراوە، دابەش کراوە بەسەر دوو هێزی گەورەدا، ئەم دوو هێزە هەمیشە لە ململانێدا بوون. محەمەد ئەمین زەکی بەگ لە کتێبەکەیدا (مێژووی کورد و کوردستان) لە لاپەڕە 120 بۆ 122، کە ئەویش لە ئیبن ئەسیر و کتێبەکانی تری وەرگرتووە، لە دوو لاپەڕە، لاپەڕە و نیوێکدا دۆخی سیاسی کوردستان لەو کاتەدا دەخاتە ڕوو، ناوچە کوردییەکان دەخاتە ڕوو، بە کوردی و بە پوختی دەڵێت، ئەم ناوچانە بە هۆی ئەوەی ململانێیەکی سیاسی لەنێوان ئەو زلهێزانەدا هەبوو، بۆیە دۆخی کوردستان لە ڕووی سیاسییەوە دۆخێکی نالەبار بوو، ئەمانە شەڕیان دەکرد، شەڕەکە لەسەر خاکی کوردستان بوو، لە ناو جوگرافیای کوردستاندا بوو، لە ڕووی سیاسیشەوە خراپترین شەڕ ئەوەیە کە دوو زلهێزی گەورە بیکەن لە ناو خاکێکدا کە خەڵکی ئەو خاکە پەیوەندیان بەم شەڕەوە نەبێ، کە ئەمە لە مێژوو و لە ئێستاشدا زۆر باوە، بۆ ئەم جۆرە لە شەڕ، ئەم ململانێیە، بەشێکی لە کوردستاندا بووە؟ ئەمە دۆخە سیاسییەکە، بە نیسبەت دۆخە ئایینیەکەوە، لە ڕاستییدا کورد خاوەنی کۆمەڵێک ئایینی جۆراوجۆر بووە، بڵاوترینیان زەردەشتی بووە، مانی، مەزدەکی، مەسیحی، جولەکە و هەندێ ئایینی تر هەبوون، ئەم ئایینانە لە ناوچە کوردییەکاندا هەموویان بوونیان هەبووە، سەرچاوەکان زۆر بە ڕوونی ئاماژە دەدەن بەوەی لە هەرێمە کوردییەکان کە ئەو کاتە چەن هەرێمێکی جیاواز، نزیکەی پێنج یان چوار هەرێم بووە، هەرێمی چیا و ئازەربایجان و جەزیرە و ئەرمینیا و ئاران و ئەوانی تر، هەر یەکێکیان لەم هەرێمانە هەڵگری ئەم بیروباوەڕانە لەم ناوچانە ژیاون و بڵاو بوون لە ناوچەکەدا، هەندێک شوێنەواریش ماون کە لە ڕاستیدا پێش ئیسلام خەڵکی کوردستان ئەو ئایینەیان وەرگرتووە.

**د. نەریمان "تاکی کوردی لەو سەردەمەدا هەڵگری کولتوور، زمان، ئایین، دابونەریتێکی جیاوازە، بۆیە کە ئیسلام دێت لۆجیک ئەوەیە کە قورسە تۆ ئەم شتە بە ئاسانی بگۆڕی"**

کاتێک کە ئیسلام دێت دۆخی سیاسیی و ئایینی وایە، بە دوو جۆر ئیسلام هاتووەتە ئەم ناوچانە: جۆرێکی ناڕاستەوخۆیە، جۆرێکی ڕاستەوخۆیە، جۆرە ناڕاستەوخۆکەی ئەوەیە کە لە ڕاستیدا بابەتی کەسی بوون، یاخود هەوڵی کەسی بوون، بازرگان بووبن، یان هەر شتێکی تر، ئەوانەن کە چوونەتە مەدینە بە ناوی جابان، یان گاوانی کوردی، کە چووەتە ئەوێ دەڵێ موسڵمان بووە و چەند کتێبێک باسی ئەو بابەتە دەکەن، چەند فەرموودەیەکیش لە کوڕەکەیەوە، ئەبو بەصیرە یاخود ئەبی نەصیرە بە مەیمونی کوڕی جابان لە فەرموودەکاندا هاتووە، گوایە چەند فەرموودەیەکی لە پێغەمبەرەوە گێڕاوەتەوە، ئیبن حەجەری عەسقەلانی لە کتێبی (الإصابة في تميز الصحابة) دە فەرموودە دەهێنێتەوە، کە زۆربەیان دەربارەی مارەیین. دەڵێت ئەم فەرموودانەم وەرگرتووە و بەپێی ڕیوایەتەکان لە کەسێك کە ناوی مەیمونە وەریگرتووە، مەیمونیش لە باوکی وەریگرتووە، کە جابانی کوردییە، کەواتە جابان چووەتە مەدینە و لەوێ پێغەمبەری بینیوە، دەڵێن ئەمە ئەگەر هەوڵێکی بازرگانێك، یان گرووپێکیش بووبێ، کورد بۆ یەکەمجار بە ئیسلام ئاشنا بووە، بەڵام ئەمە نەبووە بە هەوڵێکی گشتی، هەوڵە گشتییەکە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتاب دووەم خەلیفەی ڕاشیدینەکانەوە دەستپێدەکات، لە ساڵی شانزەی کۆچی تا بیست و حەوتی کۆچی لەم ماوەیەدا کورد موسڵمان بووە.

## قۆناغەکانی موسڵمان بوونی کورد؟

لەدێژەی بابەتەکەدا د. نەریمان ئاماژە بەوە دەکات کە ئیسلام لەم ڕوانەوە ئایینێکی جیاواز بووە بۆ کورد: لە ڕووی زمان (زمانی عەرەبی)، لە ڕووی کولتوورەوە کولتووری عەرەب و ئیسلام لەگەڵ کولتووری کورددا جیاوازن، ئەم ئایینە بە هەموو یاسا و ڕێساکانییەوە جیاواز بووە لەو ئایینانەی لە کوردستاندا هەبوون جگە لە هەندێ شتی گشتی نەبێ،

بۆ نموونە لە زەردەشتیدا هەیە و لە ئیسلامیشدا هەیە، لە مەسیحیشدا هەیە و لە ئایینەکانی تریشدا هەیە کە شتی گشتیین، بەڵام وردەکاریەکەی تا ڕادەیەك جیاوازە، بۆیە تاکی کوردی لەو سەردەمەدا هەڵگری کولتوور، زمان، ئایین، دابونەریتێکی جیاوازە، بۆیە کە ئیسلام دێت لۆجیک ئەوەیە کە قورسە تۆ ئەم شتە بە ئاسانی بگۆڕی، قورسە کەسێك بێت بڵێ ئەو ئایینەی ئێوە هەڵەیە، ئەوەی من ڕاستە، هەروا پرۆسەیەکی ئاسان نییە، بۆیە دیسان سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن و دەڵێن ئەم ئایینە قۆناغ بە قۆناغ چووەتە ناو کۆمەڵکەی کوردییەوە و کۆمەڵگەی کوردی وەریانگرتووە.

شێوازەکانی هاتنی سوپای موسڵمانەکان بۆ ناوچە کوردییەکان، وەڵامدانەوە و هەڵوێستی خەڵکی ناوچەکە بۆ ئیسلام جیاوازن، هەڵوێستی کورد لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە، هەڵوێستی فلان عەشرەت و فلان شار لەگەڵ هەڵوێستی شارێکی تر جیاوازە، دەکرێت هەندێک هەڵوێست هاوبەش بن، بەڵام بە گشتی دەچنە چوارچێوەی ئەم چوار هەڵوێستەی کە من لێرەدا باسی دەکەم:

یەکەمیان بریتی بووە لە بابەتی موسڵمان بوونی کورد، یان بەستنی جۆرێك لە ڕێککەوتن و ئاشتینامە لە نێوان کورد و ئیسلامەکاندا، ئەمە سەرچاوەکان باسی دەکەن، تەبەری باس لە هەندێک ناوچە دەکات، ئیبن ئەسیر هەر دەقەکانی تەبەری باس دەکاتەوە، بەلازەری لە (فتوح البلدان) دا باسی دەکات.

یەکێك لە هەڵوێست و وەڵامەکان، کە لەوانەیە ساڵی بیست، یان شانزە، یان لە ساڵی نۆزدەدا بووبێ، ڕەنگە لە شارێکی هەرێمی جەزیرە، یان لە شارێکی هەرێمی چیا، ئەگەری هەیە لە شارێکی تر بووبێ، گرنگ ئەوەیە بە جیاوازی شارەکان، بە جیاوازی ساڵەکان، ئەوەیە کە ئیسلامی وەرگرتووە، کێشەیەکی ئەوتۆ ڕووینەداوە.

هەڵوێستێکی تر ئەوەیە کە ڕێککەوتن کراوە لە نێوان هەندێک ناوچەدا لەگەڵ موسڵمانەکاندا بۆ ئەوەی ئەمانە لەسەر ئایینی خۆیان بمێننەوە، جا زەردەشتییە، یەهودییە، مەسیحییە، یا هەر ئایینێکی ترە، بە مەرجێک ئەمانە جزیە بدەن، واتە بڕێک پارە، سەرانە بدەن، جزیە ئەو سەرانەیەیە کە سەنراوە لەو کەسانەی کە ئایینێکی تر جێبەجێ دەکەن جگە لە ئیسلام، ماوەردی لە کتێبەکەیدا (الأحكام السلطانية) باس لە بابەتی جزیە دەکات، جزیە بە سێ بڕ سەنراوە، بڕێکی کەم، بڕێکی مامناوەند، بڕێکی زۆر، دوانزە، شانزە، بیست و چوار درهەم ساڵانە، بۆ هەژار، بۆ مامناوەند، بۆ ئەوانەی

کە دۆخی داراییان باشە، جیایان کردووەتەوە، جزیە لە خەڵکێك کە هیچی نییە، ئەوەی لە ڕووی جەستەیی یان عەقڵی تەواو نییە، بێوەژن، منداڵ و شێت، ئەمانە لەسەریان نەبووە و لێی نەسەنراوە. لە بەرامبەر ئەمەدا ئەو کەسەی جزیەی لێ سەنراوە ئیلتیزامی سەربازی لەسەر هەڵگیراوە، چونکە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا فەرمانێک دەرچوو، وتی هەموو خێزانێك دەبێت یان سەربازێکی هەبێت، یان پارەی سەربازێک بۆ دەوڵەت دابین بکات، بەڵام ئەمان ئەوەشیان لێ نەدەسەنرا، لە بەرامبەر ئەمەدا دەوڵەت چیان بۆ دەکات، تۆ پارەیەك لە خەڵك وەردەگری تۆ چی بۆ ئەو دەکەی، دەوڵەت پاراستوونی، ئیتر ڕەنگە ئەم پاراستنە ڕێژەیی بووبێ، لە هەندێ ناوچەش نەپارێزرابن، بەڵام ڕێککەوتنەکە وایە، دەتپارێزێ، هەم کەنیسەکەت دەپارێزێ، هەم بۆشت هەیە برۆیتە کەنیسەی خۆت و عیبادەتی تایبەت بە خۆت بکەیت، بەڵام ڕەنگە لە هەندێ ناوچەش ئەوە جێبەجی نەکرابێ، چەند دەقمان هەیە کە باس لەوە دەکەن لە ناوچە کوردییەکان ئەم بابەتە لە هەندێک شوێندا جێبەجێ کراوە، لە هەندێ شوێنیشدا ڕەنگە جێبەجێ نەکرابێ، ئەوە دەکەوێتە سەر ئەو کەس و سەرکردە سەربازییەی لەوێ حوکمی کردووە.

هەڵوێستی سێیەم، بریتی بووە لە شەڕکردن، لە بابەتی شەڕدا تێبینیەکی زۆر گرنگ هەیە، دەبێ بیزانین، شەڕ هەمیشە هێز دەیکات، واتە کاتێک دوو هێز بەرامبەر یەك دەوەستن و شەڕ دەکەن، شەڕ لە نێوان هێز و ناهێزدا ڕوونادات، واتە لە نێوان خەڵکێك کە سەربازی هەیە، لەگەڵ خەڵکێك کە سەربازی نییە، هەرگیز شەڕ ڕوونادات، شەڕ لە نێوان دوو جۆر خەڵکدا ڕوودەدات کە سەربازیان هەیە.

## د. نەریمان "لە سەرچاوە مێژوییەکاندا ئەوەندەی باسی ناوچەکانی کورد کراوە، باس لە تاکی کورد نەکراوە"

پێشتر وتمان لە ڕووی سیاسییەوە ناوچە کوردییەکان بەسەر دوو زلهێزدا دابەشببوون، یەکێکیان ساسانییە و ئەوی تریان بێزەنتی، زۆرینەی شەڕەکان ئەوەی ئێمە تێبینی دەکەین، ناڵێین هەمووی، لە نێوان سەربازە موسڵمانەکان و سەربازانی ئەو دوو زلهێزە، ئەو دوو دەوڵەتە ڕوویداوە، وەکو شەڕی جەلەولا و شەڕی

نەهاوەند، وەکو مەدائین و سەلمان پاك و شەڕەکانی جەزیرە و شەڕەکانی تر. ئایا کورد بووە بە سووتەمەنی لەم شەڕانەدا؟ بەڵێ، ئایا لەم شەڕانەدا تێداچووە؟ ئەگەرچی ئێمە وەکو ناو لامان نییە، چونکە مێژوو زیاتر ئەوە دەنووسێتەوە کە پاڵەوانە و لە ڕووداوەکاندا ڕۆڵی هەیە، کورد کە ڕۆڵی نییە، نادیار و ونە لەم بارودۆخ و گێرمە و کێشە و دۆخە ئاڵۆزەدا و هاتن و ڕۆشتنی موسڵماناندا ونە، ئەوەندەی باسی ناوچەکانی کراوە، باس لە تاکی کورد نەکراوە، باس لە شارەزوور، جەلەولا، حەلوان، نەهاوەند، قرمیسین، کرماشان، باجرمی، کەرکووك، جەزیرە، هەولێر و موسڵ و کوێ و کوێ ... کراوە، هەموو ئەو شوێنانەی کە کوردی تێدا دەژی، چونکە شەڕەکان لەوێ ڕوویانداوە و شارەکان بوونیان هەبووە، باس لە جەبەل ئەکراد و ڕووباری کوردەکان کراوە، لە هەرێمی فارسدا دەڵێت: ئەوەندە ئەکراد لەوێ هەبوون کە ژمارەیان پێنج خێزانی کوردی دەبوون، ئەمە هەمووی باس کراوە، بەڵام کە دێتە سەر سەرکردەیەك، کەسایەتییەك، سەرکردەیەکی سەربازی کورد، لە ڕاستیدا باس ناکرێ، ونە، ئەگەری هەیە کورد ڕۆڵی سەرەکی نەبووبێت لە ڕووداوەکاندا، بۆ نموونە یەزدەجوری فارس، سەرکردە سەربازییەکانی فارس ڕۆڵیان هەیە، سەرکردە سەربازییە ئیسلامەکان ڕۆڵیان هەیە، وەکو جەریری کوڕی عەبدوڵلای بەجەلی، عەیازی کوڕی غەنەم و ئەوانی تر، بۆیە لە هەندێک ناوچەی کوردیدا شەڕی گەورە گەورە ڕوویداوە، بەڵام ئەم شەڕانە ئەگەر شیکردنەوەی وردی بکەین، بەم جۆرە بووە، لەڕاستییدا چەند دەقێکیشمان هەیە باس لەوە دەکەن کە کورد لە شەڕەکاندا بووە بە سووتەمەنی، بۆ نموونە دەقێکمان هەیە بەلازەری لە لاپەڕە دووسەد و بیستدا لە کتێبی (فتوح البلدان)دا کاتێك دێتە سەر شارەزوور دەڵێت، کاتێک موسڵمانەکان هاتنە شارەزوور ڕووبەڕووی کوردەکان بوونەوە، کوردەکانیش ڕووبەڕووی موسڵمانەکان بوونەوە، بۆیە لە هەردوولا ژمارەیەکی زۆر کوژران، کوردەکان چۆن کوژراون، چۆن نەکوژراون، هیچ شیکردنەوەیەکی بۆ ناکات.

خاڵی چوارەم و یەکێکی تر لە هەڵوێستەکان ئەوە بووە کە هەندێک شار، بۆ نموونە هەمەدان لە سەرەتادا فەتح کراوە، بەڵام دواتر هەڵگەڕاونەتەوە و چوونەتەوە سەر دینەکەی خۆیان، جارێکی تر موسڵمانەکان چوونەتەوە بۆیان. سەبارەت بە شارەزوور بە هەمان شێوە بووە، لە شانزەدا ویستیان بچن شارەزوور فەتح بکەن، بەڵام دیارە

ڕووبەڕووبوونەوە روویدا، بۆیە فەتحی شارەزوور کەوتە ساڵی بیست.
سەردەمی سەرەتای ئیسلام، سەردەمی عومەری کوڕی خەتتاب لەگەڵ سەردەمی ئومەوی کەمتر زانیاری لەسەر کورد هەیە، بەڵام دوای هاتنی بوەیهییەکان ساڵی 334 کۆچی وردە وردە زانیاری لەسەر کورد دروست دەبێ، کە دەکرێت ئەوە لە کۆڕێکی تر و موناسەبەیەکی تردا ئەوە ڕوون بکەینەوە..

## فتوحات و چۆنێتی موسڵمان بوونی کورد

لەبارەی فتوحات و بە ئیسلام بوونی کوردەوە، د. کامەران محەممەد ئاماژە بەوە دەکات کە تا ئێستا ئەو نووسینانەی لەسەر پرۆسەی فتوحات و موسڵمان بوونی کورد نووسراون تا ئەندازەیەکی زۆر نەیانتوانیوە مێژوونووسە ئیسلامییە بنەڕەتییەکان تێپەڕێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستە بە شێوازی میتۆد نووسراوە، بەڵام ئەو میتۆدەی کە پێی نووسراوەتەوە میتۆدی رانکەییە، رانکەش مێژوونووسی گەورە ئەڵمانییە، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا ژیاوە، پشت بە تاك دەبەستێت، بە کرۆنۆلۆجیا، بەدوای یەکداهاتنی ڕووداوەکان و بە ڕووداو، جەخت لەسەر ئەم سێ شتە دەکاتەوە، ڕووداو و کرۆنۆلۆجیا و تاك، پرسیارە بنەڕەتییەکە ئەوەیە، ئایا دەکرێت ئێمە لە میانەی ڕووداوەکانەوە لە بابەتێکی بوونیادی کۆمەڵگایەك تێبگەین؟ ئایا ڕووداو دەتوانێت بوونیادی کۆمەڵگایەك بۆ ئێمە ڕوون بکاتەوە؟ بە تێڕوانینی ئێمە قسەکردن لەسەر موسڵمان بوون، یان وەرگرتنی بیروباوەڕێك، ئایینێك و ڕەتکردنەوە و وەلانانی ئایینێك، هەر وا کارێکی ئاسان نییە، دەبێ ئێمە میتۆدی تازە بگرینەبەر، دەبێ سوود لەو میتۆدانە وەربگرین کە قسە لەسەر کۆمەڵگا دەکات، قسە لەسەر بیروباوەڕ دەکات، ناکرێ تۆ بە میتۆدێکی سەربازی، پرۆسەیەکی فتوحات کە پرۆسەیەکی سەربازییە بێیت قسە لەسەر میتۆدێك بکەی کە قسەکردنە لەسەر ئایین، لەسەر هەر بیروباوەڕێکی تر، بۆ ئەوەی روونتر بێت و شتەکان کۆبکەینەوە، بۆ دروستبوونی مێژوو ئێمە پێویستمان بە سێ ڕەگەزی سەرەکی هەیە و بەشێکی زۆری مێژوونووسانیش قسەیان لەسەر کردووە، پێویستمان بە کارەکتەرێك هەیە کە مرۆڤە، پێویستمان بە شانۆیەك، یان پانتاییەك هەیە ئەو ڕۆڵەی تێدا ببینێ کە شوێنە، دواتریش زەمەنێك کە تێگەیشتن و قسەکردنی مێژوونووس بۆ هەر بابەتێکی هەستیار و گرنگ، پێویستە بە بەردەوامی ئەم سێ ڕەگەزە لەبەرچاوی بێ، زۆر گرنگە ئەو

مێژوونووسەی مێژوو دەنووسێتەوە، ئاگای لەوە بێت کە مێژووی مرۆڤ دەنووسێتەوە، مرۆڤ کێیە؟ ئەو مرۆڤانەی هاتن کێ بوون؟ مەبەستم فاتیحەکانە، مەبەستم ئەوانەیە کە موسڵمان بوون و هاتن فەتحی ئەم ناوچەیەیان کرد، زۆر گرنگە تۆ تێبگەیت ئەو مرۆڤانە کێ بوون هاتن، ئەمە یارمەتی ئێمە دەدات، دواتریش لە بەرامبەریشەوە ئەو مرۆڤانەی کە ئەم ئایینەیان وەرگرت کێ بوون؟ زۆر گرنگە لە بوونیادی سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتی هەر دوولا تێبگەین.

## د. کامەران "ئەو نووسینانەی لەسەر پرۆسەی فتوحات و موسڵمان بوونی کورد نووسراون تا ئەندازەیەکی زۆر نەیانتوانیوە مێژوونووسە ئیسلامییە بنەڕەتییەکان تێپەڕێنێت"

## پرۆسەی فتوحات لە دوو ناوچەی جوگرافیاوە

د. کامەران دەڵێت: کاتێك پرۆسەی فتوحات دروست دەبێت، بەتایبەتی لە سەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتتابدا، ئەوانەی دێن، لە دوو ناوچەی جوگرافیاوە دێن، ئەوانەی ڕۆژهەڵاتی نیمچە دوورگەی عەرەبی، بەشێك لە خێڵەکان، ئەوانەی لە سەردەمی ئەبوبەکردا هەڵگەڕانەوە، بۆ ئەوەی لە کۆمەڵێک کێشە رزگاریان بێت، وتیان بیاننێرن بۆ بەرەی عێراق، ئەمە تەبەری و ئیبن ئەسیر و ئەوان وا دەڵێن، بەشێکی تریشیان ئەو تازە موسڵمانانە بوون کە لە یەمەن بوون، بۆ فتوحات ناردیانن بۆ بەرەی عێراق، بەشی زۆریان ناڵێم سەحابەی سەردەمی پێغەمبەر و کۆمەڵێ ناوی دیاریان تێدایە، بەڵام ئێمە باس لە بەریەککەوتنێکی شارستانی و جەنگێکی گەورەی کۆتایی هاتنی ئیمپراتۆریەتێك دەکەین، ئەوەی کە ئەو بابەتە یەکلایی دەکاتەوە و پرسیاری بنەڕەتییە ئەوەیە، ئایا ئەمانە چ پەیامێکیان پێ بوو بۆ ئەوەی بە ئێمەی بگەیەنن؟ ئەمە پرسیارە بنەڕەتییەکەیە، دواتر سەیری بوونیادی سایکۆلۆجیا و کۆمەڵایەتی کورد بکە، ئایا تا چەند کورد ئامادەیی وەرگرتنی ئەم ئایینەی هەبوو؟ زۆر گرنگە پێش هەموو شتێک هەم مرۆڤی کورد و هەم فاتیحەکانیش بناسین، تێیاندا بوو موسڵمانی ڕاستەقینە بوو، تێیاندا بوو وەکو دەڵێت لە مەککەوە پەروەردە کرابوو هاتە ئێرە، تێشیاندا بوو خۆیان کێشەیان هەبوو، تێیاندا بوو تازە موسڵمان ببوو، موسڵمانێکی

ڕووکەش بوو، ئەمە دەمانبات بۆ ئەو ڕەگەزەی کە پێی دەوترێت جوگرافیا، هەر ئەم بابەتە، پرسیارە بنەڕەتییەکە ئەوەیە لە جوگرافیایەکی چیایی شاخاوی پەرتی وەکو جوگرافیای کوردستاندا کە زۆر جار لە زستاندا ڕێگەی دێیەکان گیراوە، چۆن لە ماوەی شەش ساڵ بۆ هەشت ساڵدا دەتوانی قسە لەسەر ئەوە بکەی کە ئەم ئەم کۆمەڵگایە بە تەواوەتی موسڵمان بووە، یان دژی ئیسلام وەستان و ڕاپەڕین و نەیاریان کرد.

## پێداچوونەوە بە میتۆدی مێژوویی

د. کامەران باس لەوە دەکات کە دەبێت پێداچوونەوە بکەین بەو جۆرە میتۆدەی کە تا ئێستا توێژینەوەی لەسەر پرسی فتوحات و کورد و ئیسلام کردووە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، ئایا شەش ساڵ بۆ جوگرافیایەکی پەرت و سەختی وەکو جوگرافیای کوردستان، لەولاشەوە لایەنە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجییەکەی کە کۆمەڵێکی خێڵەکییە، کۆمەڵێکە عەقڵیەتی خێڵ و سایکۆلۆجیای خێڵ زاڵە بە سەریدا، ئایا بەسە بۆ ئەوەی بڵێیت بە شەش، یان هەشت ساڵ موسڵمان بوو، ئەو پرسیارە هەیە کە باس لەوە دەکات و هەموو ئەو کتێبانەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لە سەدەی چوارەوە، ئەوەندەی ئەو کتێبانەم خوێندبێتەوە دکتۆر حوسامەدین نەقشبەندی زۆر جوان لەم بابەتە تێگەیشتووە، هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسەکانیش درکیان بەم باسە کردووە و باس لە زەمەن دەکەن، زەمەن چ گرنگییەکی هەیە کە دەڵێین مرۆڤ، شوێن و کات. شوێن زۆر گرنگە بیزانین، گرنگی کات لەوەدایە ڕووداوێکت بۆ لە ڕووداوێکی تر جیا دەکاتەوە، وەک ئەوەی کە ڕانکە دەیڵێت، نەخێر کات مێژوو دروست دەکات، کات تەفسیری ڕووداو و واقیعی مێژوویی دەکات، هەموو ڕووداوێکی مێژووییش واقیعێکی مێژوویی زەمەنی خۆی هەیە، هەر بۆیە لێرەوە فێرنان ڕۆدێر مێژوونووسی گەورەی فەڕەنسا دێت زەمەنی مێژوویی پۆلێن دەکات، بۆ ماوە درێژ، ماوە کورت، ماوە مامناوەند، ماوە کورت دەڵێ ئەو مێژوەیە کە لە سیاسەت لە پرۆسە سەربازیەکاندا دەکۆڵێتەوە لە مێژووی تاکدا. ئەوەی ڕانکە بە تەواوەتی باسی دەکات، دەڵێت ئەمە زیاتر لە ئیشی ڕۆژنامەنووس دەچێت، ئەمە مێژوونووس بە هەڵەی گەورەدا دەبات، بەڵام دەڵێت لە دەرەوەی ئەمە مێژوویەکی ترمان هەیە، مێژووی بارودۆخە، مێژووی مامناوەند و مێژووی ماوە درێژ بە مێژووی بوونیاد ناو دەنێت، کە ئەمە مێژووی ڕاستەقینەیە.

## د. کامەران "زۆرگرنگە پێش هەموو شتێک هەم مرۆڤی کورد و هەم فاتیحەکانیش بناسین"

تۆ باس لە مێژووی ئابووری بکەیت وەکو مێژووی سەربازی و کودەتایەك نییە لە چرکەیەکدا روو بدات، یان لە کاتژمێرێکی دیاریکراودا، یان لە ڕۆژێك و دوو ڕۆژدا ڕوو بدات، بەڵکو پێویستیت بە زەمەن هەیە، یان گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، ئەو ئایین دەباتە ناو ماوە درێژیشەوە، بە واتایەکی تر ئێمە کە باس لە زەمەن دەکەین، زۆر گرنگە کە مێژوونووس تێگەیشتنی بۆ زەمەن هەبێت، بۆ ئەو ڕووداوە هەبێت چەندێک زەمەنی پێویستە، کە ئەمە لە هەموو ئەو نووسینانەی تا ئێستا نووسراون بەدی ناکەی، هەڵوێستە لەسەر ئەم شتانە نەکراوە، بە واتایەك مێژوونووسی ئێمە هەمیشە تەبەری و ئیبن ئەسیر و ئیبن کەسیر و ئەوانەی کە پێیان دەوترێت سەرچاوەی ئیسلامی، کێش کراون بەو شیوازەی کە خۆیان دەیانەوێت، ئێمە نەمانتوانیوە سوود لەم کەرەستانە ببینین بە میتۆدی بوونیادگەری، میتۆدی ئاناوزی فەرەنسی، میتۆدی مێژووی ژیانی ڕۆژانەی ئەڵمانی، بە میتۆدی مایکرۆ هستری ئیتالی، گەورەترین کێشە ئەوەیە ئێمە ئاگامان لە پەرەسەندن، یان پێشکەوتنی میتۆدی پێشکەوتنی مێژوویی نییە، کە ئاگاشت لەوە نەبوو وەکو ئەوە وایە تۆ بێیت ئێستا لە سەدەی بیست و یەکدا بە ئاژەڵ زەوی بکێڵیت، ئێستا تەکنەلۆجیای نوێ و ئامرازی نوێ هەیە، دەتوانی بەکاری بێنی.

## ناسیۆنالیزم و ئایین

د. جەعفەر عەلی لە تەوەری سێیەمی گفتوگۆکەدا باس لە پەیوەندی ئایین و ناسیۆنالیزم دەکات و دەڵێت، بابەتی ناسیۆنالیزم و دین دوو چەمکی سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتی تەواو دژ یەکن، پارادۆکسی گەورە و دژبەیەکییەکی ئێجگار قورس لە بەینی ناسیۆنالیزم و دیندا هەیە.
ناسیۆنالیزم هەوڵی دروستکردنی ماڵی بچووك دەدات، هەوڵی هەڵوەشاندن و تیکشکاندنی ئەو ماڵە گەورەیە دەدات کە دین هەیەتی، دین لە بەرامبەردا هەوڵی تواندنەوە و سڕینەوەی ئەو ماڵە دەدات کە ناسیۆنالیزم دەیەوێت دروستی بکات، واتە ناسیۆنالیزم بە دوای دروستکردنی جوگرافیایەکی

سنوردارە، دین هەوڵی تێکشکاندنی ئەم سنورە و بڕینی دەدات، دان بەم سنورەدا نانێ.

هەموومان دەزانین ناسیۆنالیزم تا ئەندازەیەکی گەورە دژایەتی فیکری، سیاسی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ بابەتی مارکسیزم، بابەتی هاووڵاتیبوونی جیهانی و جیهانگیری هەیە، هەندێک خەڵك پێیان وایە تا ئەندازەیەك لەگەڵ بابەتی دیموکراسیش، چونکە دیموکراسی داوای پارچە پارچە بوون و ڕێز لە دیالێکت و زمان و شێوەزارە جیاوازەکان دەکات، کە لە ناسیۆنالیزمیشدا ئەمە هەیە، ئەوانەی پێیان وایە ناسیۆنالیزم بەناو تێکشکاندنی کۆی دیالێکت و شێوەزارەکاندا دەڕوات شتێکی خەیاڵییە و خۆیان دروستیان کردووە، پرسیارە جەوهەرییەکە لێرەدا ئەوەیە، لە کاتێکدا لەبەردەم دوو چەمکی دژیەك وەستاوین، چۆن دەتوانین ئەو دوانە بکرێن بە هاوپەیمانی یەك، چۆن دەتوانین پەیوەندی نێوان ئەم دوانە دروست بکەین، هەردووکیان لە سەنگەردان لە دژی یەکتر، هەردووکیان دوو فیکرن، دوو ئایدۆلۆژیان، ئەگەر بچێتە قۆناغی ئایدۆلۆژیاوە، چۆن دەتوانن ئەوانە کۆك و تەبا بن و کۆمەك بە یەکتری بکەن، لە ناو بزووتنەوەیەکی ڕزگاریدا، یاخود لە دروستبوونی دەوڵەت، یاخود نەتەوەدا، هەوڵدەدەین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە.

**د. کامەران "دەبێت پێداچوونەوە بکەین بەو جۆرە میتۆدەی کە تا ئێستا توێژینەوەی لەسەر پرسی فتوحات و کورد و ئیسلام کردووە"**

هەمیشە دەزانین لە مێژوودا زۆربەی کات بەهێزەکان، گەورەکان، ئیمپراتۆریەتەکان، چ ئیمپراتۆریەتی دینی بێ، یان ئیمپراتۆریەتی دونیایی بێ، یان دەسەڵاتە دینییە گەورەکانی دونیا بێت، دەبینین هەمیشە بچووکەکانیان لە ناو خۆیاندا قووت داوە و هەوڵی تواندنەوەیان داوە، ئێستا لەگەڵ مۆدێرنەدا، دوای ڕێنیسانس و ڕیفۆرمی دینی و قۆناغی ڕۆشنگەرییەوە، جۆرێك لە فیکر و ئایدۆلۆژیا دێ، کە هەوڵدەدات شەڕی ئەم ئیمپراتۆریەتە، ئەم دونیا گەورەیە بکات، شەڕی ئیمپراتۆریەتی دینی، شەڕی ئیمپراتۆریەتە گەورەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بکات، واتە ئەوانە ئەم دوو جیاوازییە، ئەم دوو دژبەرە لەگەڵ یەکتری، ئەگەر یەکیان دین هێزەکە بێت، ناسیۆنالیزم ئەنتی هێزەکەیە، لە

نێوان تێز و ئەنتی تێزدا هەردووکیان هەوڵدەدەن لەم دژبەریە دەربازیان بێت و سەنتێزێك دروست بکەن، بەدەر لەمە مەحاڵە ناسیۆنالیزم و دین بتوانن لەسەر یەك سفرەدا کۆبکەیەوە، بەدەر لەمە مەحاڵە ناسیۆنالیزم بتوانێت لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریدا کۆبکەیەوە و بتوانی لە قۆناغێکی دیاریکراوی جوڵانەوەی سیاسی ڕزگاری نیشتمانی هەر میللەتێك سوودی لێ وەربگری، ناسیۆنالیزم ئەمە دەکات، واتە دەبێ لەگەڵ ئەم تێزەدا بێ بە ئەنتی تێز و بۆ ئەوەی سەنتێزێک بدۆزنەوە و دواجار ئەم سەنتێزە هەوڵدانە بۆ بەرەوپێش بردنی قۆناغێك لە شووناس، واتە قۆناغێکی نوێ لە شووناس پێشکەش دەکات، کە بریتییە لە نەتەوە لە ڕووی سیاسییەوە، بریتییە لە دروستبوونی دەوڵەت. ئێمە دەزانین دین هەوڵ دەدات شووناسە لۆکاڵییەکان هەڵتەکێنێ، لە بەرامبەر ئەوەدا شووناسە لۆکاڵییەکان هەوڵی خۆدروستکردن دەدەن، کاتێك تۆ توانای ئەوەت دەبێ لە بەرامبەر ئەم شووناسە گەورەیە، لە بەرامبەر ئەم ناسنامە گەورەیە جۆرێك لە وەستان، لە تەعریب کردنی خود، لە پاراستنی تایبەتمەندییە لۆکاڵییەکانی خۆت بسەلمێنی، لە بەرامبەریدا دەتوانی سەنتێزێك دروست بکەیت.

لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، دەوڵەتی نەتەوەیی دروست نەبووە، بەڵام هەوڵی داوە لە ناو ئیمپراتۆریەتدا کە هەڵگری ئایدۆلۆژیای دینی، ئایدۆلۆژیای ئیسلامی بووە، کە کۆمەڵگەی ئیسلامی یەکێك لە بنەڕەتەکانی فراوانخوازی دەوڵەتی عوسمانی بووە، یەکێك لەو دامەزراوانەی هەوڵدەدات بۆ ئەوەی کۆی نەتەوە و ئیتنیك و نەژادە جیاوازەکانی سنوری دەسەڵاتی عوسمانی کۆبکاتەوە و هەموویان ڕازی بکات، لە دین باشتری دەست ناکەوێت، دین هۆکارێکی ئێجگار گرنگە، یان کاریگەرییەکی ئێجگار قووڵی هەیە، نەك تەنها لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ لە بەرامبەر دەسەڵاتێکی سیاسیدا بە چۆکدا بهێنێت، بەڵکو دەتوانێت کاریگەری قوورس لەسەر دارشتنەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەکانی مرۆڤیش دابنێت، واتە مرۆڤێکی نوێت بۆ دروست بکاتەوە، ئەم مرۆڤە مانایەکی نوێی پێدەداتەوە، واتە مرۆڤێک خالقێك دەیخوڵقێنێت، بەڵام دەیخاتە ناو کارخانەیەکەوە، کۆمەڵگەی ئیسلامی و یان ئیسلامیزم نموونەیەکی نوێی مرۆڤ لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە پیشکەش دەکات، کە بتوانێ بەم کۆمەڵگە ئیسلامییە ڕازی بێت، بەم بەرزکردنەوە و ناونانەی

خیلافەتی ئیسلامیش ڕازی بێ، کە سوڵتان عەبدولحەمید هەڵیدەگرێ، خۆی ئەمە مانای سیمبولییە، مانای ڕەمزییە، خیلافەت بە تەنها وشەیەکی ئاسایی نییە کە سوڵتان عەبدولحەمید بەرزی دەکاتەوە، بەڵکو لەو ڕێگایەوە دەیەوێ خۆی وەکو خەلیفەی سەرجەم موسڵمانانی دونیا لە ڕۆژئاواوە تاوەکو ڕۆژهەڵات پیشان بدات، کە ئیمە تاکە شوێنین، تاکە چەترین بتوانین هەموو موسڵمانانی دونیا کۆبکەینەوە و لە بەرامبەر پەلامارەکانی ڕۆژئاوا و ئەو مەترسیانەی کە لەسەر ئیسلامە، لەسەر دەوڵەتی عوسمانییە، داکۆکیکاری سەرسەختی هەموو موسڵمانان بین.

دوای دەوڵەتی عوسمانی و لە مێژووی نوێشماندا، لە ئەتاتورکەوە تاوەکو دەگاتە ئەردۆگان، هیچ دەسەڵاتدارێکی سیاسی نییە لە ناو تورکیای نوێدا پەنای بۆ دینی ئیسلام نەبردبێ، لە کۆنگرەی ئەرزەڕۆمدا، نە دەستکاری بەها عوسمانییەکان، نە بەها ئیسلامییەکان، نە دەستکاری سوڵتان و خیلافەتیش دەکات، ئەوە لەوەوە نییە کە ئەتاتورك باوەڕی بە مەسەلەی دین و خیلافەت و سوڵتانی عوسمانییەکان هەبووە، لەبەرئەوە بووە خوێندنەوەیەکی سەرەتایی هەم بۆ قۆناغەکە هەبووە، هەم بۆ ئەم ژینگە کۆمەڵایەتییە کە لە ناو دەوڵەتی عوسمانیدا هەبووە، چەند سەد ساڵێك دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ ئەم کولتوورە ژیاوە، ناتوانی هێڵێکی بەسەردا بێنی، کە دواجار ئەتاتورك کردی، تێشیدا تا ئەندازەیەك تێیدا سەرکەوتوو بوو، بەڵام بە سەپاندن.

ئێمە لە مەسەلەی ئەم دەوڵەتە نوێیانەدا، چ دەوڵەتی تورکیا، چ دەوڵەتی ئێران، هەردوو دەوڵەتەکە کە پێشتر شیعەکانی سەردەمی سەفەوییەکان بە بەکارهێنانی شیعەگەرێتی و دواجار مەسەلەی تەشەیوع لە وڵاتدا، بە مەبەستی خزمەتکردن بە قەومیەتێکی دیاریکراو، چونکە ئەوان نەك تەنها لە ناو فارسەکان، بەڵکو لە ناو تورکمانەکانیش بایەخێکی زۆریان بە شیعەکان داوە، لە بەرامبەردا هەمیشە کوردەکانیان بە مەترسی زانیوە، لەبەرئەوەی سوننە بوون، دیسان مەزهەب لەوێدا ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە، تەنانەت لەسەر مەسەلەی ڕاگواستنی کوردەکانیش لە ڕۆژئاوای ئێرانەوە بەرەو ڕۆژهەڵات بۆ خوراسان و بەشی ڕۆژهەڵاتی ئێران.

## ئاوێتەکردنی دین و ناسیۆنالیزم لای جولەکە

د. جەعفەر باس لە نموونەی ئیسرائیل دەکات کە یەکێکە لەو نموونە زیندوانەی دونیا، کە توانیویەتی تا

ئەندازەیەکی گەورە ئاوێتەبوونێکی گەورە لەنێوان بابەتی ناسیۆنالیزم و بابەتی دیندا بکات، دەوڵەتی ئیسرائیلی دەوڵەتێك نییە لە بۆشاییەوە هاتبێ و دروست بووبێ، لە ئەنجامی هەوڵ و ماندووبوونێکی ئێجگار زۆری خودی جولەکەکان خۆیان و پشتیوانی نێودەوڵەتیش، بە تایبەتی ڕۆژئاوا بۆ دروستبوونی ئەم دەوڵەتە، بەڵام ئەم پشتیوانییە ڕەنگە بۆ نەتەوە و گەلانی تریش لە مێژوودا هەبووبێ، بەڵام کورد نەیتوانیوە ئەمە بکات. بۆچی ئیسرائیل دەتوانێت ئەمە بکات، ئەو جیاوازییە چییە لە خودی جولەکەدا هەیە، ئایا ئەم ئیرادەیە چییە وا دەکات ئیسرائیل سوور بێت کە نەچێ بۆ ئەفەریقا و لەوێ دەوڵەتی بۆ دروست بکەن، بەڵام دێ لە ئاسیا و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەم خاکە ڕازی دەبێت، کە پێی دەڵێت، ئەرزی میعاد.

هەموومان دەزانین دەوڵەتی جولەکەکان لە بەردەم چەوسانەوەیەکی ئێجگار گەورەدا بوون لە ئەوروپای مەسیحی، تەنانەت جولەکەیان بە پیس زانیوە لەگەڵیان تێکەڵ بن، دیواری گەورەیان لە نێوان مەسیحی و جولەکەکاندا دروست کردووە، لەبەرئەوەی پێیانوابووە نەژادێکی پیس بوون، کە لەگەڵیان تێکەڵ بن، ئەمە چۆك بە جولەکە دانادات، وا ناکات جولەکە تەسلیم بێت، بەڵکو سوورە لەسەر ئیرادەی خۆی.

هرتزل دێ قسە لەسەر دروستبوونی دەوڵەت دەکات، ئەو خەونە دەباتە ژێر گڵ، لەبەرئەوەی لە سەرەتای ساڵی 1914 هرتزل دەمرێت، بەڵام بن غۆریۆن دەبێتە جێبەجێکاری ئەو خەونە و دێت بابەتی ئایدۆلۆژیای دینی یەهودی تێکەڵ بە ناسیۆنالیزم دەکات، واتە لە نەبوونەوە نەتەوەیەك دروست دەکات، لە دینێکەوە نەتەوەیەك دروست دەکات، ئەوەی کە دەبێتە ڕەگەزی دروستکردنی نەتەوەی جولەکەش دین و مێژووە، چەوسانەوەی هاوبەشە، ئەگەر قۆناغەکانی دروستبوونی دەوڵەتی جولەکە سەیر بکەین، چۆن وا دەکات جولەکە لە ئەڵمانیا، بەریتانیا، فەرەنسا و ئەمەریکاوە کۆچ بکات بۆ ئیسرائیل، ئەم کۆچکردنە لە بۆشاییەوە نەهاتووە، بزانن چ ئامادەکارییەکی گەورە لە ناو ئیسرائیلدا لە ڕووی فیکری و ئابوورییەوە کراوە، کە وا دەکات سەرنجی جولەکەکانی دونیا ڕابکێشێت، هەر هێنانەوەی ئەدۆلف ئایشمان لە ئەرجەنتینەوە ساڵی 1961 بۆ ئیسرائیل و لەسێدارەدانی بەسە بۆ ئەوەی بزانی جولەکە لە بەردەم چ ئیرادەیەکی گەورەی دروستکردنی دەوڵەتدایە، هەروا بە ئاسانی تێکناشکێنرێ، دین بووەتە بنەمایەک بۆ ئەمە.

**د. جەعفەر "بابەتی ناسیۆنالیزم و دین دوو چەمکی سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتی تەواو دژیەکن"**

## سعودیە چی کردووە؟

دەوڵەتی سعودیە یەکێکی ترە لە نموونە هەرە زیندووەکانی بابەتی ئاوێتەکردنی ناسیۆنالیزم و ئەگەر ناسیۆنالیزمیش نەبێ بابەتی دروستبوونی دەوڵەت بێ بە دین. ئێمە دەزانین محەممەد کوڕی عەبدولوەهاب لە سعودیەوە، لە ناوچەی عەینیە و نەجدەوە دێت، بەڵام لەبەرئەوەی بانگەشەکانی محەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب دەکەوێتە بەردەم هەڕەشە و مەترسی و پەلامار، هیچ یەکێك لە میرنشینەکانی سعود نە لە ریاز، نە لە درعیە و نە لە ناوچەکانی تر ئامادە نین پێشوازی لێ بکەن، چونکە بە مەترسی دەزانن لەسەر خۆیان و چارەنووسیان، لە لایەکی تریشەوە بە مەترسی دەزانن وەك چۆن قادریەکان لێرە مەولانا خالیدیان بە مەترسی دەزانی لەسەر پێگەی نفوزی کۆمەڵایەتی و دینی خۆیان لە سلێمانی، ئەوانیش بە هەمان شێوە پێگە و نفوزی کۆمەڵایەتی محەممەدی کوڕی عەبدولوەهابیان بە هەڕەشە دەزانی بۆ سەر پێگەی دونیایی خۆیان، بۆیە میرنشین و ئەمیرەکانی سعود ئامادە نەبوون ئەو پێشوازییەی لێ بکەن، بە تایبەت ئال سعود، تاوەکو سەرەنجام لە 1744 میساقێك لە نێوان محەممەدی کوڕی ئال سعود و محەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب مۆر دەکرێت، بەپێی ئەو میساقە، کە میساقی دەرعەی پێدەڵێن، نابێت محەممەد عەبدولوەهاب دەستوەردان لە دەسەڵاتی دونیایی میر بکات، میریش دەستوەردان لە دەسەڵاتی ناکات، هەتا ئێستا سعودیە بەم شێوەیە دەڕوات و وەهابیزم بووەتە مەزهەبی بڵاو لە وڵاتەکەدا و دەوڵەتی سعودیەش دواجار وردە وردە بە ناو میرنشینەکانی تردا بڵاوبووەوە، دوای نزیکەی 30 ساڵ ڕیاز هاتە ناو ئەو میرنشینەوە، بەڵام ئەوەی کە بوو بە بنەما خودی وەهابیزم بوو، یاخود ئاوێتەبوونی وەهابیزم بوو بە دەسەڵاتی دونیایی، ڕێزگرتنی هەردووکیان بوو، تێز و ئەنتی تێزەکە ئەم سەنتێزەی ئێستای دروستکرد، کە دەوڵەتی سعودیەیە.

زۆر نموونەی ترمان هەیە لە دونیادا، نموونەی تەیموری ڕۆژهەڵاتمان هەیە کە بەشی هەرە گەورەی مەسیحین و لە ژێر دەستی ئیندۆنیزیا رزگاری بووە و 2002 سەربەخۆیی وەردەگرێت،

ئیندۆنیزیا گەورەترین دەوڵەتە کە زۆرینەی موسوڵمانە. جیاوازی دینی کاریگەری زۆری هەبووە، مەسەلەی باکوور و باشووری سودانمان هەیە.
نموونەی تری زیندوومان هەبێت لە ئاوێتەکردنی ناسیۆنالیزم بە دین، بەعسە، چۆن کاری لە ناو دیندا کردووە. بەعس نەك تەنها لە ڕێگەی میشێل عەفلەقەوە، میشێل عەفلەق وەکو تێکستی پیرۆز لە ناو بەعسدا کاری کردووە کە دامەزرێنەری بەعسە. پیاوێکی مەسیحی دێت ئایینی ئیسلام دەکاتە یەکێك لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکانی عروبە، پان عەرەبیزم، وەك چۆن ئەتاتورك، پان تورکیزم دێنێت، میشێل عەفلەق پان عەرەبیزم دێنێت، لە ناو دینی ئیسلامدا، عەفلەق ئەمە دەکا بە سەرچاوە، تەنانەت ئەو پێی وایە خودا لەبەر ئەوە نەتەوەی عەرەبی هەڵبژاردووە کە نەتەوەیەکی گەورەن، بۆچی نەتەوەیەکی تری هەڵنەبژاردووە؟ بۆچی دوو سەدەی تر ناردنی ئایینی ئیسلامی دوانەخست؟ لەبەرئەوەی پاڵەوانەکانی لە ناو عەرەبدا دۆزیوەتەوە، ئەوە ڕای میشێل عەفلەقە، لەبەرئەوەی عەرەبی وەکو پاڵەوان بینیوە، بۆ ئەوەی ئەو پەیامە بە ناو مرۆڤایەتیدا بڵاو بکاتەوە. بەعس دێ سوود لەمە وەردەگرێت، بەعسی عێراقی مەبەستمە، هەموو شەڕەکانی بەعس لەگەڵ دەرەوەی خۆی، لە ناوەوەی خۆیدا، لەگەڵ کورد، لەگەڵ شیعە، پەنا بۆ چەمك و مانا دینییەکان دەبات، ناوی شەڕەکان بە ناوی دینی ئیسلامەوە ناو دەنێت، هەتا لە تەکنەلۆجیای سەربازیشدا. ئێستا ئێرانیش هەر وا دەکات. ئامانج و مەبەستەکانی سەدام حسێن لە دونیای عەرەبیدا پشتیوانی گەورە بەدەست دێنێ، دێت بە خەتی خۆی (الله اکبر)ێك لەسەر پارچە پەڕۆیەك، لەسەر ئاڵایەك دەنووسێ، ئەمە بە تەنها نووسینی چەند وشەیەکی ئاسایی نییە، بەڵکو ئەمە کارکردنە لە ناو دین بۆ ئەوەی پێگەی بەعس، ناسیۆنالیزمی بەعسی لە ناو کۆمەڵگای عەرەبیدا بەهێز بکات، واتە بە وردی لە ناو کۆی پرۆگرامی پەروەردە و هەموو سێکتەرەکانی تری ژیانیشدا کاری جیدی لەسەر ئەمە کردووە.
لە ئەوروپا ڕەنگە یەکێك لە نموونە هەرە زیندووەکان هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیێت و یوگسلافیا بێت. لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستدا بەشێکی زۆر لە بیرمەندە گەورەکانی دونیاش پێیان وایە قۆناغی ناسیۆنالیزم ئیتر تەواو بووە و کۆتایی پێهات، چی دی ناسیۆنالیزم لە هیچ گۆشەیەکی دونیادا ئەو فیکرە نییە بتوانێت کۆمەك بە هیچ نەتەوە و کۆمەڵگایەک بکات، بەڵام پێچەوانەی ئەمە کاتێک یەکێتی سۆڤیێت هەڵدەوەشێت، نەتەوەکان

جیا دەبنەوە، هەریەکە دەچێتەوە ماڵی خۆی، ئیمپراتۆریەت هەڵدەوەشێ و دیسان دەسەڵاتی لۆکاڵی دروست دەبێتەوە، هەمووتان دەزانن کە ڕیفۆرمی ئایینی و دابەشبوونی دونیای مەسیحی بۆ خۆی هەنگاوێکی گرنگ بوو لەسەر پێدانەوەی شووناس بە جوگرافیا لۆکاڵییەکان، هەم زمانی نەتەوەیی، هەم کولتووری نەتەوەیی، لە بەرامبەر زمانی لاتینیدا، ئینیجل تەرجەمە کرا بۆ زمانی نەتەوەیی، چاپ و چاپەمەنی بۆ بڵاوبوونەوەی چاپەمەنییەکان بە نرخێکی هەرزان لە ناو کۆمەڵگا لۆکاڵییەکاندا بڵاوبووەوە. ئەوەی کە ئیندرسۆن دەڵێت ڕەگەزێکی گرنگی دروستبوونی مەسەلەی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم بوو، هەڵبەتە واشە، ئەوەی کە پێی دەڵێن سەرمایەداری چاپ، ئەم سەرمایەداری چاپە لە قۆناغی مۆدێرنە دێت، بەر لە قۆناغی مۆدێرنە نە چاپەمەنی هەبووە، نە چاپخانە، نە کتێب و نە بڵاوکراوە نە گۆڤار و ڕۆژنامە هەبووە، گۆڤار و ڕۆژنامە کۆمەڵگایەکی خەیاڵی لەسەر لاپەڕەیەك بۆ دروست دەکات، بێ ئەوەی یەکتری بناسیت، من لە دهۆکەوە ڕەنگە کەسێک ناناسم، بەڵام کە ئازارێکی پێدەگات، کە دەکەوێتە بەر هێرش و پەلامارێك، تۆش ئازار دەچێژی، ئەمە ئەو کۆمەڵگا خەیاڵییەیە کە لای تۆ دروست بووە، ئەمەیە کە ئەندرسۆن باسی دەکات.

### د. جەعفەر"ناسیۆنالیزم بە دوای دروستکردنی جوگر افیایەکی سنورداره، دین هەوڵی تێکشکاندنی ئەم سنورە و بڕینی دەدات"

## کورد لە دەرەوەی خۆیەوە دەخوێنرێتەوە

د. جەغفەر لە درێژەی قسەکانیدا وتی: من ویستم ئەو بابەتە گرێ بدەمەوە بە قسەکانی دکتۆر نەریمان کە باسی لە شەڕەکانی داگیرکاری و پەلامارەکانی ئیسلام کرد، لەو شەڕانەدا ئەوانەی ناویان هەیە جگە لە کورد، دەرەوەی کوردن، فارسە، ڕۆمە، ئیدی ئیسلامەکانن، ئەمە حەقیقەتێکە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەمیشە کورد لە دەرەوەی خۆیەوە دەخوێنرێتەوە، کورد لە دەرەوەی خۆیەوە دەنووسرێتەوە، لە سەردەمی ئیسلامبوونەوە تاکو سەدەی شانزە کورد وجودێکی نییە. وشەیەك هەیە بە ناوی کورد لە هەندێک لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا ناوی دەهێنن، بەڵام نازانین مانای چییە، ئەوان ناوت

دێنن، کورد خۆی نازانێ چییە، نازانێ بۆچی بەکاردەهێنرێت، کورد ئامادە نییە ئەمە بخوێنێتەوە، مەبەست لە چییە، کورد نازانێ. دواتر شەرەفنامە دێ، یەکەم کەسە کە بە زمانی کوردی کتێبێك دەنووسێت، باس لە بنەماڵەی کوردەکان و هەندێک لە میر و پاشایانی کورد و ململانێکان دەکات، ئەمە مێژوویەکە هەر گێڕانەوەیە و هیچی تر، شتێکی زانستی نییە. دوای ئەوە ئەحمەدی خانی دێ، دوای سەد ساڵێك مەم و زین دەنووسێت، پێش مەم و زین، نەوبەهارە بچووك دەنووسێت، وەك فەرهەنگیکە، عەرەبی کردووە بە کوردی، ئامانجی ئەوەیە وەکو ئەوەی خانی دەڵێت، ئامانج لە دانانی ئەو فەرهەنگە بۆ ئەوەیە منداڵانی کرمانج فێرکەین، ڕاستییەکەی لای خانیش ئەو سەرنجە هەیە، مەبەستی خانی لە کرمانج چییە، ئایا مەبەستی سۆرانی، گۆران، لوڕ و زازاشە، یان تەنها مەبەستی کرمانجە، ئەمەش پرسیارێکە تا ئێستاش پێویستی بە وەڵام هەیە، بە گەڕان لە ناو مەم و زیندا کە مەسەلەی کرمانج بەکاردێنێ، ئایا مەبەستی خانی لە مەسەلەی کرمانج چییە، کە خۆی کرمانجە، ئایا دەتوانین ئێمە بڵێین کرمانج یەکسانە بە کورد لەسەر ئەو لێکدانەوەیەی خۆمان، یان دەتوانین ئەمە بە بەڵگەوە بسەلمێنین، ئەم بەڵگەیە ونە، نازانین.

خانی هێندەی لە ناو دیندا ئیشی کردووە هێندە لە ناو ناسیۆنالیزم و نەتەوەدا کاری نەکردووە. دوای خانی، حاجی قادر دێ، حاجی قادر بە هەمان شیوە چەمکەکانی نیشتمان و نەتەوە تێکەڵ بە مەسەلەی نۆستالجیا دەکات، لەبەرئەوە وا پێشبینی دەکرێت ئەمەش پێویستی بە سەلماندن هەیە. ئەو شیعرانەی زیاتر رەگ و ڕیشەی نیشتمانی و نەتەوەییان تێدایە، حاجی لە ئیستەنبوڵ نووسیونی، دوای ئەوەی کە تێکەڵ بە دونیای مۆدێرنە و چاپەمەنی ئەوروپی دەبێ.


## د. جەعفەر"مەسەلەی ناسیۆنالیزم و دین لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا جۆرێك لە ئاوێتەبوونی تێدایە"

بە هەرحاڵ لە زۆر قۆناغی تردا ئێمە دەزانین مەسەلەی ناسیۆنالیزم و دین لە ناو کۆمەڵگای کوردیشدا جۆرێك لە ئاوێتەبوونی تێدایە، لە شۆڕشەکانی ئیمەدا، لە عوبەیدوڵڵاوە ئەمە دەست پێدەکات، عوبەیدوڵڵا کار لەسەر مەسەلەی چەمکەکانی نەتەوە و نیشتمان دەکات، کار لەسەر

جیاوازی دەکات. لەو نامانەی بۆ دکتۆر کۆچەرانی نووسەری ئەمەریکی دەنێرێت، نامەکان وجودیان هەیە و بۆ کوردیش وەرگێڕدراون، کە باس لەوە دەکات کە کورد نەتەوە و گەلێکی جیاوازە و تایبەتمەندی جیاوازی هەیە. شێخ سەعید بەپێی هەندێک لە بەڵگەنامەکان کە گوایە گوڵڵەبەندی بۆ سوڵتان عەبدولحەمید ناردووە، پەیوەندی پتەو هەبووە لە نێوانیاندا و سوڵتان عەبدولحەمید تەکیە و خانەقای بۆ کردوونەوە، بۆ مەحوی شاعیریشی کردووەتەوە. بە هەرحاڵ مەبەستم ئەوە بوو ئاوێتەکردنی ناسیۆنالیزم بە دین لە ناو مێژووی ئێمەدا تا ئەندازەیەك دەتوانم بڵێم لە شێخ عوبەیدوڵڵاوە دەستپێدەکات و لە سەردەمی شێخ مەحموود، لە سەردەمی شێخ سەعیدی پیران، لە سەردەمی قازی محەممەد بەردەوامی هەیە، تاوەکو ئەم چرکەساتەش، بەڵام بێگومان بەشێوەیەکی تر.

# ڕانانی کتێب

# ڕانانی کتێبی
# سەلەفیزمی نوێ و بەجیهانی بوونی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست




نووسین: ئەمیر عەباسی خوشکار - خوێندکاری دکتۆرای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی تاران
وەرگێڕان: ئارام مەحموود ئەحمەد

نەبیوڵا ئیبراهیمی یاریدەدەری پرۆفیسۆر لە بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی تەربیەت مودەریس، لەم کتێبەدا بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی چۆن ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیوەندی بە ئاسایشی جیهانییەوە هەیە، ئەم گریمانەیە دەخاتەڕوو: «گوتاری ئیسلامی سیاسی ڕادیکاڵ (سەلەفیزمی نوێ) وەك تۆڕێکی جیهانی بۆ هەڕەشەیەکی جیهانی گۆڕاوە، کە بە جیهانی بوونی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەدوادا هاتووە.

نووسەری کتێبەکە وەک ڕەخنە لە بەرهەمەکانی پێشوو، بانگەشەی ئەوە دەکات کە توێژینەوەکانی ڕابردوو ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان لە ڕوانگەیەکی دەرەکییەوە بینیوە و ئەو بە نیازە لە ڕوانگەیەکی ناوخۆیی و ناوچەییەوە و لە ڕووی شوناس و ئایینەوە لێیبڕوانێت.

کتێبی سەلەفیزمی نوێ و بە جیهانی بوونی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سێ بەشدا نووسراوە و هەریەکەیان چەند لقێکیان هەیە. نووسەر لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا بەناونیشانی چوارچێوەی تیۆری ئایین لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا لە دوو لقدا وێڕای ڕەخنەگرتن لە ڕەوتی سەرەکی و ماتریالیستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بانگەشەی ئەوە دەکات بۆ ئەوەی باشتر لە گۆڕانەکانی ناسنامە و واتاتەوەری دەوڵەتەکان و گرووپە بناژۆخوازەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێبگەین، پێویستە سەرنج بخرێتە سەر تیۆرەکانی وەک بوونیادخوازی کە لەگەڵ ڕوونکردنەوەی چوارچێوەی ناسنامەی کارەکتەرەکانی سەر گۆڕەپانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تیشکبخەنە سەر کارەکتەرە گرنگە نادەوڵەتییەکان.

نووسەری کتێبەکە بۆ هێنانە ناوەوەی هۆکارەکانی ئایین، ناسنامە و باوەڕ بۆ ناو گۆڕانکارییە ئاسایشییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سوودی لە تیۆری بوونیادخوازی و چەمکی (بە ئاسایشی بوون) لە قوتابخانەی کۆپنهاگن وەرگرتووە.

بەشی دووەمی کتێبەکە بەناونیشانی «ئیسرائیل، نەوت، تیرۆریزم و بە جیهانی بوونی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست» لە سێ لقدا نووسراوە. ئیبراهیمی لەم بابەتەدا سێ هۆکاری قەیرانی خاک لە ناوچە داگیرکراوەکان، بوونی نەوت و گاز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێویستی ڕۆژئاوا پێی و دروستبوونی گوتاری شوناسی تیرۆریستی جیهادی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەک هۆکاری گرنگ بۆ بەردەوام بوون و پەرەسەندنی قەیرانە ئاسایشییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێکدەداتەوە. بیرۆکەی «خاکی بێ گەل بۆ گەلێکی بێ خاک»، پشتگیریی ڕۆژئاوا بۆ ئیسرائیل

و هێنانە ناوەوەی ئیسلام وەک کێشەیەکی ئاسایشی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن ئیسرائیلەوە لە میدیا ڕۆژئاواییەکاندا لەو بابەتانەن کە نووسەری کتێبەکە بە هۆکاری بەردەوامی قەیرانی ئاسایشی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەستوەردانی زلهێزەکان لێکیدەداتەوە.
ئیبراهیمی بە پشتبەستن بە ئاماری سەرچاوە ڕۆژئاواییەکان، نەوت بە فاکتەرێک بۆ بە ئاسایشی بوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەژمار دەکات. لەم بەشەدا ئاماژە بەوە کراوە کە تا ساڵی ٢٠٢٠ پێویستی ڕۆژئاوا بە نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگاتە زیاتر لە ٤٠٪ و هاوپەیمانە ڕۆژهەڵاتییەکان، ئەوروپا و ئەمەریکا، وەک چین و ژاپۆن چاوەڕوانییەکی زۆریان لە یەدەگی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، لەبەر ئەوە ئەم ناوچەیە لە هاوکێشە ئاسایشییەکانی ڕۆژئاوادا جێگەیەکی گرنگی گرتووە. لە پاڵ هۆکارە ئاماژە پێکراوەکان، گەشەی ئیسلامی جیهادی بناژۆخواز بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژئاوا یەکێکە لەو هۆکارانەی دیکە، کە لەگەڵ ئەو دوو هۆکارەی تر کە باسکراون، بوونە هۆی بە ئاسایشی بوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
لە بەشی سێهەمدا لەژێر ناونیشانی گوتاری ئیسلامی سیاسی سەلەفی و بە جیهانی بوونی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە چوارچێوەی پێنج لقدا، بۆ هۆکار و ڕەهەندەکانی بە جیهانی بوونی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تیشکی خستووەتە سەر گرووپە سەلەفییە جیهادییە نوێیەکان. نووسەر، ئیسلامی سیاسی لە بەرامبەر ڕۆژئاوا دادەنێت و پێیوایە ئیسلامی سیاسی بە خستنەڕووی لێکدانەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بۆ ئیسلام ڕووبەڕووی ڕۆژئاوا بووەتەوە. نووسەر لە شوێنپێهەڵگرتنی ڕەگ و ڕیشەی سەلەفیزم بە دوای دوو کەسایەتی گرنگی ئەم ڕەوتە، سەید قوتب و عەبدولسەلام فەرەج-دا دەڕوات.
نووسەری کتێبەکە قاعیدە لە قاڵبی ئیسلامی سیاسی ڕادیکاڵ (سەلەفی نوێ) بە نوێنەری دیاری ئەم لقەی گوتاری ئیسلامی دەزانێت. لە چوارچێوەی مامەڵەی ئیسلامی سیاسی جیهادی ڕادیکاڵ و بە جیهانی بوونی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لاوازی و هەستیاری ئاسایشی ڕۆژئاوا لە مامەڵە کردن لەگەڵ گرووپە جیهادییەکاندا بەرجەستە بوونێکی تایبەتی لە هەڵێنجانەکانی ئیبراهیمیدا هەیە.

## گەشەی ئیسلامی جیهادی بناژۆخواز بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژئاوا یەکێکە لە هۆکارەکانی بە ئاسایشی بوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

بەکارهێنانی تۆڕە مەجازییە جیهانییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی توندڕەوی و پلاندانان بۆ کردەی خۆکوژی و دەستگیرکردنی ئەندامەکانیان لە وڵاتانی وەک نەرویج، ئەڵمانیا و ئەمەریکا، لەو هۆکارانەن کە نووسەر بۆ بە جیهانی بوونی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشتیان پێدەبەستێت.

ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەری ١٠٠٢ و شەڕی ١٩٩١ و ٣٠٠٢ی عێراق و بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم کە بە شێوەیەکی سەرەکی تیشکی خستووەتە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەک نموونەی تری بە جیهانی بوونی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کتێبەکەدا باسکراون.

نووسەر لە بەشی کۆتایی کتێبەکەدا باسی لە پێشهاتەکانی ڕابوونی ئیسلامی کردووە و چەند خاڵێکی لە بارەی شکستی هێزە سەلەفییە میانەڕەوەکان لە میسر و سەرهەڵدان و ڕادیکاڵ بوونی گرووپە بناژۆخواز و توندڕەوەکان لە لیبیا و سوریا و عێراقدا باسکردووە.

**ڕەخنە لە کتێبەکە:**

1-سەرەڕای ئەو بانگەشانەی لە پێشەکیدا کراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕوانگەی ناوچەیی و شوناس – باوەڕ، نووسەری کتێبەکە شکستی هێناوە لە ڕوونکردنەوە و سەلماندنی بانگەشەکەی خۆی. لەڕووی میتۆدۆلۆژییەوە، ئیبراهیمی تایبەتمەندییە شیکارییەکانی بوونیادخوازی لە ڕوونکردنەوەی کەیسی لێکۆڵینەوەکەیدا، واتا ناسنامەی ڕەوتە جیهادییە سەلەفییە نوێیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەبێ سوودوەرگرتن لە تێڕوانینە تەسکەکانی ئەم تیۆرە و بەکارهێنانی ورد و تەواوی ئەو، تەنها وەک ڕووکار لە سەرەتای کتێبەکەیدا باسی کردووە.

### نووسەر پێیوایە ئیسلامی سیاسی بە خستنەڕووی لێکدانەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بۆ ئیسلام ڕووبەڕووی ڕۆژئاوا بووەتەوە

ئەو سەرچاوانەی نووسەری کتێبی سەلەفیزمی نوێ و بە جیهانی بوونی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکاریهێناون، بە شێوەیەکی سەرەکی ڕۆژئاوایین و پەیوەندیان بە نیگەرانی ئەورووپی و ئەمەریکییەکان لە بارەی بە ئاسایشی کردنی ئیسلامی سیاسی و هەڕەشەی هێزە دژە سیستمەکانە. تێڕوانینی ئیبراهیمی بۆ سەرچاوە ناوخۆییە پێکهێنەرەکانی ناسنامەی توندڕەویخوازی جیهادی

کەمن و سنووردارن لە باسکردنی چەند کەسایەتییەکی دامەزرێنەری سەلەفیزم لە مێژووی ئیسلامدا. ڕوانین لە دەرەوە بەپێی تێڕوانینی ڕۆژئاوا تەوەری، لە سەرجەم دێڕەکانی کتێبەکەدا بەرچاو دەکەوێت.

**ئەم کتێبە دەتوانێت وەک توێژینەوەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵناسی سیاسی گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەسوود و کاریگەر بێت**

2-دیاردەی داعش کەیسێکی سەرنجڕاکێش و گرنگە بۆ ڕۆڵی کاریگەرانەی حکومەتە ڕادیکاڵەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەڵوێستی دووفاقی ڕۆژئاوا بۆ مامەڵەکردن و پشتیوانی کردنی گرووپە جیهادییە توندڕەوەکان. ئەم گرووپانە بە کەڵک وەرگرتن لە چەک و سەرچاوە داراییەکانی عەرەبی-ڕۆژئاوایی پڕچەک کراون و درێژە بە مانەوەیان دەدەن. ڕادیکاڵە سەلەفییەکان لە سووریا، عێراق، لوبنان و پاکستان نموونەی دیار و بەرچاوی پشتیوانی و کاریگەریی حکومەتەکانن لە قۆستنەوەی گرووپە تیرۆریستییەکان بۆ لاوازکردنی حکومەتە ڕکابەرەکان و بەڕێوەبردنی شەڕی بە وەکالەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. شیکاری و چوارچێوەی ڕوونکردنەوەی ئیبراهیمی لەم کتێبەدا هەڵوێستی وڵاتانی پشتیوانی هێزە ڕادیکاڵەکان بە کەم دەزانێت.

بە بۆچوونی نووسەری ئەم بابەتە، کتێبی سەلەفیزمی نوێ و بە جیهانی بوونی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەرەڕای ئەو بیرۆکە گرنگ و نوێیانەی لەخۆی دەگرێت، بە هۆی سوود وەرنەگرتنی گونجاو لە تیۆری بوونیادخوازی و لاوازی لە کۆکردنەوەی سەرچاوەی دەستی یەکەم و ڕەسەن و پشتگوێخستنی ڕۆڵی حکومەتە عەرەبی و ڕۆژئاواییەکان لە بەهێزکردنی گرووپە جیهادییەکان، کەموکورتی زۆری هەیە. بەگشتی ئەم کتێبە دەتوانێت وەک توێژینەوەیەک بۆ دەستپێک و پێشەکییەک بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵناسی سیاسی گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەسوود و کاریگەر بێت.

**سەرچاوە:** https://www.scfr.ir/fa/202/11587/

# زاراوەناسی

# جێنشینایەتی (الخلافة)

د. فاتیح سەنگاوی

جێنشینایەتی (الخلافة) کە ئیمامەتیشی پێ دەوترێت، ڕیشەکەی لە(خَلَفَ)ەوە وەرگیراوە کە باسە لە بەدواداهاتن و جێگەگرتنەوە، کەسەکەش بۆیە پێی وتراوە خەلیفە، چونکە شوێنی ئەوەی پێش خۆی دەگرێتەوە، جێنشینایەتی (الخلافة) ناو و چاوگە بۆ کاری جێنشینێتی، ئەمە واتا زمانەوانییەکەیەتی لە فەرهەنگەکانی زماندا، لەگەڵ ئەم واتایەشدا فەرهەنگەکانی زمان ئاماژە دەدەن بە خیلافەت وەکو سەرۆکایەتی و ئیمامەت، بەڵام ئەمەیان زیاتر وەرگرتنە لە کتێبەکانی (ئەحکامی سوڵتانیی)، کە دواتر هاتووەتە نێو کتێبەکانی زمانەوە

هەرچی قورئانیشە بە واتا زمانەوانییەکەی ئەم بێژەیەی بەکارهێناوە، بەڵام ناوک و سیاقی تری ئایینیی و ژیاریی پێداوە، لەو دەربڕینانە (استخلف)[1] و **بێژەی (خلیفة)** (خلائف) و **(خلفاء) و اتاکانیان لە بازنەی دانانی جێنشینێکە لە زەویدا** کە ئامادەمە و ئاوەدانکردنەوەیەتی و جێگرتنەوەی کەسانێکی ترە بە باشتر و ئەنجامدانی ئەرکە ئایینییەکان و دادوەری و حوکمکردنە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە[2]. **لە سونەتیشدا فەرمووودەی سەحیح هاتووە (لە سەحیحی موسلیم و زنجیرەی فەرمووودە سەحیحەکانی ئەلبانی) دا، کە بێژەی (خلفاء)** و (الخلافة) نزیک، یان وەک ناوەرۆکە سیاسیی و سوڵتانییەکەی بەکارهاتووە، بەڵام پێدەچێت لەو سەرەتایەوە وەکو چەمک و زاراوەیەکی دیاریکراوی یەکلا لە ئارادا نەبووبێت، هەر بۆیە ئەبوبەکر ناوی خەلیفە و عومەر ناوی ئەمیری باوەڕداران بووە

بەڵام دواتر وەک هەموو زاراوەکانی زانست و بوارە جیاوازەکان، ئەم زاراوەیەش جێگەی خۆی گرت و پێناسەی بۆ کرا، بۆ نموونە زاراوەی خیلافەت لای ئیبن خەلدون (٧٣٢-٨٠٨) بریتییە لە: فەرمانڕەوایی کردنی خەڵک بەپێی تێڕوانینی شەرعی بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی دونیا و دواڕۆژ، چوونکە کاروباری دونیا هەمووی لای گشتیی خەڵك گوزارشتە لە بەرژەوەندییەکانی دواڕۆژ، هەر بۆیە خیلافەت لە ڕاستیدا جێنشینێتی خاوەنی شەرعە لە پاراستنی ئایین و بەڕێوەبردنی دونیا بەپێی ڕێنماییەکانی»[3]، پێدەچێت

---

١-الأنعام: الآية ١٣٣، الأعراف: ١٢٩، هود: ٥٧، النور: ٥٥١.

٢- البقرة: ٣٠، ص: ٢٦. الأنعام: ١٦٥، يونس: ١٤،يونس: ٧٣، فاطر: ٣٩، الأعراف، : ٦٩.

٣- ابن خلدون، المقدمة، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، ط٩، ٢٠٠٦م-١٤٢٧،ص١٥١.

ئیبن خەلدون برگەی کۆتایی ئەم پێناسەیەی لە ماوەردی (٣٧٠-٤٥٠) وەرگرتبێت[٤]، جوەینی (٤١٩-٤٧٨)یش پێناسەی ئیمامەت وەها دەکات کە: سەرۆکایەتییەکی تەواو و سەرکردایەتییەکی گشتییە و پەیوەندی هەیە بە تاک و کۆمەڵەوە لە کاروبارە گرنگەکانی دین و دونیا[٥]، لە سەدەمی نوێشدا محەممەد ڕەشید ڕەزا لە پێناسەی ئەم زاراوەیەدا دەڵێت: سەرکردایەتییەکی گشتیانەی حکومەتی ئیسلامییە لەپێناو بەرژەوەندی دین و دونیا[٦]

پوختەی ئەم پێناسانە ئەوە دەگەیەنێت کە ڕۆڵی جێنشینایەتی (خیلافەت) پاراستنی بەرژەوەندی دین و دونیای خەڵکییە، بەمەش دەسەڵاتەکەی ئایینی و سیاسییە، شوێنگرەوەی پێغەمبەرێتییە لە بەڕێوەبردنی دونیا و کاروباری دینییدا. قسەکردن لە سەر ئەم زاراوەیە و ڕەهەندە مێژوویی و ئێستاییەکانی و تاوتوێ کردنی خیلافەت وەکو سیستمێکی دەسەڵات و جێگیریی و گۆڕاوی باسوخواسێکە زیاتر پێویستە و لێرەدا بەم پوختەیە خراوەتەڕوو.

## بەکافردانان
## کافر اندن (التکفیر)

بەکافردانان (التکفیر) لە ڕیشەی (کفر)ەوە وەرگیراوە، بەخوێندنەوە و سەرنجدانی فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی ئەوە دەردەکەوێت کە ئەم وشەیە بەواتای (داپۆشین - الستر والتغطیة) دێت[٧]، کاتێکیش سەرنجی قورئان دەدەیت و لە واتا قورئانییەکانی ئەم بێژەیە ڕادەمێنیت، دەبینیت هەمان واتا زمانەوانییەکەی هەیە، بەڵام کاتێک لە ناوک و (سیاق)ی دەقەکاندا هاتووە، واتای تری لێبارکراوە و گۆڕاوە و گەشەی کردووە و بووەتە زاراوەیەک هەڵگری واتای تری وەکو (دژەباوەڕ، ناسوپاسگوزاری و نکۆڵی لە نیعمەت، نکۆڵی لە یەکتاپەرستی و واتای تری)[٨] لەخۆگرتووە.ئەوەی لێرەدا مەبەستە، زاراوەی (تکفیر)ە و لەسەر کێشی (تفعیل)ی عەرەبییە، لە کوردیدا دەتوانین بە (کافراندن، بەکافردانان، یاخود بەکافرکردن) وەریگێڕین، وەکو

٤- الماوردي، أبو الحسن علي بن محمد بن حبيب (٣٦٤-٤٥٠هـ): الأحكام السلطانية والولايات الدينية، دار الكتاب العربي، بيروت-لبنان، ص٢٩.

٥- الجويني، أبي المعالي عبد الملك بن عبد الله، غياث الأمم في التياث الظلم، مطبعة نهضة مصر،ص٢٢.

٦-رضا، محمد رشيد: الخلافة، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة، القاهرة ص ١٧.

٧-لە دە فە رهە نگی سە رە کی زمانی عە رە بیدا کە بە دوایداچووم ئە م واتایە جە ختی لە سە ر کراوە تە وە..

٨-بە وانە: فاتح محمد سليمان، التطور الدلالي لمصطلحات العقيدة، بيروت، لبنان، دار الكتب العلمية، ط١، ص٣٥٩-٣٦٤.

زاراوەیەکیش دەکرێت لە ڕوانگەی جیاوازەوە بیناسێنین، بۆ نموونە: حوکم و بڕیاردانە بەسەر بیروباوەڕێک، وتە و گوفتارێک، یاخود کارێک، یان کەسێک بە لە ئایین دەرچوو، ئەگەر مەرجەکانی کوفر و کافرێتی تێدا بەدیهاتن و ڕێگرییەکانی کافر نەبوونیش لە ئارادا نەبوون. کافراندنیش دەبێتە دوو بەشەوە:

یەکەم: کافراندنی ڕەها (کافراندنی وەسفکراو). بۆ نموونە کافراندنی هەر بیروباوەڕێک، یان وتە و گوفتارێک، یاخود کارێک کە دژ و نکۆڵیکاری بنەما و ئەسڵێکی ئیسلام بێت، کە حوکمەکەی بە قورئان و سوننە و ئیجماع سەلمابێت، هاو وێنەی: نکۆڵی کردن لە بوونی خوا و گومان لە پەیامبەرێتی.

دووەم: کافراندنی کەسی دیاریکراو، ئەمەش بڕیاردانە بە کوفری کەسێک کە مەرجەرکانی کافر بوونی تێدا بێت، ڕێگرییەکانی وەکو نەزانین، زۆرلێکردن، هەڵە، تەئویل و بێتوانایی لە ئارادا نەبێت،[9] بەڵگە و حوجەی پێگەیشتبێت[10]. کافراندن زیاتر لە چوارچێوە و بازنەی بەکافردانانی مسوڵماناندا بەکار دێت و بەکارهاتووە، هەر بۆیە یەک لە پێناسەکانی وەکو ئەنجامگیری: حوکمدانە بەوەی (کەسێکی مسوڵمان لە ئایین هەڵگەڕاوەتەوە)[11] و تەکفیرییش ئەو کەسەیە کە خۆپارێزی نییە و خێرایە لەم جۆرە بڕیاردانەدا، لە مێژووی کۆندا خەواریجەکان و لە سەردەمی نوێشدا تەکفیرییەکان نموونەی ئەم جۆرە تێڕوانینەن و زیادەڕەویان کردووە لە کافراندنی مسوڵماناندا.

کافراندن و زیادەڕەوی تێداکردنی و دەرکەوتنی وەکو ڕەوتێک لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانەوە لەبەر چەندین هۆکاری سیاسی و فیکری دەرکەوت، تا ئێستا وەکو فیکر و ئاراستەیەک بوونی هەیە و هۆکاری بەشێک لە توندوتیژییەکان و پاسا و بۆهێنانەوەیەتی، لە کاتێکدا ئەم حوکمدانە بڕیارێکی قورسە و چەندین لێکەوتەی کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری و کولتووریی هەیە، هەربۆیە چەندین زانای کۆنی وەکو جوەینی، ئەبوحامیدی غەزالی، سوبوکی و چەندین زانای تری سەردەم وەکو حەسەن هۆزەیبی، غەزالی، ئەلبانی، بۆتی و قەرزاوی، جگە لەمانەش مسوڵمانانیان ئاگادارکردووەتەوە لە مەترسی کافراندنی مسوڵمان و لێکەوتەکانی و ئەو کاریگەرییە مەترسیدارانەی بەجێی دەهێڵێت لە نێو کۆمەڵگەی مسوڵمان و کۆمەڵگەی مرۆییشدا.

---

٩-مجموعة من المؤلفين، معجم مصطلحات العلوم الشرعية، السعودية، مدينة الملك عبدالعزيز للعلوم والتقنية، ١٤٣٨-٢٠١٧، ط٢، ص.٥٣٢.

١٠-عامر عبدالله فالح، معجم ألفاظ العقيدة، السعودية، مكتبة العبيكان، ط١، ١٤١٧-١٩٩٧، ص٩٥.

11-https://islamic-content.com/dictionary/word/3322

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

















English
کوردی
العربية
دەربارەی ئێمە
توێژەران


ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
www.centerfs.org
حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان
ئایار 2020
www.centerfs.org
الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية
ISSN: 2617-0949 (Online) ISSN: 2617-0930 (Print)
DOI: https://doi.org/10.31271/jopss
Issue DOI: 10.31271/020419
Actors, Conflict, and Competition in Iraq's Disputed Territories After the Islamic State: The Cases of Northern Diyala and Eastern Salahaddin
مستقبل الحوارات والاتفاقيات
www.centerfs.org





THE FUTURE OF
KIRKUK
between Erbil and Baghdad
2017-2018


نیسان 2020


سەرهەڵدانەوەی
گرووپە تیرۆریستییەکان
2019


ئایندەی کەرکوک
لەنێوان هەولێر و بەغدا




The Reemergence of the
Terrorist Groups
in the Disputed Territories
2019


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة محكمة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية




انتعاش الجماعات الارهابية
في المناطق المتنازع عليها
2019



# وەرزنامەی
# ئایینناسی

CFS

گۆڤارێکە گرنگی بە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

ژمارە (١) ساڵی یەکەم، کانونی دووەمی ٢٠٢٣